
گەڕان بە دوای بووندا
یۆتۆپیای ئازادی
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
عەتا قەرەداخی

# گەڕان بە دوای بووندا

## یۆتۆپیای ئازادی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

عەتا قەرەداخی

سلێمانی \ ٢٠٠٢

**ناوی کتێب**: گەڕان بە دوای بووندا

**ناوی نووسەر**: عەتا قەرەداخی

**بابەت**: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

**مۆنتاژ**: جەمال حسەین

**هەڵەچن**: مهاباد ڕەحیم فەرەج

**تیراژ**: ٤٠٠ دانە

**ژمارەی سپاردن** :٣٨٢ی ٢٠٠٢

**زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ( )**

**www.sardam.org**

## پێشەکی:

خوێنەری خۆشەویست "گەڕان بە دوای بوون دا، یۆتۆپیای ئازادی" بەشێکە لەو کارانەی ناوبەناو لە ماوەی ڕابردوودا لەسەر بەشێك لە شیعری نوێی کوردی ئەنجامم داون، کە دەشێ بڵێم وەکو بەشی سێیەم وایە لە دوای کتێبی "گەڕان بە دوای یەقین" و "گەڕان بە دوای ناسنامەدا". کە لە ڕووی میتۆدی کارکردنەوە زیاتر میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاریم لەبەرگرتووە، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەی کە پێم وایە کارکردن بە میتۆدێکی سنوور فراوانی وەکو میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری ئەو بوارە فەراهەم دەکات کە لە ڕووبەرێکی فراوانتردا کار لەسەر دەقەکان بکرێت. دیارە لەم کارەشدا بە پلەی یەکەم کار لەسەر دەقەکان کراوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە سوود لە ڕەگەزەکانی تری دەرەوەی دەق وەرنەگیراوە، نەخێر، بەڵام بە گشتی لەم کارانەدا هەوڵمداوە لەناو دەقەکانەوە بەرەو دەرەوەی دەقەکان بجوڵێم، نەك واقیعی دەرەوەی دەقەکان بگوازمەوە بۆ ناو دەقەکان، چونکە پێم وایە دەقی زیندوو بارگەکراوە بە مانا و دەلالەتی جۆراوجۆرو هەڵگری پرسیاری نەگوتراو، کاری شیکردنەوەی ڕەخنەیی دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەو شێوازی ئاڕاستە کردنیانە.

ئەم کتێبە خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەکە لە شیعری زیاتر لە نیو سەدەی ئەدەبی کوردی زاری سۆرانی، کە لەو بوارەشدا خۆی بە بەرهەمی ئەو شاعیرانەوە خەریك کردووە کە وەکو دەنگی دیار دەرکەوتوون یان هەندێکیان چاوەڕوانی ئەوەیان لێکراوە کە ببنە دەنگی تایبەتی لە شیعری کوردیدا، ئەگەرچی هەندێکیان لە ئاستێکدا وەستاون و توانای بەرەو پێشەوەچوونی زیاتریان نەبووە، دیارە هۆی ئەوەش ئاشکرایەو پەیوەندی بە دوو هۆی سەرەکییەوە هەیە. کە یەکەمیان نەبوونی یان کەمی سامانی فیکری و مەعریفییە بە ئەندازەیەك کە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کورد نازانن چەمکی شیعر چییەو شیعریەت چییە، بەڵکو لە ڕێگای تەنیا خوێندنەوەی ئەزموونی شیعری شاعیرانی نەتەوەکانی ترەوە دەستیان داوەتە شیعرنووسین.

هۆكـاری دووەم لاوازیـی توانـای سەركێشـی و موجازەفەیـە لای شـاعیرانی كـورد. شـاعیرانی كـورد مەگـەر بـە دەگمـەن ئـەگینا ئـەو توانـای سەركێشـیەیان نـیـە كـە بـە سەركێشی و موجازەفەی شێواز و جیهانبینی ناودەبرێت، واتە ناتوانن لە دوای شـێواز و جیهانبینی جیاواز بگەڕێن، مەگەر بـە دەگمـەن ئـەگینا نـازانن شـوێنی زمـان و مامەڵـە كـردن لەگـەڵ زمـاندا چ ڕۆڵێكی هەیـە لـە كـاری بەرهـەم هێنـانی شـیعر و شـیعریەتدا. ئەگەر سەرنجی ئەزموونی (گۆران) بۆ دواوە بدەین دەبینین لە ڕووی شێوازی شیعری و زمانی شیعری و پرسیاری شیعرییەوە تاكو سـەرەتای حـەفتاكان و شـاعیرانی حـەفتاكان هێڵی جیاكەرەوە لە نێوان شاعیراندا نییە، هێڵێك كە ببێتە بنەما بـۆ بڕیـاردان لەسـەر جیاكردنەوەی هەوڵەكان لە یەكتری.

ئەگەر لە سەرەتای حەفتاكانیشەوە بۆ دواوە سەیر بكەین دەبینین لە ڕووی شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعرییەوە هەمان شێوازی شـیعری و هـەمان جیـهانبینی شیعری باڵادەستە كە لە نێوان شاعیرەكاندا خاسێتی جیاوازی لەو ئاستەدا نییە كە هـەر دەنگـە وەكو ئـەزموونێكی تایبـەت سـەیر بكرێت، بـۆ نموونــە شــاعیرە دیارەكـانی حــەفتاكان بەوانـەی ڕوانگـەو بەوانـەی دەرەوەی ڕوانگەشــەوە لــە ڕووی شــێواز و جیهانبینیـیــەوە جیـاوازی ئـەوتۆ تیـایدا نادۆزرێتـەوە كـە هەریەكـە بـە دەنگێكـی جیـاواز و سـەربەخۆ دابـنرێت، بـەڵكو تاكـە خـاڵێك كـە یـەكێكیان دەخاتـە پێـش ئـەوانی تریانــەوە ئاسـتی بەشداری و باڵادەستییەتی لە بەرهەم هێنانی ئەو شێواز و جیهانبینییەدا، بـۆ نموونـە ئـەو گوتـارە شـیعرییەی كــە بەشـی هــەرە زۆری بەرهــەمی شــاعیرێكی وەكـو شـێركۆ كۆدەكاتـەوە هـەر هـەمان گوتـارە كـە شـیعری ڕەفیـق سـابیر و ئـەنوەر قـادر و عــەبدوڵا پەشێو و تەنانەت بەشێكی زۆری بەرهەمی حەسیب قەرەداخی و تا ئەندازەیەك لەتیف هەڵمەتیش بەرهەمیان هێناوە، بەڵام زیاتر دەركەوتنی شێركۆ پەیوەندی بە كاركردنی فراوانـتر و مـەودا قوڵتریـەوە هەیـە لـەو بـوارەدا، ئـەگینا لـە ڕووی شـێوازی شـیعری و جیـهانبینی شـیعریەوە هــەموویان لــە ڕووبــەڕێكدا كاریــان كــردووە و لــە ئــەزموونی هەریەكەشـیاندا سـیمای سەركێشی و موجازەفـە نـە لـە شـێواز و نــە لــە جیــهانبینیدا نابینرێت. هەر بۆیە ئەگەر سەرنجی ئەزموونی هەریەكە لەم شاعیرانە بدەیت، هەست

دەگەیت زیاتر هەمان ڕوانین و هەر جارەی بە جۆرێك دەخرێتە سنووری دەقێكەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەكات كە قەیرانی ڕوانینی جیاواز هۆكاری مانەوەی شیعری كوردیە لە سنوورێكی داخراودا، سنوورێك كە لەگەڵ چەمكی شیعر و شیعریەتدا ناكۆكە، چونكە شیعر ئەو ڕەگەزە ئەدەبیەیە كە بەرهەمی خەیاڵ و نەستەو جۆرێكە لە دروستكردنی یۆتۆپیا، ئەمەش مانای ڕوخاندنی هەموو سنوورێك دەگەیەنێت.

ئەم لێكۆڵینەوەو شیكردنەوانەی لەم كتێبەدان ئەو هاوشێوەیی و هاو بۆچوونیە لە ئاستی نەبینراوی دەقەكاندا دەردەخەن كە دەیسەلمێنن جۆرێك لە یەك ئاڕاستەیی و تاك ڕوانین لە ئەزموونی شیعری ئێمەدا بالادەستە و بە گشتیش شیعری ئێمە بە تایبەتی دەنگە دیارەكانمان شیعریان كردۆتە هەلگری پەیامی كۆمەلایەتی و سیاسی و مێژوویی كە بێگومان باری مێژوویی و سیاسی و كۆمەلایەتی كوردی لەو ڕوانگەیەوە دەوری كاریگەری بینیوە. داگیركردن و دابەشكردنی كوردستان و مانەوەی كورد بە ژێردەستەیی هەر لە قۆناغی سەرهەلدانی هەستی نەتەوەییەوە وایكردووە كە شیعر بە تایبەتی و ئەدەب بە گشتی دەوری چەكی بەرگری ببینێت بە تایبەتی لە كاتێكدا كە ئێمە خاوەنی ڕۆشنبیریەكی لاواز بووین و جگە لە شیعر شتێكی تری ئەوتۆمان نەبووە لە بواری ڕۆشنبیریدا ئەو دەورە ببینێت، بۆیە هەر لە قۆناغێكی زووەوە شیعری كوردی ئەركێكی سیاسی مێژوویی كەوتۆتە ئەستۆ، ئەمەش قۆناغ بە قۆناغ هاتووەو تاكو ئێستاش بەردەوامە، بەلام دیارە شێوازی دەربڕینەكەی جیاوازە، ئەو شێوازەی حاجی قادر بۆ گوزارشت كردن لە مەسەلەی نەتەوایەتی بەكاری هێناوە جیاواز بووە لە شاعیرانی قۆناغی گۆران و ئەوانەی قۆناغی گۆرانیش جیاواز بوون لە قۆناغی حەفتاكان، بێگومان ئەو شێوازەی دەربڕینیش كە كەریم دەشتی و هەندێ دەنگی تریش كە ئێستا بۆ بەرهەم هێنانی هەمان گوتار كاری پێدەكەن جیاوازە لە شێوازی حەفتاكان، بەلام ئەو جیاوازییە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی كە وەكو دوو ئەزموونی خاوەن سیماو خاسێتی دیار سنوور لە نێوانیاندا دابنرێت، هەر لەسەر بنەمای هەمان تێڕوانینە كە ئێمەش شێوەی لێكۆڵینەوەكانمان نەك هەر لەم كتێبەدا بەڵكو لە كتێبی "گەڕان بە

دوای ناسنامە"شدا پێکەوە کۆکردۆتەوە و دەنگە دیارەکانی چەند نەوەیەکمان خستۆتە بەردەم لێدوان بە مەبەستی دیاری کردنی گوتاری شیعرییان.

بێگومان هیچ کارێك تەواو و بێ کەموکورتی نابێت، ئەم کتێبەش بە هەمان پێودانگ بێ کەموکورتی نییە، بەڵام ئەوەی بۆ من وەکو هاندەرێکە ئەوەیە کە لە ماوەی شەش حەوت ساڵی ڕابردوودا لەو گفتوگۆیانەی کە لەملاو ئەولا گۆڤار و ڕۆژنامەکان کردویانە لەگەڵ نووسەران کۆدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە کە کارەکانی من وەکو ڕەخنەی جدی ناودەبەن.. دیارە ئەوەش مایەی خۆشیە بۆ من و هەم هاندەریشمە بۆ ئەوەی زیاتر خەریك بم.

**نووسەر ٢٠٠٢/٣/٢١**

## به ئایین کردنی سروشت له شیعری "دیمەنێکی بەهار"ی گۆران دا

گۆران ئەو شاعیرەیە کە قسەی زۆری لە بارەوە کراوە، بەڵام کاری جدی و پەیوەست بە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەوە لەچاو ئەو هەموو قسەیەی کە کراوە کەمە، هەروەك پێشتریش لەو کتێبەماندا کە لەسەر شیعری گۆران بە چاپمان گەیاندووە لەوە دواوین هەر قسەکردنێك لە دەرەوەی بەرهەمەکانی گۆران و دوور لە شیکردنەوەی بنیادی دەقەکانی نەك هەر خزمەتی ئەم شاعیرە ناکات بەڵکو دەبێتە ناهەقی لێکردنیشی، کە بە داخەوە زۆربەی ئەو قسانەی لە بارەی ئەم شاعیرەوە دەکرێن بە ناوی دڵسۆزی بۆی و نزیکی لێیەوە دەچنە سنووری ناهەقی ئەدەبیەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەو نووسینانەی دەربارەی گۆران بڵاوکراونەتەوە بە تایبەتی نووسینەکانی نەوەکانی پێشوو جگە لە نووسینی ئینشا هیچی تر نین، دووەمیان زۆرێك لەوانەی قسە لەسەر گۆران دەکەن خۆیان بە میراتگری گۆران دەزانن، گوایە لەبەرئەوەی خۆیان بە هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆژیای سیاسی گۆران دادەنێن و پێیان وایە گەورەیی گۆران لەبەرئەوەیە کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای حیزبی شیوعی بووە. بەهەرحاڵ لێرەدا مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو ئایدیۆلۆیایەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە گۆران شاعیری سروشت و ئافرەت و جوانییەو هەموو ئەو شیعرانەی گۆران کە لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژی حیزبی شیوعیدا نووسراون، یان باسی کورد و کوردایەتی دەکەن لە ڕووی هونەری و شیعریەت و چەمکی شیعرەوە بەهایەکی ئەوتۆیان نییە و لە بەرهەمە هەرە لاوازەکانی گۆرانن.

توێژەرو ڕەخنەگری خاوەن ڕۆشنبیری و خاوەن جیهانبینی لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەوانەن کە بەرهەمە داهێنراوەکانی ئەم شاعیرە لە دەقە مردووە سیاسیەکانی جیادەکەنەوە، کاتێ گۆران شیعری سیاسی و کوردایەتی و شیعر لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیادا دەنووسێت دادەبەزێت بۆ ڕیزی ئەو چەندەها نووسەرەی کە بە سادەیی لەو بوارەدا دەنووسن، بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ دواندنی سروشت و ئافرەت و جوانی

و نهێنیـیەکانی نـاخی مـرۆڤ و گـەردوون ئـەوا دەبێتـە ئـەو شـاعیرەی کـە پـێی دەڵێـن خاوەنی ئەزموون کە ئەویش بە ئەزموونی گۆران بەناوبانگە. هەر لێرەوە هـەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی یەکێك لـەو شـیعرانەی گـۆران بکـەین کـە پـەیوەندی ئـەم شـاعیرە بـە سروشـتەوە بەرجەسـتە دەکات، پەیوەندییـەك کـە لـە سـنووری چـەمکی ئـەنتۆلۆژیای نێوان سروشت و مرۆڤـدا خـۆی دەبینێتـەوە بـەو مەبەسـتەی کـە مـرۆڤ دەبێتـەوە بـە بەشێك لەو پێکهاتەیەی کە تیایدا دەشێت پێناسەی ڕووت بوونەوەو داماڵین لـە هـەموو ئاسـەوارەکانی ژیـانی بکـات و لـەوێدا وەکـو ئەسـڵ ئـەم بوونــەوەرە دەربکـەوێت کـە سەروەری گەردوونە و لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو یاساو نهێنییەکانی جوڵەی ئـەم گەردوونەدایە. ئەو شیعرەش "دیمەنێکی بەهار"ە.

**دەقی شیعرەکە :**

ئەم لا یەك پەڵە، ئەولا یەك پەڵە: هەوری ڕەنگاو ڕەنگ،
لە ناوەڕاستا: بە دەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ!
سەوزە گیا پاراو، گوڵ و گوڵاڵە مەستی ڕەنگ و بۆ،
درەخت تازە شین، سەر لق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ..
سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مرواریی ئاونگ،
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتکێ پرشنگ
نەسیمی بۆن خۆش، کزەبای فێنك، وەك نەوای ئیلهام
سەمای میوانیی پەریی طەبیعەت دێنێتە ئەنجام!
قاسپە قاسپی کەو، نەغمەی چۆلەکەو بلبلی دەنگ خۆش
پیاڵەی نەشئە حەتتا بە ڕۆحی بەردیش ئەکا نۆش!
وەك بگری بەکوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین
لە هەموو عاستێ فرمێسکی کانیی گەرمی هەڵقوڵین!

★ ★ ★

مەلی سەربنچك، پەل و پۆ ڕەنگین! خۆ من هەڵۆ نیم،

لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:
منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووك
حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ بە دەنووك!
بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی،
ئەمەش ئایینم وەك ئایینتانە: هەردە پەرستی!..

گۆران وێنەیەکی گشتی سروشت و توخمە پێکهێنەرەکانیمان بۆ بەرجەستە دەکات، ئەو توخمانەی کە دەشێ بە تەنیا هەریەکە جوانیەك ببەخشن و هەموویشیان پێکەوە هارمۆنیای سروشت پێکبهێنن. سەرەتا لە بەشە بچووکەکانەوە دەست دەکات بە وێنەگرتن و بۆ ئەو مەبەستەش شوێن دیاری دەکات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بنەمای سەرەکی بەلای ئەوەوە شوێنە و هیچ شتێك لە دەرەوەی شوێن شوناسی نییە کە بێگومان مانا بەرهەم هێنانیش تەنیا لە سنوری بە دەست هێنانی شوناسدا دەگاتە ئەنجام، بەم پێیە گۆران دەیەوێت سەرجەم ڕەگەزەکانی سروشت بە جۆرێك لە مانا بارگاوی بکات هەتا هەموو پێکەوە لە بەرهەم هێنانی هارمۆنیای سروشتدا بەشداری بکەن کە ئەو مانایەی لە پشتی ئەو هارمۆنیاوە ڕاوەستاوە بریتییە لە زەمینەی ئامادەکراو بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجاندنی سەرجەم ڕەگەزەکانی گەردوون تەنانەت ڕەگەزە دژو ناکۆکەکانیش. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە گەردوون خۆی زەمینەی پێکەوە گونجاندنە بەڵام ئەوەی ئەو زەمینەی شێواندووە ئێمەی مرۆڤین، واتە مرۆڤ لە ئەنجامی ژیان و جوڵەو کارکردنیدا لەنێو سروشتدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەوڵی شێواندنی هارمۆنیای سروشتی داوە، خۆ ئەگەر نەیشی توانیبێت شێواندن لە گەوهەری هارمۆنیای سروشتدا دروست بکات ئەوا توانیوویەتی خۆی وەکو هێزێکی تێکدەرو خۆکوژ بە وێرانکردنی خۆی بەشێك لە خاسێتی ئەو هارمۆنیایەی سروشت تەڵخ بکات، یان جوانیەکەی دەشێوێنێت.

گۆران لە بەرجەستەکردنی وێنەی سروشتدا لە دوورترین وێنە لە خۆیەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش ڕەگەزە نازیندووەکانن، لەوێوە دێتە خوارەوە بۆ وێنە نزیکەکان و

نیمچە زیندووەکان کە ڕووەکن، پاشان زیاتر وێنەکان نزیك دەکاتەوەو دەگات بە زیندەوەران، کە لێرەدا مەل و باڵندەکان دەدوێنێت و ئەنجامیش دەیەوێت پەیوەندی نزیکی خۆی لێیانەوە ئاشکرا بکات. مەودای ڕوانینی گۆران سەرەتا لە دوورترین خاڵەوە دەست پێدەکات کە لە سنووری وەسفکردندا دەکەوێتە دواندن، بەڵام لەگەڵ نزیك بوونەوەدا وەسفکردن دەگۆڕێت بۆ ئاخاوتن بۆ کەسی دووەم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی گۆران لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی کە لە سەرەتای شیعرەکەوە وەسفیان دەکات پەیوەندی ئەمی مرۆڤ و ئەو سروشتە کە تاکو ئەو چرکەساتە پەیڤین لە نێوانیاندا نەگەیشتۆتە ئاستی ڕاستەوخۆ ئەمەش ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە لەو ئاستەدا مرۆڤ لە بەرامبەر سروشتدا هێشتا بچوکە با خۆزگەی دەسەڵاتکردنیشی بەسەر ئەو سروشتەدا هەبێت، بە واتا گۆران وەکو نوێنەری ئێمەی مرۆڤ بە جۆرێك لە دەرەوەڕا وەسفی سروشت و ڕەگەزەکانی دەکات لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا وەکو ئەوەی کە سروشت ئامادەی گوێگرتن نەبێت لەم، ئەمەش نایەکسانی نێوان ئێمەی مرۆڤ و سروشتی خاوێن و پڕ لە نهێنی ئاشکرا نەکراو دەردەخات.

لە دوو دێڕی یەکەمدا گۆران وەسفی ئاسمان و هەورو ڕۆژ دەکات، وێنەیەکی بەرجەستەکراوی وەهامان پێشکەش دەکات کە دەشێ ئەو وێنەیەی ئەو کێشاویەتی لە خودی ئەو ڕەگەزانەی سروشت جوانتر بن، دیمەنی پەڵە هەورەکانمان بە ڕەنگاو ڕەنگی نیشان دەدات و خاسێتی ئافرەتیش دەبەخشێتە ڕۆژ کاتێ دەڵێت "بە دەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ". لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا سروشت و توخمەکانی لە جوانیدا دەبنە وێنەی باڵا هەتا شتەکانی تر لە جوانیدا بەو بەراورد یان لێکچواندن بکرێن، یان بە پێچەوانەوە ئافرەت دەبێتە نموونەی باڵا لە جوانیدا و ڕەگەزەکانی سروشت بەو بەراورد یان لێکچواندن دەکات؟

یەکەم دوو دێڕی ئەم شیعرە بەرجەستەی وێنەیەك دەکات کە ئەمی شاعیر دەستی پێی ناگات و تەنیا لەسەر بنەمای هەستی بینین ئەو وێنەیە دەکێشێت، بەڵام ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر وێنەیەکی جواندا ڕامان دەوەستێنێت تابلۆیەك لە سروشت، لێرەوە گۆران جۆرێك لە بوونی پەیوەندی لە نێوان ئێمەو سروشتدا دروست دەکات

ئـەويش لـە ڕێگـای بەرهـەم هێنـانی جوانیـیـــەوە، واتــە جوانـــی دەكاتــە هۆكـارێك بــۆ پەیوەستبوون و پەیگری ئێمە بۆ سروشت، لە هەمان كاتدا ئـــەو ڕووە شـاراوەی ئێمـەش وەكو مرۆڤ دەردەخات كە بە خۆڕسكی جوانی پەرستین، لە وەسفكردنی سروشتدا بەو شێوە سەرنج ڕاكێشە گۆران دەیەوێت بەهای ڕاستەقینەی سروشت دەربخـات یـان لـەژێر ئـەو پـەردە تەڵخـە دەریبـهێنێت كـە ژیـانی هاوچـەرخ داویـەتی بەسـەر سروشـــتدا. بـە واتایەكی تر گۆران لە وەسفكردنی سروشتدا دەیەوێت بەهای ڕاستەقینەی سروشت بـۆ خودی سروشت بگێڕێتەوە.

لە دوو دێڕی دووەمـدا، گـۆران لـە ئاسمانـەوە دەگوازێتـەوە بـۆ سـەر زەوی و وێنـەی ڕەگەزەكانی سروشت لەسەر زەوی دەكێشێت. كە ئەم وێنـەیان تـەنیا وێنەیـەكی بیـنراو نـیـیە لە سنووری خەیاڵ یان بینینی ئاسایدا بـەڵكو وێنەیـەكی مـادی بەرجەسـتەكراوە. لـە بەرجەسـتەكردنی ئـەم وێنـــەیاندا شـاعیر تـــەنیا شـوێنمان پــێ ناناسـێنێت بـەڵكو كاتیشمان پێ دەناسێنێت كە لە وەسفی سەوزە گیاو گوڵ و گوڵاڵـەو درەختـی تـازە شـین بوو، چرۆدا دەردەكەوێت كە كات سەرەتای بەهارە. ئەمەش دەری دەخـات كـە هـەرچۆن شوێن لای گۆران گرنگـی تایبـەتی خۆیـی هـەبوە بـۆ بەدەسـتهێنانی شـوناس و مانـا، بـە هـەمان شـێوە كـاتیش گرنگـی خۆیـی هەیـە و لەهـەر كـاتێك یـان وەرزێكـدا سروشــت و ڕەگەزەكانی لە هارمۆنیای خۆیاندا جۆرە جوانیـیەك بەرهـەم دێنـن و ئـەو جوانیـیـەش پاڵنەری سەرەكیـیە بۆ جوڵاندنی مرۆڤ بە ئاڕاستەی گەڕانەوە بۆ ناو سروشت.

گۆران لە دوو دێڕی سێیەم و چوارەمدا زیاتر وەسفی ڕەگەزەكانی سروشت دەكات و كۆمــەڵێ خاسـێتی وەهـا بـەهاداریان پــێ دەبەخشـێت كـە سـەرباری جوانیـیەكـەیان بەهایەكی ڕۆحیشیان پێ دەبەخشێت و لـەو وەسـفكردنەی ڕەگـەزەكانی سروشـتدا ئـەو ڕەگەزانـە سـەرجەم وەكو زینـدوو دەخاتـە ڕوو كـە هەریەكـەیان جـۆرە چالاكـیـیـــەكیان هەیە و دەشێ بڵێین كـارێك دەكـەن كـە ئـەوەش بەخشـینی خاسـێتی زیندوویـیـە بـەو ڕەگەزانە كاتێ دەڵێت: (چیمەن دەرئەدا چین چین مرواری ئاونگ، لێی ئەتكێ پرشنگ) یان كە دەڵێت (نەسیم سەمای جوانی پەریی تەبیعەت دێنێتە ئـەنجام). هـەروەك چـۆن ئـەم ڕەگەزانـەی سروشـت لـە جوڵـەی بـەردەوامدان و بەرهـەم دەهێنـــن بـــە مەبەسـتی

جوانكردنی خودی سروشت به هەمان شێوە بەرهەمەکانیشیان لە بەرجەستەکردنی ئێستاتیکای سروشتدا بەشداری دەکەن، لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت هەریەکە لەم ڕەگەزانەی سروشت خاسێتە گشتییەکانی سروشتیان هەیە هەم بۆ بەرهەم هێنانی جوانی، هەم بۆ دروستکردنی هارمۆنیای سروشت. لای گۆران هەریەکە لە ڕەگەزەکانی سروشت ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە ڕێکخستنی هارمۆنیای سروشتداو، هەم ئیقاعی جوڵەو گۆڕان و بزواندن لە سروشتدا ڕێك دەخەن ئەویش بە جۆرێکی ئەوتۆ خاسێتی یەکەمین وێنەی بالآی هارمۆنیای هەیەو هەموو ئەو وێنانەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ دروستی کردون و بەرهەمی هێناون سەرجەم جۆرێك لە لاسایی کردنەوەی وێنەی یەکەمن واتە سروشت بە گونجاندنی ڕەنگە جیاوازەکانیەوە لەگەڵ یەکترداو لەوێشەوە بەرهەم هێنانی هارمۆنیای نێوان ڕەگەزە جیاواز و تەنانەت دژەکانیش، کەواتە لێرەوە لە ئاستی قوڵی ئەم دەقەدا ئەوە دەردەکەوێت کەلە سروشتدا هەموو ڕەنگە جیاواز و تەنانەت دژەکانیش پێکەوە دەگونجێن و جوانی سروشت و هارمۆنیای سروشت لە ئەنجامی ئەو کۆبوونەوەی ڕەنگ و توخمە جیاواز و دژەکاندا پێکهاتووە، کە بێگومان جوانی ژیان و جوانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و جوانی مرۆڤیش ئەوکاتە بەرهەم دێت کە ڕەنگ و دەنگ و ڕوانین و بینین و فیکر و ڕەگەزە جیاوازەکان هەموو پێکەوە بتوانن بژین و یەکتری قبوڵ بکەن و لەسەر بنەمای دانان بەو جیاوازییانەدا پێکەوە کاربکەن و هاریکاری بکەن ئەوکاتە گونجاندنی کۆمەڵایەتیو هارمۆنیایی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و یەکتر قبوڵکردنی جیاوازەکان دەبێتە خاسێتی دیاری ژیانی مرۆڤ، بە واتا لە پشتی ئەم دەقەوە ئەو ڕوانینە ڕاوەستاوە کە گونجاندنی ڕەگەزەکانی سروشت و پێکەوە کارکردنیان و دروستبوونی هارمۆنیای سروشت دەشێ ببێتە نموونە بۆ پێکەوە گونجاندنی مرۆڤ پێکەوە سەرباری جیاوازییەکان لەو گونجاندن و پێکەوە ژیانەدا مرۆڤ و ژیان بەهای قوڵتریان دەبێت و بگرە کارێکی لەم جۆرە بەخشینەوەی بەهایە بە خودی مرۆڤ و بە ژیان. گۆران هەر ئەوە نییە وەکو شاعیرێکی ڕۆمانسی ڕۆژئاوایی لە ئەنجامی بێزار بوونیدا لە ژیانی ئالۆزی شارو فشاری سەختی ئەو ژیانەوە بگەڕێتەوە بۆ نێو ئامێزی سروشت و لەوێشدا

هەم هەست بە ئازادی خۆی بکات، هەم سروشت بکات بە جێگای حەوانەوەو ئاسودە بوونی، بەڵکو لە گەڕانەوەی بۆ سروشتدا دەیەوێت وێنەیەکی دیاری ئاسایی دوور لە دەسەڵاتی مرۆڤ بۆ سروشت بگرێت و پێشکەشی بکات و بڵێت ئەمە سروشتە بەم جوانیو گونجاندن و هارمۆنیایەوە. ئایا ناشێت خودی مرۆڤیش هاوشێوەی گونجاندن و یەکتر قبوڵکردنی ڕەنگەکانی سروشت ئەوانیش پێکەوە بگونجێن و یەکتر قبوڵ بکەن؟

لە دەستپێکی ئەم شیعرەدا گۆران وێنەی بەرجەستەکراوی ئاسمان و هەورو ڕۆژ پێشکەش دەکات، واتە وێنەی مەودایەك لە دەرەوەی دەست پێگەیشتنی خۆی، واتە وێنەیەك پێشکەش دەکات کە تەنیا لە سنووری بینراودایە. لە دوای دوو نیوە دێڕی یەکەم وێنەی بەرجەستەکراو لەو ڕەگەزانە پێشکەش دەکات کە دەشێ خۆی دەستیی پێیان بگات یا ن لە نزیکەوە هەستیان پێ بکات، لە دوای هەشت نیوە دێڕی یەکەمەوە وێنەی بەرجەستەکراو لە ڕەگەزە زیندووەکانی سروشت پێشکەش دەکات وەکو (کەو، چۆلەکە، بولبول..) کە هەریەکەش سەرباری جوانی خۆیان، بە بەرهەمەکانیانەوە بەشداری دەکەن لە بەرهەم هێنانی جوانییەکی بیستراودا کە ئەویش دەنگ و ئاوازی ئەم باڵندانەیە، کە ئەو دەنگ و ئاوازەش هەم دەبنە بەشێك لە ئیقاعی قەشەنگ و سەرنج ڕاکێشی سروشت، هەم دەور دەبینن لە ڕاهێنانی ڕەگەزەکانی تری سروشتدا بۆ پەسەندکردنی دەنگ و ڕەنگ و ئیقاعەکانی تر، بە جۆرێك ئەم ئاوازو ئیقاعە دڵگیرانە هەموو عەقڵە بەستەڵەکییەکان و هەموو ڕوانینە تەنگە نەفەسەکان بۆ قبوڵکردنی ئەوانی تر ڕادەهێنن. ئەو ئاوازەی کە ئەم باڵندانە دروستی دەکەن تێکەڵ بە ئیقاعی سروشت دەبێت و ڕۆحی بەردیش بۆ نۆشکردنی پیاڵەی نەشئە ئامادە دەکات، یان بە شێوەیەکی تر ئەو ئاواز و ئیقاعانە تەنانەت ڕۆحی بەردیش دەجوڵێنن و ڕادەهێنن، بە مانایەکی تر زمانی ئەم توخمە زیندوانەی ناو سروشت بە جۆرێك کاریگەرن کە هەموو ئەو توخم و ڕەگەزانەشی کە هێندە ڕەقن لە بەردەم هیچ هێزێکدا ناچەمێنەوە ئاوازی جۆراوجۆری توخمە زیندووەکانی نێو سروشت دەیان جوڵێنێ و..

گۆران خاسێتی زیندو یان مرۆیی دەبەخشێتە توخمەکانی سروشت "ڕۆحی بەرد ئەکا نۆش، دنیا بە کوڵ بگری، دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین، فرمێسکی کانی،.."

ئەمەش ئەو لێكدانەوەیە هەڵدەگرێت كە گـۆران توخمـەكانی سروشـت بـە گرنـگ و پـڕ بەها سەیر دەكات، بە هەمان شێوەی مرۆڤ، لە كاتێكدا لە چەند سـەدەی ڕابـردوودا لـە عـەقڵی ڕۆژئـاوادا مـرۆڤ بووەتـە سـەنتەری بـەها پێـدان و لێكدانــەوەو لـە ئــەزموونی شـیعری ڕۆمانسـی ئەورووپاشـدا خـودی تاكەكـەس كـە خـودی شـاعیرە بووەتــە نـاوەندی گرنگی پێدان، لە ئـەزموونی ڕۆمانسـیەتی گۆرانـدا سروشـت یەكـەمین نـاوەندی گرنگـی پێدانـە، ڕاسـتە یـەكێك لـە خاسـێتە دیارەكـانی قۆنـاغی ڕۆمانسـیەت گرنگیدانــە بـە سروشت و گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی سروشـتی خـاوێن و هێـواری دوور لـە ئـاژاوەو فشاری پەیوەندییەكانی شار، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆمانسیەتی گـۆران، ڕۆمانسـیەتی گواسـتراوەیە لـە كـەلتوری دەرەوەی نێـو پانتـایی كـەلتورو ژیـان و مێــژووی كـوردەوەو دەرئــەنجامی پەرەسـەندنی كۆمەڵایـەتی و دروسـتبوونی شـارو پەیوەندییـەكانی شـار نیـیـە.. بۆیـە ناشـێت دەقـاو دەق وای لێكبدەینــەوە كـە ڕۆمانسـیەتی گـۆران هــەمان ڕۆمانســیەتی ئینگلـیزی و فەرەنسـیـیە، یـان ڕۆمانسـێتێكە تایبـەت بـە گـۆران بـە خـێر ڕۆمانســیەتی گۆران لە بەشـداری كردنـی خاسـێتە گشـتیـیەكانی ڕۆمانسـیەتی ڕۆژئـاواو تایبەتمـەندی ئێمە پێكهاتووە.

گۆران لە گەڕانەوەیدا بۆ نێو سروشـت، نایـەوێت بـە تـەواوی لـە ئـامێزی سروشـتدا خۆی حەشار بدات، واتە سروشت بە تەنیا زەمینەیەك نـیـیە بۆ خـۆ حەشـاردان و دفـن بـوون، بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە حەوانـەوەو هێـوری. بـەڵكو سروشـت و گەڕانـەوە بـۆ سروشت لە ئاستی یەكەمدا بە مەبەسـتی گەڕانەوەیـە بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی ئـەو بـەها ئێسـتاتیكایانەی كـە لـە دەسـتی چـووە، گەڕانەوەیــە بـۆ نێـو سروشـت بـە مەبەسـتی گەیشـتنەوە بـە زەمینـەیـەك كـە خـاوەنی هارمۆنیـای چەسـپاوی خۆیـەتی، ئــەو بــەها جوانانەی كە ئەو هارمۆنیایە بەرهەمی دێنێت تیایدا لە دەست نەچووە. ئەو پێی وایە لـە دنیـای سەرمەسـتی قاقـای پێكــەنیندا لــە هــەموو ئاســتێكیدا بــە شــێوەیەكی سیسـتاماتیكانە فرمێسـك (كـانی) هـەڵدەقوڵێ، گـۆران لـە گەڕانـەوەیدا بـۆ سروشـت دەگەڕێتەوە بۆ ئامێزی ئەو زەمینەی كە بەو جـۆرە سیسـتاماتیكانە ڕێكخـراوە، چونكـە پێی وایە كە جوانــی تـەنیا لـەو ڕێكخسـتنەوە بەرهـەم دێت و حەوانـەوەش لـە بوونـی

هارمۆنیای ئەو ڕێکخستنەدا دەستەبەر دەبێت و چێژی ئێستاتیکیش دیسان لە بارێکی وەها ڕێکخراوو هێورو هێمندا بەهای خۆی دەبێت، بە واتا گەڕانەوەی گۆران بۆ سروشت ڕاکردنی تاکە کەسی هەستیار نییە لە دەست فشار و زەبرو ئالۆزییەکانی شارو لە دەست تێکچوونی هارمۆنیای ژیان و هێمنی لەنێو شارداو لە سایەی پەیوەندییە ئالۆزەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا کە زەمینەیەك بۆ هێوری و جوانی و چێژی جوانی نامێنێتەوە، بەڵکو گەڕانەوەی کەسێکی هەستیارە بۆ نێو سروشت بە مەبەستی گەیشتنەوە بە چرکە ساتێك کە تیایدا هەست بە چێژ و بەها ئێستاتیکییەکانی بوون و ژیان بکات.

گۆران لەو گەڕانەوەیدا بەشێك لە توخمەکانی سروشت وەسف دەکات و لەو وەسفکردنەشدا لە لایەك جوانی ئەو توخمانەو هەموو سروشت بەوانیشەوە دەردەخات، لە لایەکی تر خاسێتەکانی مرۆڤ بەو توخمانە دەبەخشێت بە مەبەستی زەمینە خۆش کردن بۆ لێدواندنیان بەو هیوایەی لە ئاستێکی وەها قەشەنگ و پڕ بەهادا پێشکەشیان بکات کە بیانکاتە هاوشانی مرۆڤ ئەو بوونەوەرەی کە سەرجەم پەیامە ئاینی و زەمینییەکان و سەرجەم بیرو بڕوا دیارەکان پێیان وایە مرۆڤ دەبێ سەروەری ئەم گەردونەو جێگری خودا بێت لەسەر ئەم زەوییە، ئەوەش بۆ ئەوە دەکات کە سروشت بە شایەنی ئەوە بزانێت کە نەك هەر خۆی بۆی بگەڕێتەوە بەڵکو بانگەشەی گەڕانەوەی گشتی بکات بۆ ئامێزی سروشت.

گۆران لە قۆناغی یەکەمدا هەرچۆن وەسفی ڕەگەزەکانی سروشت دەکات بە هەور و ڕۆژ و سەوزەگیاو گوڵ و درەختەوە.. بە هەمان شێوەش وەسفی ڕەگەزە زیندووەکانی دەکات بە تایبەتی باڵندەکان، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا لەگەڵ باڵندەکان دەکەوێتە گفتوگۆ و ڕاستەوخۆ لەگەڵیان دەدوێت، لەو گفتوگۆیەشدا بە مەبەستی دروستکردنی جۆرێك لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو باڵندانەدا پاکانە بۆ ناسنامەی خۆی دەکات، دەیەوێت پەردە لە ڕووی خۆی لادات و ئەو سیما دزێوەش بڕەوێنێتەوە کە ئەمی وەکو دڕندە ناساندووە یان پێشکەش کردووە.

مەلی سەر بنچك، پەل و پۆ ڕەنگین! خۆمن هەڵۆنیم

لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:

ڕاستەوخۆ شاعیر پێمان دەڵێت ناسنامەی مرۆڤ لە ڕوانگەی تێڕوانینی زیندەوەرانی ترەوە ناسنامەیەکی دزێوەو سەرجەم وەکو جۆرێك لە دڕندە سەیری مرۆڤ دەکەن، گۆران دەیەوێت ئەوە ئاشکرا بکات کە زیندەوەران بە چ چاوێك سەیری مرۆڤ دەکەن. لە ئەنجامی تێگەیشتن لەو ڕوانینەی زیندەوەران بۆ مرۆڤ، گۆران پاکانە بۆ خۆی دەکات بەوەی کە ئەم دڕندە نییە، ئەم پاکانە کردنەش پاکانەیە بۆ هەموو مرۆڤ بەوەی کە شایانی ئەوە نییە وەکو دڕندە سەیری بکرێت. لە پشتی ئەم پاکانە کردنەوە گۆران دەیەوێت پێمان بڵێت لەم گەردونەدا دەبێ دۆستایەتی و لەگەڵ یەکتر گونجاندن هەبێت، ناشێت توخمێك بالادەست بێت و ئەوانی تر لەناوببات، چونکە هارمۆنیای سروشت لەو لەگەڵ یەکترگونجاندنەی توخمە جۆراوجۆرەکانی سروشت خۆیەوە بەرهەم دێت. کە لەوێڕا تەنیا غەریزەی دەسەلاتکردن بوونی هەیە.. هەرچەندە ئەو غەریزەیە یەکەم هۆکارە بۆ هەوڵدانی دەسەلاتکردن بەسەر ئەوانی تردا، کە لەو هەوڵەشدا دوو لایەن، دوو جەمسەر دەردەکەون، دەسەلاتکەر و دەسەلات بەسەردا کراو، جەلاد و قوربانی، دڕندە و نێچیر. مرۆڤ لە ئەنجامی بالادەست بوونیدا لە ڕوانگەی زیندەوەرانی ترەوە بۆتە دڕندە، هەر بەو پێیەش ئەوەی کە دەوری بینیووە لە شێواندنی هارمۆنیای سروشتدا مرۆڤە. گۆران دەیەوێت بە باڵندەکان بڵێت منی مرۆڤ هەڵۆ نیم، دڕندە نیم، من دەگەڕێمەوە بۆ لای ئێوە، بۆ ئامێزی سروشت، بەو هیوایەی بگەڕێمەوە بۆ ئەسڵی خۆم و خۆم لە غەریزەی دەسەلات و غەریزەی ئاژەڵی وێرانکردن ڕووت بکەمەوە. دەمەوێت ببمەوە بە یەکێك لە ڕەگەزە بەرهەم هێنەرەکانی جوانی و ئێستاتیکای سروشت و هارمۆنیای سروشت نەك بکوژی جوانی و شێوێنەری هارمۆنیای سروشت.

گۆران باڵندەکان دەدوێنێت و داوایان لێدەکات کە گوێی لێ بگرن هەتا شوناسی خۆییان بۆ ئاشکرا بکات. لە پشتی ئەم داواکردنەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ڕەگەزە زیندووەکانی سروشت بە چاوی دۆست سەیری مرۆڤ ناکەن چونکە وەکو هێزێکی سامناك دەڕواننە مرۆڤ، هێزێك کە لە هەوڵی تێکشکاندن و لەنێوبردنی هەموو ئەواندایە لە پێناوی بوونی خۆیدا، ئەم هەڵوێستەی مرۆڤ، مرۆڤ لە دیدی ڕەگەزە

زیندووەكانی تری سروشتەوە، بە تایبـەتی ئـەو ڕەگەزانـەی كـە زینـدون و مـرۆڤ مـاڵی نـەكردون، وەكـو دوژمـن دەخاتـەڕوو. گـۆران كاتـێ دەكەوێتـە گفتوگـۆ لەگـەڵ ئـەو ڕەگەزانەدا دەیەوێت ئەو بۆچوونـە هەڵبووەشـێنێتەوە، بـەڵام بـە ئاشـكرا دەردەكـەوێت ئەوەی دەدوێت گۆرانە، ئـەوانی زینـدەوەر (مەلـەكان) نـەك لەگـەڵ ئـەم نـادوێن، بـەڵكو لێیشی دووردەكەونەوە. ئەمەش ئـەوە نیشـان دەدات كـە مەلـەكان ئامـادەیی گفتوگۆیـان لەگەڵ ئەمی مرۆڤدا نییە، ئەویش لەبەر ناسینی گەوهەرو ناسنامەی ئەم زینـدەوەرەی كە ناوی مرۆڤە، هەمیشە یاسای دارستان بەرامبەر بە ئەوانی بـاڵندە و هـەموو ڕەگـەزە زیندووەكانی تری ئەم گەردوونە پیادە دەكات، بێ سـڵەمینەوە لـەوەی كـە هـەر كـارێكی كوشـتن و گرتـن و دیـل كـردن و سـەربڕین و تەنانـەت شـێواندن و تێكدانـی ڕەگـەزە نازیندووەكانی سروشتیش بەشێكە لە تێكدانی هارمۆنیـای سروشـت و ناشـیرین كردنـی سروشت و تەڵخ كردنی ئێستاتیكای سروشت، كە هەموو جوانی‌یـەكانی تـر لـە ڕوانینـی ئەفلاتونـەوە فۆتۆكۆپـی جوانـی سروشـتن و تـەنیا ئـەو ئەسـڵە چونكـە ئـەوانی تـر هـەموویان لـەوەوە وەرگیـراون، كـەچی مـرۆڤ لـە پێنـاوی دەسـەڵاتكردندا ئـەو جوانیـە دەشێوێنێت.

سەرباری ئەوەی كە باڵندەكان بـە چـاوی ترسـەوە دەڕواننـە ئـەمی مـرۆڤ و پشـتی تێدەكـەن و بـەجێی دەهێڵن، ئـەم دەیـەوێت زەمینەیـەك بـۆ گفتوگۆكـردن لەگـەڵیاندا ئامادە بكات بەو هیوایەی لەو ڕێگایەوە شوناسی خۆی بۆ ئـەوان ئاشـكرا بكـات، ئـەویش لـەو ڕێگایـەوە كـە خـۆی دەیـەوێت نـەك لـەو ڕێگایـەوە كـە ئـەوان تێـی گەیشـتوون و دەیبینن. ئەم دەزانێت ئەوان لێی دەترسن ، بۆیە بە مەبەستی ڕەواندنەوەی ئەو ترسـە داوایـان لێدەكـات كـە ئـەوەندە گـوێی لێ بگـرن هـەتا ناسـنامە و گەوهـەر و ماهیـەتی خۆییان بۆ باس بكات.

منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێكم بچووك
حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ بە دەنووك
بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی
ئەمەش ئایینم وەك ئاییتانە: هەردە پەرستی!

گۆران بـه مەبەسـتی دروسـتکردنی پـەیوەندی لەگـەڵ باڵندەکـان و هـەموو ڕەگـەزە زیندووەکـانی تـری سروشـتدا ناسـنامەی خـۆی ئاشـکرا دەکـات کـە ئـەمیش گـەردێکی بچووکـە لـەم گەردوونـەدا. هـەروەك لـە ڕێگـای لێکچوواندنــەوە بــە باڵندەکـان دەڵێـت "منیش وەك ئێوە.. گـەردێکم بچووك" بـە واتـا دەیـەوێت جۆرێـك لـە هاوشـێوەیی لـە نێوان خۆیی و ئەواندا نیشان بدات ئەویش بە مەبەستی گۆڕینی دیدو ڕوانینی ئـەوانی باڵندە کە نوێنەری هەموو ڕەگەزە زیندووەکـانی سروشـتن بەرامبـەر بـەمی مـرۆڤ کـە وەک و دڕندە و تێکدەر و ڕوخێنەری ڕەگەزە زیندووەکانی تری سروشت سەیری دەکـەن. گۆران دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو سنووری ئەو سیستەمە ڕێکخراوەی پێشتری سروشـت کە ئەم تیایدا ناسنامەی دڕندەیی نەبوو، لێرەشەوە ئەگەر شۆڕببینەوە بـۆ ئـەو مانایـەی لە پشتی ئەم ڕوانینەو ە ڕاوەستاوە ئەوا دەگەین بەو خاڵەی کـە گـۆران دەیـەوێت بڵێـت مرۆڤ کە هێشتا لەنێو سروشـتدا بـووە، ئـەمیش هـەمان شـێوەی ڕەگـەزە زیندووەکـانی تـری سروشـت، ڕەگـەزێکی ئاسـایی بـووە، بـەڵام جێگـیر بـوون و پەرەسـەندنی لـەژێر کاریگەری فاکتەری غەریزە و دەسەڵات خوازیدا لـە زیندەوەرانـی تـری جیاکردۆتـەوە و لە ئەنجامی پەرەسەندنی بەردەوامیشیدا، لە ئەنجامی بوونی عەقڵ و هۆشەوە تا بـەرەو پێشەوە چووە زیاتر سیمای دڕندەیـی لـە ئاسـتی سروشـتدا پێـوە دەرکـەوتووە، چونکـە ئومێـدی ئـەم ئاشـکراکردن و دەسـەڵات کردنـە بەسـەر سروشـتدا، بـۆ ئـەو مەبەسـتەش دەبێـت دەست نەپارێزێت لە داگیرکردنی ئازادی ڕەگەزەکانی تـری سروشـت، ئـەویش لـە ڕێگـای ڕامکـردن و دەسـتەمۆکردنیانەوە یـان لـە ڕێگـای دەسـەڵات بەسـەرداکردنیانەوە ئـەویش بـە تێکشـکاندن و شـێواندنی بـاری سروشـتیان کـە لەوەشـدا هـەم ئێسـتاتیکای سروشتی ناشیرین کردووە، هەم هارمۆنیای سروشتی شێواندووە.

لـە ئـەنجامی پەرەسـەندنی ژیـانی مـرۆڤ خۆیـدا و لـە ئـەنجامی ناکۆکیـە کۆمەڵایەتیـەکان و ناتـەبایی و نایەکسـانی و نـەبوونی ئـازادیدا لـە ژیـانی کۆمـەڵدا و دیسان بە کۆیلەبوونی خودی مرۆڤ بۆ ئەو تەکنۆلۆژیایەی کە بەرهەمی هێناوە و.. لە بـەردەم فشاری توونـدی ژیـانی شـاردا مرۆڤـی هەسـتیار بـۆ گـەڕان لـە دوای بـە دەسـت هێنانـەوەی ئـازادی و دەربـازبوون لـە فشـارو پەسـتانی شـار ڕێگـای گەڕانـەوەی بـەرەو

سروشت لەبەرگرتووە.. گۆران لە لایەك بۆ گەیشتنەوە بەو ئازادی و هێمنی و هێورییەی ئامێزی سروشت و لە لایەکی تریشەوە بۆ گەیشتنەوە بە جوانیەکانی سروشت کە جوانی یەکەمن و چێژ وەرگرتن لەو جوانیانە ڕێگای بەرەو سروشت لەبەردەگرێتەوە. واتە هەروەك پێشتریش گوتومانە گۆران بە مەبەستی گەیشتنەوە بە یەقین دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، یەقینی ئازادی و یەقینی هێمنی و هێوری و یەقینی جوانی و چێژی جوانی.

گۆران لەم گەڕانەوەیەدا بۆ ئامێزی سروشت، نایەوێت خۆی دفن بکات و سروشت وەکو گۆڕستان سەیرناکات کە جێگای خۆشاردنەوە و دیارنەمان و گۆشەگیریی بێت بە مەبەستی حەوانەوە و دوورکەوتنەوە لە ئاژاوە و پشێوی ژیانی کۆمەڵ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیەوێت لە ئامێزی سروشتدا پەیوەندی کراوەی هەبێت لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری سروشتدا چونکە پێی وایە ئازادی نێو ئامێزی سروشتیش بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تری نێو سروشتدا مانا دەبەخشێت. هەر ئەم ڕوانینەیە وا لە گۆران دەکات بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری نێو سروشتدا و پاشان ناسنامەی خۆی بۆ ئەوان ئاشکرا بکات. تەنانەت لە ئاستی باڵندەکاندا خۆی بە بێ تواناتر و ناکردەتر نیشان دەدات چونکە ئەوەی کە سروشت بە باڵندەکانی بەخشیوون کە توانای فڕینە، بەمی مرۆڤی نەبەخشیووە. هەر بۆیە لە ئاستی ئەواندا ئەم خاسێتەی کە سروشت بەوانی بەخشیووە و بەمی مرۆڤی نەبەخشیووە دەکاتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەمیش زیندەوەرێکی ئاسایییەو دڕندە نییە و تەنانەت توانای ئەوانیشی نییە. ئەگەر بە ئاڕاستەی قوڵایی دەقەکە شۆڕببینەوە ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە گۆران پێی وایە کاتێ ئێمەی مرۆڤ بگەڕێینەوە بۆ ئامێزی سروشت پێویستمان بەو خاسێتانە هەیە کە لە سایەی سروشتدا هەم ئاسودەیی و هەم ڕێگای پاراستنمان بۆ دەستەبەر دەکەن، بەڵام ئێمە ئەو چەکەمان نییە کە بۆ نموونە باڵندەکان هەیانەو جۆرێك لە باڵایی ئەوان دەسەلمێنێت، گۆران لە بەرامبەر ئەو کەموکورتیەی ئێمەی مرۆڤدا لە بەرامبەر باڵندەکاندا جۆرێك لە هەست بە کەمی کردن نیشان دەدات، کە دەشێ ئەم پێی وا بێت مادەم گەردوون وەکو یەك خاسێتەکانی نەبەخشیووە بە

سـەرجەم زینــدەوەران کەواتـە ناشـێت یەکسـانی لـە نێوانیـاندا دروسـت ببێـت، بـۆ پڕکردنەوەی کەموکورِییەکانیش هەریەکە لە بوارێکی تـردا توانـای خۆیـی پـەرەپێداوە، مرۆڤ لە ئەنجامی لاوازیی توانا جەستەییەکاندا بۆ لـە ڕوودا وەسـتانی توونـدوتیـژی و پەستان و فشاری هێزەکانی سروشـت، لـە ڕووی عـەقڵ و هۆشـەوە پـەرەی سـەندووە بـە جۆرێك کە بەو جەستە لاوازەیەوە بە عەقڵ دەسەڵاتی بەسەر توانای لە بن نـەهاتووی تەنانەت دڕندەترین زیندەوەریشـدا کـردووە.. بـەڵام گـۆران بـەو دەسـەڵاتەی کـە عـەقڵ بەرهەمی هێناوە ئاسودە نـیـە و دەیـەوێت بگەڕێتـەوە بـۆ نێـو ئـامێزی سروشت بـەو هیوایـەی کـە بگاتـەوە بـەو چرکەسـاتەی کـە لـە ئـامێزی سـادەی سروشـتدا هەسـتی بـە ئازا دی کردووە و بە هێمنی و هێوری ژیانی بەسەر بردووە.

گـۆران پـێی وایـە سەربەسـتی خاسـێتی نێـو سروشـتەو باڵندەکـانیش وەکـو هێمـای سەربەسـتی خـوازی نیشان دەدات و دەشـێ ئەمـەش وەهـا لێکبدەینـەوە کاتـێ بـاڵندە و زینــدەوەران ئــامێزی سروشــتیان بەجێنەهێشــتووە لەبــەر ئــەوە بــووە کــە عیشــقی سەربەسـتی و ئــازادی بـوون، بــەڵام ئــەمی مــرۆڤ لــە بەجێهێشـتنی سروشـتدا ئــەو سەربەستی و ئازادییەی خۆیی لە دەست داوە، تاکە ڕێگاش بۆ گەیشـتنەوە بـە ئـازادی و بەدەسـتهێنانەوەی گەڕانەوەیـە بـۆ ئـامێزی سروشـت. ئەمـەش ئـەوە نیشـان دەدات کـە مـرۆڤ چـەندێ پـەرەی سـەندبێت لـە چـاو ڕەگـەزەکانی تـری سروشـتدا، ئـەوا بـەو ئەندازەیە سەربەستی خۆیی دۆڕاندووە، مەبەسـت لـەو سەربەسـتیەش سەربەسـتیە بـە مانـا ڕەهاکـەی واتـە سەربەسـتی لـەودیوی هـەر سـنوور و سانسـۆرێکەوە. گـۆران بـە مەبەستی گەیشتنەوە بە سەربەسـتی ڕەهـا دەیـەوێت بگەڕێتـەوە بـۆ ئـامێزی سروشـت، بـەڵام ئـەم گەڕانەوەیـەی گـۆران گەڕانەوەیـەکی تاکـە کەسـیە، هـەرچۆن گـۆران لـە ئـەزموونی خۆیـدا مومارەسـەی تـاکڕەوێتی خۆیـی کـردووە و هـەتا ئـەو کاتەیشـی کـە پەیڕەوی تاکڕەوێتی خۆیی کردووە شاعیرێکی داهێنەر و خاوەن جیهانبینی بووە، بەڵام کاتێ دەکەوێتە سنووری عەقڵی باو و دەچێتە ژێر سـایەی عـەقڵی دەسـتەجەمی بوونـی حیزبایـەتی و ئایدیۆلۆژیـاوە بـاری تـاکێتی و تاکڕەوییەکـەی هـەرەس دەهێنێـت و بـەو پێیەش ڕوانینی بۆ ئازادی تاکە کـەس دەگوازرێتـەوە بـۆ ئاسـتێکی تـر کـە لـە ڕوانگـەی

ئایدیۆلۆژیاوە بۆی دەڕوانێت، لەوێشدا گۆران توانای داهێنانی پێوە دیار نامێنێت، بۆیە قۆناغی شاعیرێتی و داهێنانی گۆران لەگەڵ پەیوەندیکردنی بە مەسەلەی حیزبایەتی و ئایدیۆلۆژیاوە دوایی دێت، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ئیفلیجەوە کە گەورەیی گۆران لەوەدا دەبینێت کە پەیوەستبووە بە ئایدیۆلۆژیای چەپەوە، بێگومان ئەم ڕوانینە نادروستەش بەرهەمی ئەو عەقڵانەیە کە لە بنەڕەتدا نازانن شیعر و چەمکی شیعر چیە و هیچ ڕوانینێکیان بۆ شیعریەت نیە.

گۆران کۆیلەی تەنیا دەستی ناعەدالەتی و نایەکسانی نیە، بەڵکو کۆیلەی دەستی نەبوونی ئازادی ڕەهایە، ئەو ئازادییەی کە بە ڕوانینی ئەو تەنیا لە ئامێزی سروشتدا دەستەبەر دەبێت نەك لە سایەی ئایدیۆلۆژیاو حیزبایەتی تەسك و بكوژی هەموو ئازادییەکانی تاکە کەس دا. هەر لە ئەنجامی ئەو هەستکردنەدایە گۆران دەگەڕێتەوە بۆ ئامێزی سروشت و پێی وایە باڵندەکان بەرزترین مەیلی سەربەستیان هەیە بۆیە بە ئاسانی ڕام ناکرێن و سەربەستیان لێ زەوت ناکرێت مەگەر مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە دوای ئەوەی سروشتی بەجێهێشت و ئازادییەکانی خۆیی دۆڕاند، هەوڵبدات ئەوانیش بخاتە نێو قەفەزەوە. گۆران خۆی دەشوبهێنێت بە باڵندەکان لەوەدا کە هەمان مەیلی ئازادی ئەوانی هەیە.

بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی

ئەمەش ئایینم وەك ئایینتانە: هەردە پەرستی!

ڕاستە ئەم ئێستا سەربەستی خۆیی لە دەستداوە، بەڵام لە ناخەوە هەمیشە پەرۆشی سەربەستیە و دەیەوێت بگاتەوە ئاستی بەدەستهێنانی ئەوەی لە دەستیداوە، بەڵام ئایا ئەوە چۆن دەگاتە ئەنجام؟

گۆران گەڕانەوە بۆ سروشت هەر لە سنووری گواستنەوەیەکی سادەی شوێندا نابینێت، بەڵکو ئەو گەڕانەوەیە مەودایەکی قوڵتری هەیە و ئەم وای دەبینێت کاتێ باڵندەکان لە سروشتدا ماونەتەوە، لەبەرئەوەیە ئەمان پەیڕەوی ئاینێك دەکەن کە ئایینی سروشت پەرستیە. واتە سروشت بەلای ئەوانەوە لە جێگای ئایین و خواوەندە، لەم ڕوانگەیەشەوە پەیوەستبوونی باڵندەکان و ڕەگەزەکانی تری سروشت بە خودی

سروشتەوە وەکو جێبەجێکردنی ئەرکی ئایینی سەیر دەکات. ئەمیش خۆی لە ڕیزی ئەواندا دادەنێت و ئایینی ئەمیش هەمان ئایینی ئەوانە کە ئەویش سروشت پەرستییە. کە لە پشتی ئەم ڕوانینەوە سەربەستی ڕەها ڕاوەستاوە، بە مانایەکی تر گۆران دەیەوێت بڵێت هەرچۆن ئایینی ئێوە سەربەستی پەرستییە، منیش هەمان ئایینم هەیە. ئەمەش بۆ ئەوە دەدرکێنێت کە هاوشێوەیی خۆی لەگەڵ باڵندە و هەموو ڕەگەزەکانی تری سروشتدا نیشان بدات. هەم بۆ پەرۆشبوونی سەربەستی ڕەها، هەم بە مەبەستی دوورخستنەوەی سیمای دڕندەیی لە خۆی بەو هیوایەی هەم ڕەگەزەکانی تری سروشت قبوڵی بکەنەوە و هەم سروشت خۆیشی ئامێزی بۆ بکاتەوە.

هەڵوێستی گۆران لە گەڕانەوەیدا بۆ سروشت بۆ لێکدانەوە و دەسەڵاتکردن بەسەر سروشتدا نییە، بەڵکو بە مەبەستی گەیشتنەوەیە بە سەربەستی و ئازادی ڕەهای ئامێزی سروشت و هەم گەیشتنەوەیە بەو ئاستەی کە تیایدا هەست بە هارمۆنیای سروشت و ئێستاتیکای سروشت دەکات.. چونکە پێی وایە ژیانی نێو کۆمەڵ و فشار و پەستانەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگا نە ڕێگای دەستەبەر کردنی ئەو ئازادییە دەدات، نە لەنێو شار و لە کۆمەڵ دا هەست بە چێژی ئێستاتیکای سروشت و هارمۆنیای سروشت دەکرێت.

گۆران لە کۆتایی شیعرەکەیدا ناسنامەی خۆی لە هەموو گومانێك ڕووت دەکاتەوە و تاکە سیمایەکی دیاری خۆی ئاشکرا دەکات کە ئەویش پەیوەستبوونیەتی بە سروشتەوە بە جۆرێك کە هەموو بوونێك لە ئامێزی سروشتدا دەبینێت، بە جۆرێك سروشت دەکات بە ئایین و بە خواوەند و ئەمیش پەرستیاری ئەو ئایینەو ئەو خواوەندەیە چونکە ئازادی و جوانی گەوهەری بوون و ماهیەتی ئەو خواوەندەیەو تەنیا لە سایەی ئەودا ئازادی هەیە.

# ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنانی شیعر
## یۆتۆپیای ڕزگاربوون لە شیعری ( ئەودیو شووشە )ی حەسیب قەرەداخیدا

-١-

قسەکردن لەسەر ئەزموونی شیعری شاعیرێکی وەکو حەسیب قەرەداخی لە لێکۆڵینەوەیەکدا کارێکی ئاسان نییە ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان دەوڵەمەندی ئەزموونی ئەم شاعیرە لە ڕووی ژمارەی ئەو دەقانەوە کە لە ماوەی نزیکەی چل ساڵدا بەرهەمی هێناون، دووەمیان لەبەر فراوانی ئەو ڕووبەرەی کە شیعری ئەم دەیگرێتەوە کە مەبەستمان لەم قسەیەش بەرهەم هێنانی شیعرە لەسەر بنەمای پایە و ڕەگەزی شیعری جۆراوجۆر بە مەبەستی بەرهەم هێنانی زیاتر لە گوتارێکی شیعری. ڕەنگە هەر ئەم دوو هۆیە کە لە بنەڕەتدا لە خاسێتە زیندووەکانی ئەزموونی شیعرین، لە بارێکی تردا وایان کردبێت کە خودی ئەم شاعیرە لە ڕووی دیاری کردنی شوێنەوە لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا زەرەرمەند بووبێت. چونکە لەبەر لاوازی باری توێژینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی زیاتر ئەو شاعیرانە بوونەتە جێگای قسە لەسەرکردن کە لە سەر یەك شێواز و بەهەمان ڕەگەز و توخمی بنیادنانی شیعرەوە هەر هەمان گوتاریان لە ئەزموونی شیعری خۆیاندا جویوەتەوە و دووبارە کردۆتەوە.

حەسیب قەرەداخی لەو ڕووەوە کە ئاڕاستەی جیاجیا لە شێواز و لە جیهانبینی شیعری ئەودا دەبینرێت، پانتاییەکی فراوانتری لە چاو بەشی زۆری نەوەکەی خۆیدا داگیرکردووە.

ئێمە لەم سەرەتایەدا هەوڵدەدەین لە لایەك پایە و ڕەگەزەکانی شیعری ئەم شاعیرە دەست نیشان بکەین لە لایەکی ترەوە ئاڕاستەی گوتاری شیعری ئەو دیاری بکەین و پاشانیش لە جێگا و پایەی ئەو لە شیعری نیوەی دووەمی سەدەی بیستی ئێمەدا قسە بکەین، هەروەها هەوڵدەدەین لە ڕووی شیکردنەوەی بنیادی پێکهێنەرانەوە ڕاڤەی دەقە شیعری "ئەودیوی شووشە" بکەین و هەر لەوێشدا بە شێوەیەکی پراکتیکانە بەشێك لە پرسیارەکانی ئەم شاعیرە و گوتارەکانی دەست نیشان بکەین.

مەبەستی ئێمە لە پایەکانی شیعری حەسیب قەرەداخی ئەو ڕەگەز و توخمانەیە کە ئەم شاعیرە کردونی بە بنە بۆ بنیادنانی دەقەکانی کە ئەوانیش دەشێ هەندێکیان لەسەر ئاستی دیار و بینراو بن و هەندێکیشیان لەسەر ئاستی نادیار و نەبینراو. ئەو ڕەگەز و توخمە سەرەکیانەی کە حەسیب قەرەداخی بەکاری هێناون لە بنیادنانی دەقەکانیدا بریتین لە ڕەگەزی مێژوو کە لە ئاستی یەکەمدا مێژووی کورد دەگرێتەوە، هەروەها بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەگەزەکانی کەلتور و کەلەپور و ئەفسانە و فانتازیای کوردی و فۆلکلۆر و سروشت و مرۆڤی کورد لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی بەرهەم هێنانی شیعری و شیعریەتن لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا.

ئەو ڕەگەزە مێژووییانەی کە زۆر بە ئاشکرا بەکاری هێناون زیاتر لە چوارچێوەی مێژووی نزیکدان مێژووی بابان، ئەردەلان و بزوتنەوەکانی کورد کە لەم بوارەشدا پاڵەوانی کوردی لە میر و سەرکردە و شاعیران و پیاوانی ناوداری کورد بوونەتە هێمای زیندوێتی و نەمری و خۆڕاگری لە بەردەم هەڕەشەکانی لەناوچووندا. ناوی میرەکانی بابان و شێخ مەحمود و قازی و بەرزانی چەندین شەهیدی نەتەوە هەوڵدانن بۆ دروستکردنی تاکە پاڵەوانێکی نموونەیی کە ڕۆحی کوردایەتی لە خۆیدا هەڵبگرێت و نەتەوە بەرەو ئاسۆی ڕزگاری ڕابەرایەتی بکات.

ئەفسانەی قەڵای دمدم و دوانزە سوارەی مەریوان و.. تاد لەو نموونە زیندووانەن کە حەسیب لە پێناوی بەرهەم هێنانی گوتاری شیعری خۆیدا بەکاری بردوون. بەکارهێنانی فانتازیا و ئەفسانەکانی خەج و سیامەند و شیرین و فەرهاد و شەم و وەلی.. بە مەبەستی بەرجەستەکردنی نموونەیەکی باڵا و خاوێن لە عیشق و قوربانیدان لە پێناوی خۆشەویستیدا دیسان لەو توخمانەن کە چەندین جار لای حەسیب لە شێوەی جیاوازدا بەکارهێنراون کە جارێك قوربانیدان بەرجەستە دەکەن جارێکی تریش ڕەسەنایەتی دەچەسپێنن. بەکارهێنانی جێگا و شوێنە مێژوویی و ناسراوەکانی کوردستان و سروشتی کوردستان دەبنە بنەما بۆ بەخشینی فەزایەکی دیار بۆ بەرهەم هێنانی گوتارێك کە ناسنامەی نەتەوەیی بوونی هەبێت، کاتێ قەسیدەیەکی درێژ بۆ یادی دامەزراندنی دوو سەد ساڵەی سلێمانی بەرهەم دێنێت، لەگەڵ بەرهەم هێنانی

شیعریەتدا سیناریۆی مێژووی میرنشینی بابان و ململانێی نێوان عوسمانی و فارسەکان لەسەر کوردستان و وێنەی بەرجەستەکراوی کەسێتی کوردی لە ڕووی عەقڵی و ڕەفتاری و کۆمەڵایەتیەوە پێشکەش دەکات و بەردەوامیش لە بەردەم ترسێکدایە کە ئەویش ترسە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی کە هەمیشە لە مێژووی ئێمەدا بووەتە هۆی شکست و لە دەستچوونی دەستکەوتەکان.

کاتێ شیعرێ بۆ نالی دەنووسێت، پێی وایە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەکو ئێمەدا، داهێنەر چارەنووسی ئاوارە بوونە، ئاوارەبوونیشی وەکو دەرئەنجامی گەیشتن بە ئاستی نامۆبوون سەیر دەکات و شکستی کەسێتی کوردی لە مێژوودا دەگێڕێتەوە بۆ ئەو نامۆبوونە هەمیشەییەی کە جەستەی مرۆڤی کوردی داگیرکردووە.

کاتێ قەسیدەیەك بۆ هەڵەپشیما دەنووسێت، لە یەك کاتدا پێداچوونەوەیەکی مێژووی شکستی ئێمە دەکات و هەم ڕەگەزەکانی شوێن چ وەکو جوگرافیا و چ وەکو دیمەنی سروشتی و چ وەکو پاشماوەی مێژوو دەکاتە ڕەگەزی بەرهەم هێنانی قەسیدەکەی و لە لایەکی تریشەوە چ لە ڕووی ئەو پاڵەوانانەی کە بەرجەستەیان دەکاتەوە وەکو بەشی هەرە زۆریان لە مێژووەوە دەهێنێتەوە چ لە ڕووی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان جوگرافیا جیاوازەکانی کوردستاندا و چ لە ڕووی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هێما و پاڵەوانە جیاوازەکاندا دەیەوێت گوتارێکی گشتگیر بەرهەم بهێنێت کە گوتاری مانەوەیە کە وەکو زووتر گوتومانە ئەم گوتارەش (هێشتنەوەی کورد) لە بەردەم هەڕەشەی لەنێوبردندا پێناسەی دەکات.

بەکارهێنانی ئەفسانە و فانتازیا و فۆلکلۆر و هێماکانی ڕابردوو سەرجەم هەوڵدانە بۆ سەلماندنی بوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی مەودا قوڵ بۆ کەسێتی کوردی کە ئەوەش دیسان دەبێتە پایەیەکی بەهێز بۆ بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی کە دیارە ئەو گوتارەی حەسیب بەرهەمی هێناوە گوتارێکی کراوەیە لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ بەهاکانی مرۆڤەوە و لە هەموو ئاستێکدا مرۆڤ دەکەوێتە بەرزترین ئاستەوە، ئەوەش بەندە بە تێڕوانینی پێ شکەوتنخوازانەی ئەوەوە کە بە هۆی کارکردنی بۆ ماوەی دوور و درێژ لەنێو حیزبی شیوعیدا و هەڵگرتنی ئایدیۆلۆژیای چەپ مەودایەکی فراوانتری بۆ بینینی ئەو

خولّقاندووە و سەرباری کارکردنی فیعلی ئەو لە دەرەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیدا گوتارێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانە بەرهەم دێنێت، هەروەك لە ئاڕاستەیەکی تری ڕوانینەوە کە گوتارێکی گشتگری مرۆیی بەرهەم دێنێت، شوێنی کوردیش لەو گوتارەدا دیار و ئاشکرایە وەکو نەتەوەیەك کە خەبات لە پێناوی بوون و ئازادیدا دەکات.

ڕەگەزەکانی سروشت لە ئەزموونی شیعری حەسیب قەرەداخیدا بەرهەم هێنانی ئاستێکی بەرزن لە جوانی، کە ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی بەخشینی چێژی ئێستاتیکی، بە تایبەتی هارمۆنیای سروشت لای ئەو بە جوانی ڕێکخراوە، هەر وێرانکارییەکیش کە ڕوودەدات، لە ئەزموونی ئەودا لە ئاستی یەکەمدا هارمۆنیای سروشت دەشێوێنێ، لە ئاستی دووەمدا سەرچاوەکانی جوانی بۆ بەرهەم هێنانی چێژی ئێستاتیکی دەکوژێت.

پایەیەکی تری شیعری حەسیب قەرەداخی پایەی تەسەوفە لەگەڵ وەرگرتنی هەندێ توخم لە مێژووی ئیسلام، کە بنەمای تەسەوف لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا زیاتر بەرجەستەی پاکژبوونەوەی ڕۆحی دەکات لەگەڵ توانەوە لە ئیشراقی ڕۆحی خواوەنددا، ئەوەش بە مەبەستی ونبوون نییە بەڵکو بە مەبەستی گەیشتنە بە پلەی (کەماڵ) چەند بارەبوونەوەی (أنا الحق) بە چەمکی (حەلاجی)یانە بانگەشەیە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی (کەماڵ) هەم ڕەتکردنەوەیەو هەم خاوێن بوونەوەیە. کاتێ لە شیعری (لەودیو شووشەی)دا دەچێتە ئەشکەوتی خەمەوە و پەیامی بۆ دێت کە ئەوەش لە شێوەی یۆتۆپیایەکدا بەرجەستە دەکات، بانگەشە بۆ پێغەمبەر بوونی خۆی دەکات، پێغەمبەرێك کە داوای هەستانە سەرپێ لە ئومەتەکەی دەکات، لەوێڕا خۆی وەکو ڕابەر و ئێمەش وەکو نەتەوە دەبینێ و داوای خۆ سەلماندن و خۆ نمایش کردنمان لێدەکات، واتە لای حەسیب قەرەداخی تەسەوف نە گۆشەگیرییە و نە تواندنەوەیە بە مەبەستی فەنا بوون لە ڕۆحی خواوەنددا بەڵکو بە مەبەستی خاوێن بوونەوە و گەیشتنە بە یەقین، بەڵام یەقینی خواوەند نا، بەڵکو یەقینی بوونی مرۆڤ بە هەموو بەهاکانی بوونەوە، یەقینی گەیشتن بە بوونێکی ڕاستەقینە و بەهادار لەم ژیانەدا.

پایەیەکی تری شیعری حەسیب قەرەداخی لەو ڕەگەزانەوە وەردەگیرێت کە پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانە و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە کە ئەویش پەیوەستبوونە بە

مرۆڤەوە کە زیاتر لێرەدا مرۆڤی کورد دەگرێتەوە کە چۆن، ئەم بوونەوەرە بالآیە لەچاو بوونەوەرانی تردا، لە بەهاکانی ڕووت دەکرێتەوە و بێ هیچ پێوەرێکی مرۆیی قەلاچۆ دەکرێت، برسی دەکرێت، سزا دەدرێت، لە بەها مرۆییەکان ڕووت دەکرێتەوە و دەکوژرێت یان دەکرێتە ئامێرێکی بێ بەها، لەم بوارەشدا بەکارهێنانی ئەم ڕەگەزە بە مەبەستی گێڕانەوەی بەها ڕاستەقینەکانی مرۆڤە بۆ خودی مرۆڤ خۆی کە ئەم ڕەگەزەش بە مەبەستی بەرهەم هێنانی گوتاری هیومانیزم بەکاردەهێنرێن.

پایەکی تری بەرهەم هێنانی شیعر لە ئەزموونی شیعری حەسیب قەرەداخیدا مەسەلەی مردن و ترسە لە مردن، ئەم پایەیە لە پێش مەرگی کەژاڵدا پانتاییەکی ئەوتۆی لە شیعری ئەم شاعیرەدا داگیر نەکردبوو، بەلام بە دوای ئەو ڕووداوەدا مەسەلەی مردن و جۆرێك لە قەدەریەت پانتاییەکی دیاری بەرهەمەکانی پانزە ساڵی دوایی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەگرێتەوە، هەندێ جار مردن وەکو گەیشتن بە دوا یەقین سەیر دەکات، هەندێ جاریش وەکو ترسێك لە بەرامبەریدا ڕادەوەستێت کە ڕزگاربوون لێی مەحاڵە، بەهەرحاڵ ئەو مردن تەنیا بۆ ئەوانی تر دەبینێ یان لە بوونی ئەوانی تردا دەبینێ بۆیە وەکو دەستی قەدەر بۆ ئەوانی تر سەیری دەکات، بەلام هەتا دوا شیعری کە بە چەند ڕۆژێکی کەم پێش کۆچکردنی لە نەخۆشخانە دەیڵێت هەست بەوە ناکرێت کە ئەم خۆی لە بەردەم مەترسی مردندا ترسی هەبووبێت یان تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بووبێت.

بەکارهێنانی ڕەگەزی مردن لەلای ئەو وەکو دیاردەیەك لە بەرامبەر ژیاندا سەیر دەکرێت و وەکو ململانێی بەردەوامی (ئیرۆس/ تاناتۆس) سەیری دەکات و پێی وایە هەرچەند لە ڕووی جەسەدییەوە مردن ئەو قەدەرەیە کە هیچ زیندەوەرێ لێی ڕزگار نابێت، بەلام بەلای ئەوەوە بە دەست هێنانی نەمری مردن دەبەزێنێ، دەشێ ئەم لە ناخی خۆیدا هەست بە جۆرێك لە نەمری بکات بۆیە ترس لە مردنی جەستە ئەوەندە نیگەرانی ناکات.

گوتاری شیعری حەسیب قەرەداخی بەپێی ڕەگەزو توخمەکانی بەرهەم هێنانی شیعرەکانی جۆراوجۆرن، کە دەشێ وەك ناوهێنان گوتاری نەتەوایەتی، گوتاری مانەوە، گوتاری چێژ، گوتاری پاکژبوونەوە، گوتاری یەکسانی، گوتاری هیومانیزم، گوتاری نەمری ناوبهێنرێت.

ئەگەر لە ڕووی شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعریەوە سەرنجی شاعیرانی نەوەی دوای گۆران بدەین کە حەسیب قەرەداخی وەکو دوا شاعیری ئەو نەوەیە دادەنرێت لە ڕووی مێژوویی و لە ڕووی ئەزموونی شیعریشەوە، ئەوە هاوشێوە بوونێکی ئاشکرا لە نێوان زۆربەیاندا هەیە لە هەردوو بواری شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعرییەوە. ڕەنگە هەر ئەو هاوشێوە بوونە بووبێتە پێوانە بۆ ئەوەی (ناو) بۆ هەندێ لە شاعیرانی ئەو نەوەیە دروست بکات کە دیارە ئەم تێڕوانینەش لە دەرەوەی مەسەلەی شیعر و شیعریەت بەرهەم هێنراوە، لەبەرئەوەی لە ئەزموونی نەوەی دوای گۆراندا یەك ڕوانینی گشتی بۆ مەسەلەی شیعر و شیعریەت هەبووە و ئەویش بە پێی ئەو هێڵ و ئاڕاستە باوە بووە کە ئەو نەوەیە شیعریان پێنووسیووە ئەویش لە ڕووی شێوازی شیعرییەوە یەك شێوازی جێگیری هەبووە کە درێژکراوەی ئەو شێوازە شیعرییە بووە کە گۆران پێی نووسیووە.

لە ڕووی جیهانبینی شیعریشەوە دوو ئاڕاستەی دیار لەو قۆناغەدا بالادەست بووە کە ئاڕاستەی چەپ و ئاڕاستەی نەتەوەیی بووە. دەشێ لە ئاستێکی لاوازدا جیهانبینی جیاواز لەو دوو بووە کە دەشێ وەکو دوو گوتاری جیاواز لە ڕووکەشداو هاوشێوە لە ماهیەتدا سەیر بکرێن، مەبەستمان لە هاوشێوە بوونی ئەو دوو گوتارەش لە گەوهەر و ماهیەتدا ئەوەیە کە بەو ئەندازەی ئەو دوو گوتارە، گوتاری سیاسی بوون ئەوەندە گوتاری شیعری نەبوون و بگرە زۆر جاریش ئاستی شیعریەت لەسەر بالابوونی دروشم و شێوازی ڕاستەوخۆی دواندنی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا هاتۆتە خوارەوە.

حەسیب قەرەداخی سەرەتای دەست پێکردنی دەکەوێتە ئەو قۆناغەوە، بەلام وەك گوتمان دوا کەسی ئەو نەوەیە بۆیە دەشێ هەم هەموو خاسێتەکانی شیعری ئەو نەوەیە وەکو لای شاعیرانی تر دیارن لای حەسیب قەرەداخی بەو جۆرە نەمابن و بەرجەستە نەکرابن. هەروەك لە لایەکی تریشەوە خاسێتی جیاواز و بنەمای جیاواز لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا دەرکەوتبن، بە مانایەکی تر دەشێ ئەزموونی شیعری حەسیب قەرەداخی وەکو ئەزموونێکی شلۆق و ناجێگیر لە ڕوانگەی ئەوانی پێش خۆیەوە سەیر کرابێت و ئەوەش وایکردبێت لە ڕیزی ئەزموونی خۆیاندا حسابی نەکەن، من پێم وایە

لەبەر ئەم هۆیەیە کە کاتێ کاکەی فەلاح باسی کاروانی نوێی شیعری کوردی دەکات خۆیی و چەند ناوێکی تریش دەخاتە ڕیزی ئەو کاروانەوە کە لە ڕووی بەرهەم هێنانی شیعریەت و تێگەیشتن لە چەمکی شیعرەوە زۆر لە دوای حەسیب قەرەداخی‌یەوە دێن. بە ئاشکراش جگە لە کامەران و دیلان و هەردیش بە بەرهەمێکی کەمەوە هیچ کام لەو شاعیرانەی نەوەی دوای گۆران تاکو نەوەی حەفتاکان ئەوەندەی حەسیب قەرەداخی شوێنیان دیار نی‌یە چ لە ڕووی شێوازی شیعرییەوە چ لە ڕووی جیهانبینی شیعرییەوە.

حەسیب قەرەداخی سەرباری ئامادەبوونی دیاری لە بەرهەم هێنانی شیعردا لە سی ساڵی ڕابردوودا، دیسان نەوەی حەفتاکان و دواتریش لەبەر بوونی هەندێ لە خاسێتەکانی ئەزموونی دوای گۆران لە شیعرەکانیدا بە شاعیری نەوەی پێش خۆیان داناوە. بەڵام لە ڕاستیدا شوێنی حەسیب یان ئەزموونی حەسیب ئەو خاڵە شلۆقەیە کە خاڵی وەرگەڕانە لە نەوەی دوای گۆڕانەوە بۆ نەوەی حەفتاکان واتە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە لە نەوەی دوای گۆڕانەوە دەست پێدەکات و دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای ئەو نەوەیە.

واتە ئەزموونی شیعری حەسیب قەرەداخی لە نێوان دوو ئەزموونی شیعری کوردیدا دابەش دەبێت، ئەزموونی دوای گۆڕان، ئەزموونی نەوەی حەفتاکان، لە هەردوو قۆناغەکەشدا لەسەر بنەمای بەرهەم هێنانی شیعریەت جێگای دیاری خۆی هەیە و دەتوانم بڵێم ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیووە شوێنی ئەم شاعیرە و چەندین شاعیری تریش دیاری بکات.

حەسیب قەرەداخی هەرچۆن لە ڕووی ئەزموونی شیعریەوە کەوتۆتە نێوان دوو ئەزموون، هەروەها لە ڕووی هەڵوێستی فیکری و سیاسیشەوە لە نێوان چەپ و نەتەوایەتیدا دابەش بووە، بە بۆچوونی من لە کاتێکدا ئەم دوو دابەش بوونە ئەزمە وونی شیعری ئەوی دەوڵەمەند کردووە، لە هەمان کاتیشدا وایکردووە کە ڕەخنەی لاوازی ئەدەبی کوردی لە ڕابردوودا نەتوانێت شوێنی ئەم شاعیرە دیاری بکات و ئاخاوتنی جدی لەسەر بەرهەمەکانی بکات ئەویش لە لایەك بە هۆی لاوازی ئاستی ڕەخنەوە، لە لایەکی تریش بە هۆی ئەو دابەشبوونەیەوە لە نێوان دوو ئاستی تێڕوانیندا، لە بری ئەوەی هەر ئاستە وەکو بەشێك لە خۆی سەیری بکات، بە

پێچەوانـەوە هـەر یەکـەیان خسـتبێتە پـاڵ ئاڕاسـتەکەی تـر.. بـە هـەرحاڵ ئەگـەر تـاکو ئێسـتاش بەرهـەمی شـیعری ئـەم شـاعیرە لـە جێگـای شـیاوی خــۆی دانــەنرابێت، ئــەوا بێگومان حەسیب قەرەداخی لە مێـژووی شـیعری کوردیـدا جێگایـەکی دیـاری بـۆ خـۆی گرتووە و لە ڕیزی ناوە هەرە دیارەکانیدا جێگای خۆی کردۆتەوە.

**یۆتۆپیای ڕزگاربوون لە شیعری ( ئەودیوی شووشە )ی حەسیب قەرەداخیدا**

(ئەو دیوی شووشە) ناونیشانی شیعرێکی حەسیب قەرەداخیە کـە لـە سـاڵی ١٩٨٥دا نووسیوویەتی، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگای شـیکردنەوەی بنیـادی پێکهێنەرانـەی دەقەکەوە، هەم ئاڕاستەی ئەو پرسیارانە دیاری بکەین کە ئـەم دەقـە بـەرزی دەکاتـەوە، هـەم بـە دوای دەسـت نیشـانکردنی جیـهانبینی دەقەکـەدا بڕۆیـن. بـەڵام پێـم باشـە لــە سەرەتاوە دە قی شیعرەکە لێرەدا بنووسمەوە هەتا خوێنەر لە نزیکـەوە بتوانێـت لەگـەڵ لێکۆڵینەوەکەدا دەقەکەش بخوێنێتەوە. دەقی شیعرەکە ئەمەی خوارەوەیە:

من مەلێکی لانەوازم وێڵی دوای هێلانەمم
من نمەی بارانی ئەو دیو شووشەکەی وێرانەمم
من غەریبم خۆم ئەزانم ئەم ژیانە لایە لێم
تۆ نەبی ئەی خەونی مەستم کێ دەزانێ ڕوو لە کوێم
بیرو مادە.. کێ هەوەڵ بێ، گەوهەری تاکی منی
دەنگ و هاواری منی تۆ خوردو خۆراکی منی
ئەی فەریزەی ئاینی دڵ هەر ئەدای تۆ ساتمە
ڕاو و ڕەسمی مەیکە دەی نوێ باوەڕی دوو پاتمە
قایلم بەم داخ و دەردەی بۆ ئەوین پێشوازیە
با گرفتاری خەمم بم، پێم مەڵێن نارازیە،
ئەی نیگاری پڕ لە کێشەم ڕەنگی ئازار دەرمەخە
ڕەنگی ئازار توخمی عیشقە، بۆ نەزانی سەرمەخە
خۆم لە خۆما ڕەنگی عیشقم تێکەڵاوی خوێنمە

ئەو لە گەردوونی نیهادما ناونیشانی شوێنمە
من لە ئەشکەوتی خەما بووم وا پەیامێ هاتە خوار
کوێرە دێش بێ هەستە جارِدە: خەڵکە وا من بووم بە شار
من مەلێکم لانەوازم، وێڵی دوای هێلانەمم
من نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی وێرانەمم

١٩٨٥/٨/٧

(ئەو دیوی شووشە) یەکێکە لە شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی کە لە ساڵی ١٩٨٥دا نووسیوویەتی. لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم شیعرە بکەین لە ڕووی بنیادی زمانی شیعرەکە و ئەو ڕەگەزانەی کە بەشدارییان کردووە لە بنیادنانی ئەم دەقەدا.

سەرەتا لە ناونیشانی دەقەکەوە دەست پێدەکەین "ئەو دیوی شووشە". "شووشە" یەکێکە لەو پێکهاتانەی کە مێژووی دۆزینەوەی تا ئەندازەیەك دێرینە، بەڵام خاوەنی خاسیێتێکی تایبەتە ئەویش ئەوەیە کە توانای شاردنەوەی هیچی نییە، یان دەتوانین بڵێین هیچ نهێنییەك ناپارێزێت، واتە خاسیێتی ئاشکراکردنی هەیە. هەر لێرەوە ئەو مەدلولە ئاشکرا دەبێت کە شووشە وەکو بەشێك لە ناونیشانی ئەم شیعرە هەڵیدەگرێت، ناونیشانی شیعرەکە تەنیا (شووشە) نییە بە تەنیا، بەڵکو وشەی (ئەو دیو)یشی لەگەڵدایە کە وشەی (ئەودیو) سەرنجمان بۆ ئەو لێکدانەوەیە ڕادەکێشێت کە شووشە سەرباری نەتوانینی شاردنەوەی شتەکانی ئەو دیوییەوە بەڵام دەبێتە بەربەست لە بەردەم هەستی بەریەککەوتندا، واتە ئەگەر شووشە نەتوانێت ڕێگا لە چێژی بینین بگرێت، ئەوا وەك هەر بەربەستێکی تر چێژی بەریەککەوتنی پێدا ناگوێزرێتەوە، واتە لە بەردەم بەریەککەوتندا شووشە مادەیەکی بەربەستکەر و پەرتکەر، ئاسایی بۆ هەر شتێك بێ چێژ بێت دەگوترێت دەڵێی ماچی ئەودیوی شووشەیە.

ناونیشانی ئەم شیعرەیە ڕۆڵی (سروشتی) ناونیشان دەبینێ و کلیلی کردنەوەی دەقەکەمان پێشکەش دەکات، واتە لەو ئاماژە بەخشینەوە کە ناونیشانەکە پێشکەشی

دەكات ڕێگای كردنەوەی دەقەكـە و شـۆڕبوونەوە بـۆ ئاسـتە نادیارەكـانی ئاسانكاریی بـۆ دەكرێت. پێش ئەوەی بگەینە شیكردنەوەی دەقەكە ئامـاژە بـۆ دەسـتەواژەیەك دەكـەین كـە ئـەویش "ئـەودیو شووشـەكەی وێرانـەمم". هـەر لـێرەوە خـەیاڵمان بـەلای ئـەو لێكدانەوەیـەدا دەچێت كـە (وێرانـە) مەبەسـت لـە (ژوورە) و شووشـەیش شووشـەی پەنجەرەكەیەتی، یان وێرانە نیشتمانە و شووشەش مێژووی وێنەگیراوی ئەو وێرانەیـە. كەواتە لێرەوە زەمینەیەك بۆ ئاخاوتن لەسەركردن دەردەكەوێت ئـەویش (شـوێن)ە كـە (شوێن)یش لێرەدا جێگای نیشتەجێ بوونە، كە دەشێ بە (نیشتمان)ی دابنێین.

-٢-

شاعیر هەر لە دەستپێكی دەقەكەوە خۆی دەدوێت بـە ڕانـاوی كەسـی یەكـەمی تـاك لـەو دواندنەشـدا تیشكێ دەخاتـە سـەر ناسـنامەی خـۆی و لـە لێكچوواندنێكـدا خـۆی دەناسێنێت كاتێ خۆی بە مەلێكی لانەوازە پێشكەش دەكـات كـە وێـڵ و سەوداسـەرە بـە دوای هێلانەدا. بۆیە لێرەوە ئەو پرسیارە سـەرهەڵدەدات ئایـا (مـن) كێیـە لـە سـنووری دەقەكەدا؟ ئەی لە واقیعـی دەرەوەی دەقەكـەدا مـن كێیـە؟ لـێرەدا لـە دوای دۆزینـەوەی وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە ناگـەڕێین بـەڵكو ئاڕاسـتەكردنی پرسـیارەكان زیـاتر ڕێگـای كردنەوەی دەقەكەمان بۆ ئاسان دەكات.

(من) كە قسەكەری دەقەكەیە و لە ئاستی یەكەمدا وەكو شاعیر خۆی نیشـان دەدات كە كەسێكە لە هەوڵی دۆزینەوە و بە دەسـت هێنـانی ئامانجێكدایـە كـە ئـەو ئامانجـەش هێلانەیە، هێلانە بریتـییە لە شوێنی حەوانەوە و ئـارامگرتن و پاراسـتن، بـە مانایـەكی تر هێلانە بۆ ئەوی مرۆڤ بریتییە لە ماڵ یان لە نیشـتمان. كەواتـە لـێرەدا پـەیوەندی ئەمی قسەكەری شیعرەكە و شوێن كە ماڵ یاخود نیشـتمانە ئاشـكرا دەبێت. بـەڵام ئـەم قسـەكەرە لـە سـاتەوەختی قسـەكردنیدا لـە دەرەوەی هێلانـەی (نیشـتمان)ی خۆیـەتی ئەویش لە قسەكانی خۆیدا ئاشكرا دەبێت كـە وێڵـە، شـوێنی لێ ونبـووە یـان لـە دەسـتی چووە یان لێی داگیركراوە، هەروەك (وێڵ بوون) بە ئاڕاستەی كەسێتی (من) گەیشتن بە حاڵەتی ونبوون و جیاكردنەوەو پەرتبوون نیشان دەدات كە لـە دوای ئـەم حاڵەتەشـەوە گەیشتن بە ئاستی نامۆبوون ئامادەبوونی هەیە، چونكە لە ئاستێكی ئاشكرای دەقەكـەدا

کەسێتیێکی پەرتکراو لە شوێن دەبینرێت کە ئەوەش گواستراوەتەوە بۆ ئاستی هەستکردن بە ونبوون چ ونبوونی مەعنەوی بێت لەو ڕوانگەیەوە کە (من) هەست دەکات کە تەنیا لە پەیوەستبوونیدا بە شوێنەوە ئامادەبوونی هەیە، چ ونبوونی سایکۆلۆژی بێت کە (من) هەست بە پەرتبوون لە شوێن دەکات کە مەبەست لە شوێنیش زەمینەی بوون و خۆسەلماندنە، ئەم لەم حاڵەتی پەرتبوونەدا هەست بە ئاوارە بوون دەکات کە ئەوەش دەیگەیەنێت بە باری نۆستالجیا واتە پەرۆش بوون بۆ شوێنی لە دەست چوو بەردەوام هەستی نامۆیی بەهێز دەکات و گەڕان بە دوای (هێلانە)دا هەوڵدانی (من) لە سنووری دەقەکەدا بۆ کۆتایی هێنان بەو حاڵەتی نامۆییە نیشان دەدات

من مەلێکی لانەوازم وێڵی دوای هێلانەمم

من نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی وێرانەمم

(من)ی شاعیر خۆی وەکو نمەی باران نیشان دەدات و دەناسێنێت، ڕاستەوخۆ کە ئەو ناساندنە دەبینین (باران) خەیاڵمان بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەبات کە پرۆسەیەك بۆ خاوێن کردنەوە، بۆ پاکژبوونەوە یان بۆ ژیانەوە لە ئارادا بێت چونکە باران ئەو مانایانە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بەلاّم لێرەدا باران لە شێوەیەکی جیاوازدا وەسف دەکرێت بە جۆرێك کە بیر لە لێکدانەوەی جیاواز بکرێتەوە بۆی. کاتێ ئەو وێنەیە دەبینین، ئەو ساتانەمان دێتە پێش چاو کە لە دەرەوە نم نم باران ببارێت و ئێمەش لەم دیووەوە سەرنجی لێ بدەین، بێگومان ئەم وێنەیە جوانیەکی مەودا قوڵی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، کە دەمانگێڕێتەوە بۆ ساتەوەختی چێژ وەرگرتن لە توخمە جوانەکانی سروشت، ئەو سروشتەی کە شێوازی پێکەوە گونجاو و هارمۆنیای باڵای دەبنە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئێستاتیکای سروشت و بینینیش ئەو کردەیە کە چێژ دەستەبەر دەکات لەو جوانیە، شاعیر وێنەیەکی ئەو دیمەنەمان بۆ دەکێشێت کە بەبێ ئاشکرابوونی مەبەستی ئەو بۆ بەرجەستەکردنی حاڵەتێکی جوان بۆ چێژبەخشینی ئێمە لە دەرەوەی کردەی بینین بەڵکو لە کردەی تەسەورکردندا دەگەینە ئاستی چێژ وەرگرتن لەو جوانیە کە ئەوەش یەکێکە لە وەزیفەکانی هونەر واتە وەزیفەی چێژ وەرگرتن.

ئەم نمەی بارانی ئاسایی نییە، بەڵکو نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی ویرانەیەتی، پێشتر بە جۆرێك ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە دەشێ (ویرانە) ماڵ، یا نیشتمان بگرێتەوە، واتە دەربڕینێکی ترە بۆ وشەی (هێلانە) لە دێڕی یەکەمدا. ئەم وێڵی دوای دۆزینەوەی یان گەیشتنەوەیە بە هێلانەکەی خۆی، بەڵام ئێستا لە کردەی گەڕان و پشکنین دا هەست دەکات نیشتمان واتە (وێرانەکەی) بە بەربەستێك لەو پەرت کراوە و بە ئاسانی دەستی پێی ناگاتەوە، ئەو بەربەستەش شووشەیە، دیارە ئەم لەناو وێرانەکەیدا نەماوە بەڵکو بۆتە نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی، واتە لێرەوە گەڕان بە دوای هێلانەدا و بوون بە نمەی بارانی ئەودیو پەنجەرە هەمان حاڵەت نیشان دەدەن کە لە هەروو وکیاندا (من)ی شاعیر لە نیشتمان لە زێدو جێگای خۆی پەرت کراوە، دەشێ ئەو پەرتکردنە، پەرتکردنێکی مەعنەوی یان سایکۆلۆژی بێت و جۆرێك لە نامۆبوونی بەرهەم هێنابێت، ئەوەش وای لێکردبێت سەرباری ئەوەی کە لەسەر زێد و نیشتمانی خۆیەتی هەست بە پەرتبوون و جیابوونەوەی خۆی لە نیشتمان بکات و خۆیی وەکو کەینونەیەکی دوورخراوە و جیاکراوە لە نیشتمانەکەی ببینێت.

هەروەك دەشێت پەرتبوون و هەستکردن بە ئاوارەبوون لە هێلانەی خۆی لێکدانەوەیەکی مێژوویی سیاسیشی بۆ بکرێت و (من)ی شاعیر سەرباری ئەوەی لەسەر زێدو نیشتمانی خۆیەتی بەڵام لەسەر ئەو زێدو نیشتمانە هەست بە بوونی خۆی نەکات، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە کاتێ نیشتمان دەبێتە (شوێن)ی حەوانەوەو ئۆقرە گرتن و ئارامی کە خاوەنی ناسنامە بێت، مەبەستیشمان لە ناسنامە ئازادی و سەربەخۆیی و کەسێتی دیارە بە جۆرێك کە تیایدا ئەمی هاونیشتمانی خاوەنی بوونی خۆی بێت و خاوەنی بڕیار بێت، بە مانایەکی تر (هێلانە) کاتێ ناسنامەی هەیە کە (ئەم)ی خاوەنی خۆی تیایدا لە ڕووی ڕۆحی ئازادییەوە گەیشتبێتە حاڵەتی بڵندبوون و گەیشتبێتە پلەی ڕەها لە هەست کردن بە بوونی خۆی.

بێگومان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ئەم شیعرەی تێدا نووسراوە کە ساڵی (١٩٨٥)ە دەبینین نیشتمان لە بارودۆخێکی ناهەمواردایە و نەك بە گوێرەی (من)ی شاعیر کە دیارە (من) لێرەدا لە شێوەیەکی تردا هەموو ئێمە

دەگرێتەوە وەکو نەتەوە بەڵکو بە گوێرەی نەتـەوە، نیشـتمان لـەو ڕووەوە کـە زەمینـەی بوون و ژیانی ئێمەیە، ئێمە نەك هیچ مافێکمـان نـەبووە تیـایدا بـەڵکو نیشـتمان تـەنیا ئەو شوێنە بووە کە وەکو بەندیخانەیەکی گەورە هەمووماني تێدا بەندکراوین، ئـەویش لـەو ڕووەوە کـە نیشـتمان لـە مێـژووی ئێمـەدا نـەیتوانیووە ببێتـە زەمینەیـەك بـۆ دەستەبەرکردنی (بوون)مـان کـە بێگومـان (بـوون) تـەنیا لـە ئـازادیدا فەراهـەم دەبێت، کاتی کە ئێمە لەسەر نیشتمانەکەی خۆمان هیچ ئازادیەکمان نـەبووبێت واتـە زەمینـە بۆ خۆسەلماندنمان ئامادەبوونی نەبووە، لە حاڵەتێکی وەهاشدا کە ئێمـە نـەمانتوانیبێت بوونی خۆمان بسەلێنین، کەواتە با لەسەر خاکی نیشـتمانیش بووبـین، ئـەو بوونـە لـە ڕووی گەوهـەر و ماهیـەتی بوونـەوە بەهایـەکی ئـەوتۆی نـەبووە، هەربۆیـە لـە حاڵـەتی هەستکردن بە غەریبدا بووین و وەك مەلێك کە لە هێلانـەی خـۆی پـەرت کرابێـت بـە دوای نیشتمانی خۆماندا گەڕاوین، گەڕانیشمان زۆربەی کات ئەنجامێکی ئەوتۆی نـەبووە چونکـە لـە گـەڕانماندا بووینەتـە نمـەی بـارانی ئـەو دیـو شووشـەی پەنجـەرەی نیشـتمانەکەمان واتـە نـەمانتوانیووە وەکـو بکـەرێکی ڕووداو دروسـتکەر شووشـەی پەنجەرەی پەرتکردنمان لە نیشتمان بشکێنین و بێینەوە ناو نیشـتمان، دیـارە مەبەسـت لەو شووشەیەش زیاتر ئـەو بەربەسـتە مەعنەوییەیـە کـە ئـەوانی تـر لـە ڕێگـای هێـزو دەسەڵاتەوە ئێمەیان پێ لە نیشتمان دوورخستۆتەوە، بە جۆرێك کە وەکو بوونەوەرێکی ناپەیوەست و بێ ڕەگ و ڕیشە لەسەر ئـەم خاکـە ماوینەتـەوە بـەبێ ئـەوەی مانـەوەمان ماناکانی بوونی تیا بەدەسـت هـاتبێت، ئەمـەش لـە ئاسـتێکی قوڵـتردا ئـەو لێکدانەوەیـە هەڵدەگرێت کە ئێمە لە مێـژووی ڕابردوومـاندا مـادەم خۆمـان خـاوەنی بوونـی خۆمـان نەبووین لەسەر خاکی خۆمـان واتـە ئـەو بوونـەمان مانایـەکی ئـەوتۆی نـەبووە و وەکـو جۆرێك لە زیندانی وا بووین لەسەر ئەو خاکەی کە نیشتمانی ئێمەیە، لـەو حاڵەتەشـدا لە لایەك ئێمە بوونی خۆمان لە ڕوانگەی چەمکی هاونیشتمانی بوونەوە لـە دەسـتداوە، لە لایەکی ترەوە نیشـتمان لـە ڕوانگـەی چـەمکی نیشـتمانەوە بـۆ دروسـتکردنی مێـژوو، شارسـتانی، بـۆ دابـین کـردن و ڕەخسـاندنی زەمینـەی بـە دەسـت هێنـانی ناسـنامەی نەتەوەیی بە مانا گشتییەکەی ئەویش بوونـی خـۆی ونکـردووە، کـە دیـارە بـە گوێـرەی

ئێمە وەكو نەتـــەوە دەشــی هــەم مــەحكوم بكرێــن بــەوەی كــە بۆچــی نـــەماتوانیووە پارێزگاری لە هاونیشتمانی بوونی خۆمان بكەین، هــەم بۆچـی نـەمانتوانیووە مانـای لـە دەسـت چـووی نیشـتمان بـۆ نیشــتمانەكەمان بگێڕینــەوە، بــەڵام دیــارە نیشــتمان لــەم ڕوانگەیەوە وەكو ئێمە ناكەوێتە بەردەم لێپرسینەوەوە.

-٣-

(من)ی شاعیر لە ساتێكدا بە دوای دۆزینەوە و گەیشتنەوە بە نیشـتماندا دەگـەڕێت، دەشێ ئەو گەڕانە گەڕانێكی مەعنەوی بێت بۆ دۆزینەوەی ماناكانی هاونیشتمانی بــوون یــان نیشـتمانپەروەری. دەشــێ وەهایشــی لێــك بدەینـــەوە كــە ئـــەو وێــڵ بـــوون و سەوداسەرییەی ئەو بۆ گەیشتنەوە بە مانای نیشتمان، بە نیشتمانێك كە (بوون) تیـایدا مانـای ڕاستەقینەی خۆیـی هـەبێت، گـەڕانێكی شۆڕشـگێڕانە بێـت و (مـن) ڕووبــەرێكی فراوانتر بگرێتەوە و ببێتە خەباتی نەتەوەیی ئێمە بۆ ڕوخاندنی ئەو بەربەستانەی كە لە نێوان (ئەم)ی وێڵی دوای هێلانە و هێلانەدا دروستكراون.

ئەوەی لێرەدا و هەر لە دەســتپێكی شـیعرەكەوە ئاشـكرا دەبێت ئەوەیـە كـە (مـن)ی شاعیر لە حاڵەتی هەسـتكردن بـەو بـاری شكسـتەدایە و گـەڕانیش بـە دوای دۆزینـەوەی مانای نیشتماندا لەوێوە لەو سەرەتایەوە دەست پێدەكات.

(من)ی شاعیر لەودیوی پەنجەرەی نیشتمانەوە ڕاوەستاوە و دەشزانێت كـە نیشـتمان (وێرانــە)یـە. بـە واتـا (مـن) لـە قۆنـاغێكدا كـە هەسـت دەكـات ئـەو لـە چ بارێكدایـەو چ كـاتێكیش دەتوانێـت لـەو حاڵەتـە ڕزگـاری ببێـت كـە حاڵـەتی شكسـت و نائامادەبوونـــە، حاڵەتێكە تیایدا پایـەكانی بـوون بـەرەو هـەرەس پێـهێنان و ڕوخـاندن دەبرێـن. ئەگـەر سەرنـج بدەین ئەوەی لە نێوان ئەم و نیشتماندا بۆتە بەربەست (شووشــە)یـە واتـە ئـەو لەودیووەوە بە چاكی دەبینێت نیشتمان چیـیە و لە چ حاڵەتێكدایە. واتـە شووشـە ئـەو بەربەستەیە كە وەكو لـە سەرەتاوە گوتمان هیچ نهێنییەك ناشارێتەوە، لێرەشدا شووشە ناتوانێت هەم باری ناهــەمواری ئێسـتای نیشـتمان حەشـاربدات هـەم مێـژووی شكسـت و وێرانەی ڕابردوو بشارێتەوە.

دەشێ (من)ی شاعیر کاتێ باسی مێژووی شکست و وێرانەی ئێمە دەکات پێمان بڵێت کاتێ لێرەوە و لە ساتەوەختی ئێستادا دەڕوانێت بە مێژووی ئێمەدا هەست بەوە ناکات هیچ بەربەستێك هەبێت ئەو مێژووەی لێ ون بکات، بەڵکو ئەمە بە ئاشکرا هەموو شتەکان دەبینێت، تەنانەت سەرباری دوورودرێژی ئەو مێژووە بەلای ئەوەوە وەکو ئەوە وایە سەرجەم ئەو مێژووە لە ساتەوەختی ئێستادا لەودیوی شووشەی پەنجەرەیەکەوە کۆکرابێتەوە و ئەم بە ئاشکرا هەمووی ببینێت، مەبەست لەوەش ئەوەیە ئەو بە جۆرێك دەڕوانێت کە بە چاکی ڕووداوەکانی ئێستا و ڕابردوو دەبینێت و هەر ئەو بینینەشە کە وای لێکردووە هەست بە ئاوارەیی و پەرتبوونی خۆی لەو مێژووە لە نیشتمان بکات. کەواتە لێرەوە دەگەین بەو خاڵەی کە هەست بە ئاوارەکردنی شاعیر لەژێر فاکتەری مێژوویی -سیاسی- کۆمەڵایەتیدایە و کۆتایی هێنانیش بە حاڵەتی لانەوازەیی و ئاوارەیی و غەریبی کۆتایی نایەت هەتا ئەم هێلانەی خۆی نەدۆزێتەوە، هەتا لەناو هێلانەی خۆیدا ئازادی ڕەهای خۆی بەدەست نەهێنێت، تا نەبێتە خاوەنی ناسنامەی خۆی، تا ئەو هێلانەی کە ئێستا وەکو وێرانە دەیبینێت نەکاتەوە بە ئاوەدانی.

بە مانایەکی تر ئاوارەیی بەردەوام دەبێت هەتا لە ڕوانینی ئەمەوە نیشتمان کە لە (هێلانە)دا بەرجەستەکراوە سەرجەم ماناکانی نیشتمانی نەبێت و تاکو ئەمیش لەسەر ئەو نیشتمانە نەبێتە بکەری خاوەن بڕیار ئەوا ئەم هەر بە لانەوازەیی دەمێنێتەوە ئەگەرچی لەناو خودی هێلانەکەشدا بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (بوون) بەبێ ئازادی، بەبێ سەربەخۆیی هیچ مانایەکی نییە.

-٤-

من غەریبم خۆم ئەزانم ئەم ژیانە لایە لێم

تۆ نەبی ئەی خەونی مەستم کێ دەزانێ ڕوو لە کوێم

جارێکی تر شاعیر خۆی دەناسێنێتەوە بەوەی کە غەریبە و دەشزانێت کە ژیان لەگەڵ ئەودا ناجۆرە. ئەگەر وای لێکبدەینەوە کە شاعیر وەکو خودی خۆی بە تەنیا لە خۆی دەدوێت و ئێش و ژانەکانی خۆی نمایش دەکات و بە جۆرێکیش ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە گەردون نیشان دەدات کە بەو جۆرە ناکۆك و ناجۆرە لەگەڵ ئەم، لەم

حاڵەتەشدا تاکە ڕزگارکەری ئەم، (خەونی مەستە). دەشێ ئەمە ئـەو لێکدانەوەیـە بێـت کە لە ئاستی یەکەمدا بۆ حاڵەتی غەریبیەکەی ئەو بکرێت، بـەڵام کاتـێ لـەناو سیاقی دەقەکـەدا سـەرجەم ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی دەقەکـە پێکـەوە کۆدەکەینـەوە ئـەوا لـە ئاستێکی قوڵتردا لێکدانەوەی دەقەکە دەکرێـت، کـە دەقەکـە وەکـو پێکهاتەیـەکی ئۆرگانی کـە سەرجەم ڕەگەزەکانی پێکەوە بەستراون بەرهـەم هێنـانی جیهانبینی‌یەکە کـە سـەرجەم ئـەو ڕەگەزانـە بـەو ئاڕاسـتەیە کاردەکەن. بۆیـە لـێرەوە دیسان جارێکی تـر (مـن) سـنووری تاکـە کەسـی شـاعیر بـە جـێ دەهێڵێـت و دەبێتـە (مـن)ی نەتـەوە. غـەریبیش حاڵەتی نـامۆبوونی نەتەوەیە بەرامبەر بە بوون و ماهیەتی خۆی، بەرامبەر بە زێدو نیشتمانی خۆی.

ئەو کاتـێ هەسـت بـە غـەریبی خـۆی دەکـات ڕاسـتەوخۆ لـەوەش تێدەگـات کـە تـاکو ئێسـتا زنجـیرەی ڕووداوەکـان وەهـا نەڕۆیشـتوون کـە بـە قـازانجی ئـەم بجوڵێـن، ئەمـەش بـەرەو ئـەو لێکدانـەوەمان دەبـات کـە شـاعیر سـەرباری ڕوانینـی بـۆ مەسـەلەکان لـە ڕوانگەیەکی مێژووییانەوە کە زیـاتر لێکدانەوەیـەکی مادیانـە بـە خـۆی دەگرێـت بـەڵام لێرەدا جۆرێك (قەدەریەت) نیشان دەدات و بڕوای بەوەیە کە جۆرێك لـە بڕیـاردان لـە دەرەوەی خـودی ئێمـەدا هەیـە و کاتـێ ئێمـە گەیشـتووین بـەم حاڵـەتی شکسـت و وێرانەییـە، چارەنووس بەشـدارە لـە دروسـتبوونی ئـەو حاڵەتـەدا. لێرەشـەوە ئەگـەر بیرکردنەوە بەو ئاقارە بێت ئـەوا گرنگی‌یـەکی ئـەوتۆ بـۆ جوڵانـدن و هەوڵـەکانی ئێمـە نامێنێتەوە، کاتێ چارەنووس لە شوێنێکەوە بڕیـار بدرێـت کـە لـە دەرەوەی دەسـەڵات و مەودای دەست پێگەیشتنی مرۆڤ بێت. بەڵام دیسان حاڵەتی هەست بـە غـەریبی کـردن و نـامۆیی لەگـەڵ بڕوابـوون بـە قـەدەر جـۆرە ناکۆکیـەك هەیـە لـە نێوانیـاندا، چونکـە ئەگەر مرۆڤ بڕوای بەوە بوو کە ئەوەی ڕوودەدات قەدەرە و چارەنووس بڕیاری دەدات، ئەوا دەبێ لە بەرامبەریدا جۆرێك لە دڵنیایی، لە یەقین ئامادە بێت، دڵنیایی و یەقینی ئـەوەی کـە سـپاردنی هـەموو شـتێکە بـە قـەدەر و چارەنووس کـە ئـەویش ڕازی بـوون بەوەی کە ڕوودەدات لە پشتی‌یەوە وەستاوە.

ئەگەر ئێمە بڕوامان وابێت کە قەدەری ئێمە ئەوە بووە کە بەو جۆرە بە وێرانـەیی و بێ هێلانەیی بمێنینەوە، ئەوا دەبێ لەگەڵیدا جۆرێك لـە ڕازیبوونیـش بەرامبـەر بـەو

حاڵەتە هەبوایە، کـە لـە ڕاسـتیدا نـەك خـودی ئێمـە لـە دەرەوەی شـاعیر، بـەڵکو شـاعیر خۆی تەنانەت لە سنووری دەقەکەیدا بەو حاڵەتی شکست و وێرانەییەیە و تەنانەت بەو قەدەرەشی کە وای بۆ بڕیار داوین ناڕازییە.

بێگومـان ئـەم حاڵەتـە هـەر تایبـەت نـیـە بـە خـودی حەسـیب قـەرەداخی کـە کاتـێ دەڕوانێتە ڕووداوەکـان ئەگـەرچی لـە ڕوانگەیەکـەوە لێی بڕوانێت کـە پەیوەسـتی بنـەماکانی هـۆو ئـەنجام بێت و بـۆ هـەر ئـەنجامێکی خـراپ کـە ئێسـتا دەیبینـین دەبـێ هـۆی تایبـەتی هەبووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار هەموو ئەم بنەمایانە بەلاوە دەنرێن و قـەدەر و چارەنووس دەکرێنە بەرپرس لە دەرئەنجامەکان، کە پێم وایـە لـە ڕووی ڕاسـتییەوە ئـەوە مەسەلەیەکە ناکرێت بە هێند بگیرێت، دیارە ئـەوەی ئێمـە دەیلێین قسـەکردنە لـە سـنووری مێـژوو، کۆمەڵناسـی و فیکـردا، بـەڵام دەبـی بزانـین ئـەوەی حەسـیب لـێرەدا نووسـیوویەتی شیعرە، ئاشکرایە کە شیعر مل کەچی ئەو پێوانانـە نـابێت کـە بوارەکـانی فیکـر و مەعریفـە مل کەچی دەبن، چونکە وەك دەزانـین شـیعر بەرهـەمی نەسـت و خەیاڵـە و لـە بنەڕەتیشـدا دروسـتکردنی یۆتۆپیایـە نـەك جیـهانێکی واقیعـی بۆیـە دەشـێ ئـەوەی حەسـیب قـەرەداخی لێرەدا بەرجەستەی دەکات تەنیا لە سنووری قسەکردن لە (یۆتۆپیایەك)دا ئاخاوتن بکرێن.

کاتـێ شـاعیر دەزانێـت ژیـان لەگـەڵی نـاکۆك و نـاجۆرە، ڕاسـتەوخۆ پـەنا دەبـات بـۆ هێزێك، بۆ ڕزگارکەرێك کە لەو بارە ناهەموارەدا هاوسەنگییەکی بۆ دروست بکات، هەر هیـچ نـەبێت بـە مەبەسـتی مانـەوە. ئـەو هـێزو پاڵپشـتەش (خـەونی مەسـتە). دەشـێ شوناسی خەونی مـەست ئاشکرا نەبێت، لەوانەشە ڕۆحی عیشق بوون بێت، عیشقی زێـد و هێلانە کە ببنە ئەو پاڵنەرەی لەو بارە ناهەموارەدا مانەوەی بپارێزن. دەشێ (خەونی مەست) ئەو هێزە خەیاڵیە بێت کە لەو بارەدا یۆتۆپیای مانەوەی بۆ بنیـاد بنێت. هـەر ئەو خەیاڵەشە کە دەشێ لە هـەر چرکـە ساتێکدا بیگێڕێتـەوە بـۆ پێداچوونـەوەی ئـەو بـاری شکسـت و بـێ هێلانەییــەو، لەوێشــەوە هــێزی بزوێنــەری گــەڕان و دۆزینــەوە و گەیشتنەوە بە شوێنی ئارامگرتن سەرهەڵبدات. واتــە لـە سـنووری ئـەو یۆتۆپیایـەدا کـە دروستی دەکات دەشێ نیشتمانێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت و سنوور بکێشێت کـە بوونـی تێدا فەراهەم ببێت و هاونیشتمانی بوون تیایدا مانای ڕاستەقینەی خۆیی هەبێت.

-٥-

بیرو ماده.. کێ هەوەڵ بێ، گەوهەری تاکی منی
دەنگ و هاواری منی تۆ خورد و خۆراکی منی
ئەی فەریزەی ئایینی دڵ هەر ئەدای تۆ ساتمە
ڕاو و ڕەسمی (مەیکەدەی) نوێ باوەڕی دوو پاتمە.

شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ بەیادهێنانەوەی ئەو گفتوگۆ بە ئەنجام نەگەیشتووەی نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم کە ئایا (بیر) لە سەرەتاوە دروستبووە و (مادە) دەکەوێتە دوای ئەوەوە. یان بە پێچەوانەوە (بیر) بەرهەمی (مادە)یە، دیارە ئەمە گفتوگۆیەکە کۆتایی نایەت و هیچ کام لەو دوو ئاڕاستەیەش ناتوانێت ئەوی تریان پوچ بکاتەوە، بەڵام هەڵوێست گرتنی ئێمە لەگەڵ هەر ئاڕاستەیەکیان ئەوا ڕاستی ئەو ئاڕاستەیان بەلای پەسەندکەرانیەوە نیشان دەدات. ئەمی شاعیریش بەلایەوە گرنگ نییە کام لەم دووانە ڕاستە یان یەکەمە، هەرکام لەو دووانە یەکەم بێت ئەم دەزانێت گەوهەر و دەنگ و هاوار و خورد و خۆراکی خۆی یەك شتە کە بریتییە لە (ئەو). بەڵام ئەو کێیە؟ گریمان ئەوی شاعیر عاشقە ئەوا (ئەو) مەعشوقەکەیەتی، ئەگەر ئەوی شاعیر سۆفی بێت ئەوا (ئەو) دەبێتە شێخەکەی، بەڵام ئەوی شاعیر مەلێکی لانەوازە، کەواتە (ئەو) دەبێتە هێلانەی، کە بە گوێرەی ئەم وەکو کەسێك هێلانە دەبێتە شوێنی نیشتەجێ بوون و حەوانەوەو ئارامگرتنی، کاتێکیش (مـن)ی شاعیر لە دواندندا سنووری تاکە کەسی خۆی بەجێ دەهێڵێت و دەبێتە نەتەوە، هێلانە دەبێتە نیشتمان، نیشتمان گەوهەری بوونی نەتەوەیە، واتە بەبێ بوونی نیشتمان وەکو پێکهاتەیەکی خاوەن ناسنامە کە ماناکانی نیشتمانی هەڵگرتبێت ئەمی نەتەوە بوویەکی بێگەوهەرە، نە دەنگ و نە هاواری هیچ مانایەکیان نییە و بگرە ناشگەنە ئاستی بیستن.

ئەم ئەگەر عەشق بێت ئەوا عیشق بوون و سروتەکانی عیشقداری وەکو فەریزەکانی ئایین جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەم عیشقی نیشتمانە بۆیە ئەنجامدانی ئەرکە نیشتمانییەکانی وەکو فەریزەی ئایین سەیر دەکات. لێرەوە ئەمی شاعیر خۆی دەخاتە سنووری ئیلتیزام و پەیڕەوکردنی کۆمەڵێ بنەماوە کە دەشێ وای لێکبدەینەوە

ئەو ئیلتیزا م كردنە بە بەشێك لە خاسێتەكانی بوون دادەنێت، بەڵام ئەم بانگەشە بۆ پەیڕەوێكی نوێ دەكات، ئەویش بە پەیڕەوی (مەیكەدەی) ناودەبات. ڕاستە ئەم زاراوەیە مانای یانەو جێگای خواردنەوەیە بەڵام شاعیر بەم مەبەستە بەكاری نەهێناوە. گەوهەری ئەم پەیڕەوەیش ڕەفزكردن و ڕەتكردنەوەیە، بەڵام ڕەفزكردن و ڕەتكردنەوەی چی؟ لە سنووری دەقەكەدا بە تەنیا دەلەلاتێك نادۆزینەوە كە ئەو حاڵەتی ڕەفزكردن و ڕەتكردنەوەیە تایبەتمەند بكات، بەڵام كاتێ لە سیاقی لێكدانەوەی گشتی دەقەكە و ڕاڤەكردنیدا بۆ مەدلولی " مەیكەدەی" بگەڕێین ئەوا دەشێ بە ئاراستەی واقیعی دەرەوەی دەقەكە بچین و بە پشت بەستن بەو مێژووەی كە دەقەكەی تێدا بەرهەم هاتووە مەدلولی (مەیكەدەی) ئاشكرا بكەین، دەقەكە لە ساڵی ١٩٨٥دا نووسراوە كە لەو قۆناغەدا فشاری ئەوی داگیركەر بۆ سەر ئەمی نەتەوە لە ئاستێكی ئەوەندە بەهێزدا بوو كە سەرباری سەندنەوەی هەموو مانایەك لە چەمكی هاونیشتمانی بوون و ڕووتكردنەوەی نیشتمان لە هەموو ماناكانی و كردنی ئێمە بە مەلی لانەوازی وێڵی دوای هێلانە، دەیوویست بۆ هەموو فەرمانەكانی ئەو بڵێین (بەڵێ)، (بەڵێ) وەكو پەیڕەوێك لێی دەڕوانرا كە ئەوی داگیركەر دەیویست بیكاتە جۆرێك لە پەیڕەو لە ئاستێكی ئەوتۆدا كە بەڵێ هەموو پانتایی عەقڵی و فیكری ئێمە بگرێتەوە بەوەش مافی هەڵبژاردن لە نێوان دووانەی (بەڵێ/ نەخێر)دا بسڕێتەوە و جەمسەری نەخێر كە مەبەست ڕەتكردنەوەیە بوونی نەمێنێت، ئا لەو ساتەوەختە مێژووییەدا حەسیب قەرەداخی لە بەرامبەر ئەو پرۆژە ترسناكەی ئەوی داگیركەردا بانگەشەی دژە پرۆژەیەك دەكات كە ئەویش پرۆژەی ڕەتكردنەوەی ڕەهای هەموو داوا و فەرمانەكانی ئەوی داگیركەرە، ئەو پرۆژەی خۆی وەكو پەیڕەوێكی نوێ دەناسێنێ كە وەكو پەیامێكی ئایینی سەیری دەكات ئەویش ناودەنێت پەیڕەوی (مەیكەدەی) كە جۆرێك لە فەرمانكردنیشی تێدایە. لێرەشەوە دەشێ وای لێكبدەینەوە كە شاعیر بێلانە بوون و لە دەست چوونی ماناكانی نیشتمان و هاونیشتمانی بوون بگێڕێتەوە بۆ لاوازبوونی هەڵوێستی ڕەفزكردن و ڕەتكردنەوە لە مێژووی دوور و درێژی ئێمەدا و وێرانەیی و شكستی ئەو مێژووەش تا ئەندازەیەك پەیوەندی هەبێت بە نەبوونی توانای ڕەتكردنەوەوە. بانگەشە كردن بۆ پەیڕەوی نوێی (مەیكەدەی) وەكو سەرەتای پرۆژەیەك

بۆ خۆشـــەلماندن ســەیردەكات. ئەمــە ســەرباری ئــەوەش بــە دژە پرۆژەیــەكی دادەنێـت لــە بەرامبەر پرۆژەی (بەڵێ) بۆ هەموو شتێكدا، كە ئەو پرۆژەیە خـاڵێكی سـتراتیژی كاركردنی ئەوی داگیركەر بووە لە مێژووی داگیركردن و وێرانكردنی جەستەی ئەمدا.

ئەمی شاعیر تـەئكید لـەو بـاوەڕە نوێیـەی خـۆی دەكاتـەوە و دەشـێ لـە پشـتی ئـەو بانگەشەكردنەشەوە جۆرە ڕوانینێكی حەلاجیانە ئامادەبوونی هەبێت لـە چـەمكی (مـن حـەقم)دا، كـە ئـەوەش لـە لایـەك بڕوابوونـی پتـەوی ئـەمی شـاعیر بـە خۆیـی و بیروهەڵوێستی نیشان دەدات، لە لایەكی ترەوە جۆرە بانگەشـەیەكی خوایانـە دەكات كـە پـەیڕەوی نـوێ لـە شـێوەی ئـاییندا دێنێتـە كایـەوە، بنـەماو پرنسـیپی ئایینەكەشـی دەستنیشان دەكات ئەویش كاتێ جێبەجێ دەكرێن كە (بوون) لە ئاستێكدا بێت خاوەنی گەوهـەر و ماهیـەتی ڕاسـتەقینەی خـۆی بێـت، واتـە جۆرێـك لـە ناسـنامە ئامـادەبوونی هـەبێت، ئامـادەبوونێك كـە زەمینـە بـۆ بڕیـاردان و هەڵوێسـت وەرگرتـن برەخسـێنێت، ئـەوەش بێگومـان تـەنیا لـە ئـازادیدا دەسـتەبەر دەبێـت كـە (مـن) پـەیڕەوی بنـەماكانی پرۆژەی (مەیكەدەی) بكات، كە ئەو هەڵوێستەش ئەگەرچی لە مێژووی ئێمـەدا كۆششـی زۆری بۆ كراوە بەڵام نەبۆتە حاڵەتێكی بە تەواوەتی پەیڕەو كراو.

-٦-

قایلم بەم داخ و دەردەی بۆ ئەوین پێشوازییە<br>
با گرفتاری خەمم بم، پێم مەڵێن ناڕازییە<br>
ئەی نیگاری پڕ لە كێشەم ڕەنگی ئازار دەرمەخە<br>
ڕەنگی ئازار توخمی عیشقە، بۆ نەزانی سەرمەخە

شاعیر لە لایـەك نمایشی بـاری سـەخت و ئـاڵۆزی خـۆی دەكـات و ئـەو بـارە سـەخت و ئـاڵۆزەش، ئـەو دەرد و ئـازارەی كـە جەسـتەی داگـیركردووە ڕەت ناكاتـەوە بـەڵكو پێیشـی ڕازییە، ئەم ڕازی بوونە لەبەرئەوە نییە كە ئەم چێـژ لـە ئـازار چەشـتن وەردەگرێـت بـەڵكو لەبەرئەوەیـە ئـەم ئـازار و دەردە وا سـەیر دەكات كـە بـۆ پێشـوازی ئەوینـە، واتـە پێی وایـە ئەگەر ئازاری ئـەوین هـەموو جەستەیشی داگیربكات هێشتا هـەر شایانی ئـەوە نییـە ڕەتـی بكاتەوە چونكە ئەم بڕوای وایە كە ئەوین بەبێ ئازار شتێكی چـاوەڕوان نـەكراوە. لێرەوە لـە

پشتی ئەم ڕوانینەوە مەسەلەی قوربانی دان لە پێناوی ئامانجدا ڕاوەستاوە. بە واتایەکی تر ناشێت هیچ ئامانجێکی گرنگ و پڕ بایەخ دوور لە قوربانیدان بە دەست بهێنرێت ئەم حاڵەتەش شتێکی گشتی‌یە و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.

ئەگەر شاعیر وەکو عاشقێك دابنێین ئەوا دەبێ لە پێناوی خۆشەویستیدا ئازارەکانی خۆشەویستی قبوڵ بکات. ئەگەر وەکو سۆفی‌یەکیش لێی بڕوانین دەبێ هەموو ئازارەکانی کوشتنی حەز و ئارەزووە دنیاییەکانی قبوڵ بکات لە پێناوی بڵندبوون و گەیشتن بە حاڵەتی زاهیدانەدا، هەتا لەوێشەوە زەمینەی گەیشتن بە یەقین و تواندنەوە لە ئیشراقی ڕۆحی خواوەنددا بێتە ئاراوە. دەشێ هەریەکە لەم لێکدانەوانە بۆ ئەم شیعرەی حەسیب قەرەداخی بکرێت، بەڵام لەپاڵ ئەم لێکدانەوە و ڕاڤەکردنانەداو لە سیاقی گشتی دەقەکەدا (ئەوین) داری ئەو ئاشکراتر دەبێت کە ئەوینی نیشتمانە، ئەو ئەوینەی کە ئەم وەکو مەلێکی لانەواز دەجوڵێنێ کە ئەویش ئەوینی زێدو جێگای ئارامگرتنە واتە نیشتمان.

کاتێ ئەم بوونی خۆی لە بوونی نیشتماندا دەبینێت و وا هەست دەکات ئەگەر نیشتمان بەو شێوە لە مانا گەوهەرییەکانی خۆی ڕووت بکرێتەوە ئەوا ماهیەتی خۆی لە دەست دەدات و بوونیش تیایدا دەبێتە بوونێکی بێ گەوهەر، بۆیە لە پێناوی بەخشینەوەی (مانا)کان بە نیشتمان ئەم هەموو ئازار و دەردەسەرییەکان قبوڵ دەکات و وایشی نیشان دەدات پەیوەستبوونی ئەو بە خەمی نیشتمانەوە پەیوەستبوونێکی ڕۆحیە و جیابوونەوەی نی‌یە. تەنانەت دەیەوێت وا خۆی نمایش بکات کە ئەو ئازار و دەردەسەرییانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەری نی‌یە، بەڵکو وەکو ئازاری پیرۆزیش سەیریان دەکات چونکە پێی وایە یەکێك لە پایەکانی عیشق، هەر جۆرە عیشقێك بێت ئازارە.

دەشی لە ئاستێکی تردا ئازار ئەو دالە بێت کە مەدلولێکی گشتی هەبێت ئەویش عیشق بوون بێت، لە پشتی عیشق بوونیشەوە پەیامێك ڕاوەستاوە، پەیامی گەیشتن بە ئامانج، کە دیسان ئازار دەرئەنجامی یان هەستکردنە بە نەبوونی ئەو ئامانجە یان دەرئەنجامی کۆشش کردنە لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجەدا. ئەمی شاعیر لە هەردوو بارەکەدا وەها سەیری

ئازار دەکات کـە دەبـێ مـادەم لـە پێنـاوی ئامـانجێکدا دەجولێـت ئـەو ئـازارە قبـوڵ بکـات، ئـەو قبـوڵ کردنـەش لـە خۆیـدا دەلالـەتی قوربـانی دان هـەڵدەگرێت، قوربـانیدان لـە پێنـاوی ئامـانجێکی بالادا کە ئەویش عیشقە، ئیتر گرنگ نـیـە ناسنامەی ئەو عیشقە چیـیە.

ئەم پیێ وایە مادەم ئازار بەڵگەیە بۆ عیشق بوون کەواتە پێویست نـیـە ئـەو ئـازارە نمـایش بکرێـت، وەك ئاشـکرایە لـە ڕووی سـایکۆلۆژییەوە هـەر جـۆرە نمـایش کردنێـك بـە مەبەسـتی پـەیداکردنی هاوبەشـە بـۆ ئـەو حاڵەتـەی کـە نمـایش دەکرێـت کـە ئـەویش بـە مەبەسـتی سـووککردن و کەمکردنـەوەی ئاسـتی ئـەو حاڵەتـە نائاسـاییەو ئـازار و فشارەکانیەتی. ئەمی شـاعیر پـێی وایـە مـادەم ئـەو ئـازارە، ئـازاری عیشـق پێویسـتی بـەوە نـیـە نمایش بکرێت چونکە هەر جۆرە نمایش کردنێك دەشێ ببێتە هۆی بچوککردنـەوەی قەوارەی ئازارەکەو لەو حاڵەتەشدا لەوانەیە جولاندن بەرەو ئامانج خاوببێتـەوە، واتـە لـە تێڕوانینی شاعیرەوە ئازار وەکو هـێزی جولێنـەر سـەیردەکرێت کـە گـوڕ دەدات بـە جوڵـە بەرەو گەیشتن بە ئامانج، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو وتە باوەی کە دەڵێت هەتا ئازار و چەوساندنەوە و زەبر و زەنگ زیاد بێت، لە ئازادی نزیك دەبینەوە. ئەگەر ئەم ڕوانینـە لە سنووری دەقەکەوە بە ئاراستەی واقیعی دەرەوەی دەقەکە لێکبدەینەوە، ئەوا دەشێ وای بۆ بچین شاعیر مەبەستی ئەوەیـە کـە نیگـەران نـیـە بـە بـاری ناهـەموارو پـڕ لـە ئـازار و دەردەسەر ی ژێرسایەی دەسەڵاتی ئەوی داگیرکەر، چونکە تا ئازارەکان پەرە بسەنن، هـێزی داواکاری پەیڕەوی نوێی (مەیکەدەی) بەهێزتر دەبن، واتە هـێزی ڕەتکردنـەوەی داواکـانی ئەوی داگیرکەر پەرە دەسەنن.

ئەم پیێ وایە مادەم ئەم ئـازارە توخمـی عیشـق و عیشـقیش ناسـنامەیەکی پـیرۆزی هەیە کەواتە نابێت ئازارەکانی نمایش بکرێت بە تایبەتی بۆ کەسـانێك کـە لـە چـەمکی عیشق تێناگەن، ئەگەر عیشق پەیوەستبوون بێت بـە نیشـتمانەوە، ئـەوا دیسـان نمـایش کردنی ئازارەکانی نیشتمان، نمایش کردنی وێرانەیی نیشتمان، نمایش کردنی بێ لانەیی خۆیی و بوون بـە نمـەی بـارانی ئـەودیوی شووشـەی پەنجـەرە بـۆ کەسـانێك کـە نـازانن نیشتمان مانای چیـیە و چی دەگەیەنێت.. کارێکی نادروستە. چونکە ئەو کەسـانە هـیـچ لە مانای ئەو ئازارانە تێناگەن.

-٧-

خۆم لە خۆما ڕەنگی عیشقم تێکەڵاوی خوێنمە
ئەو لە گەردوونی نیهادما ناونیشانی شوێنمە
من لە ئەشکەوتی خەما بووم وا پەیامێ هاتەخوار
کوێرە دێش بی هەستە جاڕدە: خەڵکە وا من بووم بەشار.

دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ڕەنگی عیشق چۆنە؟ ئایا عیشق ڕەنگی هەیە؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە پەیوەست بە ڕاڤەکردنی دەقەکە، بەڵام ئەوی شاعیر ڕەنگی عیشقی تێکەڵاوی خوێنەکەی دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە عیشقەکەی ئەم پەیوەستە بە بوونیەوە، نەك بوونی کۆمەڵایەتی بەڵکو بوونی فیسیۆلۆژی، هەر لێرەشەوە عیشق خاسێتەکانی خوێن وەردەگرێت بە تایبەتی ڕەنگی خوێن، ئەگەر عیشق پەیوەستبوون بێت بە نیشتمانە وە وەکو لە سیاقی ڕاڤەکردنی دەقەکەدا دەردەکەوێت ئەوا ڕەگ و ڕیشەی ئەو پەیوەستبوونە لەناو خوێنیدایە کە ئەمەش پەیوەندی ئەم بە نیشتمانەوە نیشان دەدات، هەر ئەو عیشقەش ناونیشانی ئەوە واتە ئەگەر ئەم جۆرێك لە عیشقی نەبێت بە واتا بوویەکی بێناونیشانە و شوێنی نییە. ئەمەش جارێکی تر دەمانباتەوە بۆ لای ئەو بۆچوونەی کە (بوون) تەنیا لەسەر شوێن پێناسەی هەیە، کاتێ کە ئەم پێناسەی شوێنی نەبێت بە واتا بوونی هیچ مانایەکی نییە، ئەم حاڵەتەش لەگەڵ لانەوازەیی و بێ هێلانەیدا یەکدەگرێتەوە کەواتە ئەم خاوەنی جۆرێك لە عیشقە کە ئەو عیشقەش لە پێناوی گەشتنەوە بە شوێن یان هێلانەدا ئەم دەجوڵێنێت.

لێرەوە دەلالەتی عیشق زیاتر ئاشکرا دەبێت کە مەبەست لە عیشق (پەیام)ە، بێگومان ئەوەی ئەم دەجوڵێنێت ئەو پەیامەیە کە پێناسەی بوونی ئەم دەکات، ئەویش پەیامی دۆزینەوەی هێلانەیە، کە پەیوەست بەمی شاعیر گەیشتنەوەیە بە نیشتمان، نیشتمانێك کە ماناکانی نیشتمانی تێدا فەراهەم بێت و ئەم تیایدا بوونی هاونیشتمانی خۆیی هەبێت، بوونێك کە خاوەنی ناسنامە بێت.

ئـەمی شـاعیر شـوێنی پێشـتری خـۆی دیاریدەکـات کـە لـە ئەشـکەوتی خـەمدا بـووە، مەبەست لە ئەشـکەوتی خەم چییە و کوێیە؟ پێشتر (خەم)مان وا باسکرد کە بریتییە لە هیوا و ئاواتی گەیشتنی ئەم بە ئامانج. بەڵام لـێرەدا ئەشـکەوتی خـەم وەکـو شـوێنی جۆرێك لە خەڵوەت کێشان یان چوونـە خـەڵوەت نیشـان دەدات، لـێرەوە دەمانگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو سـەرچاوە مێژووییـەی ئایینـەکان کـە چـۆن زۆربـەی پێغەمبـەران چوونەتـە گۆشـەگیری و حاڵـەتی ڕامانـەوە چ لـە ئەشـکەوتدا بووبێـت یـان لـە شـوێنە پەنـهان و نهێنییەکانی قەد چیاکان و نێو سروشتدا. ئەمیش بە هەمان شێوە دەچێتە ئەشکەوتی خەمـەوە، لـەوێش پـەیامێکی بـۆ دێتـە خـوارەوە. پێشـتر ئـەم خـۆی ڕایگـەیاند کـە (مەیکەدەی) پەیامی تایبەتی ئەمە، کەواتە دەشێ هـەر بـۆ پێشـوازی کـردن لـە هـەمان پەیام چووبێتە خەڵوەتـەوە یـان ئەشـکەوتی خـەمی هـەڵبژاردبێت. لـەم حاڵەتـەدا ئـەم بانگەواز بۆ گەورەیی خۆی دەکات کە گەیشتۆتە پلەی پێغەمبەران و پەیمانی بۆ هاتۆتە خـوارەوە. پەیامەکـەش ڕاسـتەوخۆ پـەیوەندی بـە بـوون و ماهیـەتی خۆیـەوە هەیـە، سەرجەم پەیامە ئایینییەکان کە هاتوونەتـە خـوارەوە ڕاسـتە بـۆ پێغەمبـەرێك ڕەوانـە کـراون، بـەڵام لـە ئاسـتی یەکـەمدا گـەورەیی و دەسـەڵاتی خواوەنـدیـان نیشـان داوە، لـە ئاسـتی دووەمـدا پێغەمبەرەکـە کراوەتـە هۆکـارێك بـۆ گـەیاندنی گەوهـەری پەیامەکـەو فەرمانـەکانی خواوەنـد بـە کۆمـەڵ، بـەڵام گەوهـەری پەیامەکـەی کـە بـۆ ئـەم هاتۆتـە خوارەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گەوهەر و ماهیـەتی خۆیـەوە هەیـە. داوا لـەم دەکـات کـە بانگـەواز بـۆ گـەورەیی خـۆی بکـات، بـە مانایـەکی تـر گەوهـەری ئـەو پەیامـە بـە مەبەستی جۆرێك لە خۆنمایش کردنە، شان بە شانی جۆرێـك لـە ئامۆژگـاری کـردن بـۆ ئەوەی بە گەورە خۆی نیشان بدات. کاتێ پەیامەکە فەرمانی پێدەکات تەنانـەت ئەگـەر کوێرە دێش بێت بە خەڵکی ڕابگەیەنێت کە بووە بە شار.

ئەگەر پەیوەست بە منـی شـاعیر کـە وەکـو گوتمـان لـە ئاسـتێکی تـردا دەبێتـە منـی نەتەوە سەیری ئەم فەرمانە بکەین، ئـەوا دەشێ ئـەو پەیامـە وەکـو پـەیامی بڕیـاردانی ئازادی و سەربەخۆیی لە لایەن خودی نەتەوەوە سەیر بکرێت. کاتێ منـی شـاعیر خـۆی لە شێوەی مەلێکی وێڵی دوای هێلانەدا نیشـان دەدات و لـەوێوە دەگاتـە نێـو ئەشـکەوتی

خەم و دەچێتە حاڵەتی ڕامانەوە، تا ئەنجام پەیامی بۆ دێتە خوارەوە و پەیامەکەش داوای لێدەکات خۆی لەهەر ئاستێکدا بێت گرنگ نییە بەڵکو ئەوەی گرنگە کە خۆی وەکو قەوارەیەکی گەورە یان پێگەیشتوو نیشان بدات. ئەگەر منی وێڵی سەوداسەری شوێن یان نیشتمان نەتەوە بێت کە مەبەستمان لە نەتەوەش لە سنووری ئەم دەقەدا کوردە ئەوا گەیشتن بە ئەشکەوتی خەم مانای گەیشتنە بە قۆناغی ڕامان و بیرکردنەوە کە لەم حاڵەتەشدا دەشێ بەرنامە و ئاڕاستەی کارکردن و ستراتیژی کارکردن دەست نیشان بکرێت، کاتێکیش بکەرێك بگاتە ئاستی ڕامان و بیرکردنەوە بە واتا بەرەو قۆناغی پراکتیك کردن دەچێت کە قۆناغی دروستکردنی ڕووداوە، ئەو پەیامەی کە لە کاتی ڕامان و بیرکردنەوەدا پێی دەگات بەرنامەی کارکردنی بۆ دیاری دەکات کە ئەویش ڕاگەیاندنی بوونی خۆیەتی، چونکە (بوون بە شار) دەلالەتی گەیشتن بە قۆناغێکی پەرەسەندو هەڵدەگرێت کە ئاستێکە تیایدا بوون و خۆسەلماندن ئامادەبوونیان هەیە.

بێگومان لە ساتەوەختی نووسینی ئەم دەقەدا کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە ئەنجامی تێڕامان و بیرکردنەوەدا بڕیاری بوونی خۆی و گەیشتنی خۆی بە ئاستی بە دەست هێنانی ناسنامە نیشان بدات، بۆیە دەشێ وای لێکبدەینەوە کە ئەوەی حەسیب قەرەداخی سەبارەت بە بانگەشەکردنی ئێمە بۆ پەرەسەندن و گەیشتن بە ئاستی بوون لە دەقەکە بەرجەستەی دەکات جۆرێکە لە یۆتۆپیا و لە سنووری خەیاڵی شیعردا بەرهەم هاتووەو لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا واتە لەسەر زەمینەی واقیع بوونی نییە. دروستکردنی یۆتۆپیای ڕزگاربوون و سەربەخۆیی و خۆسەلماندن خەونی شاعیرێکە کە دوور لە ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمان خۆی وەکو مەلێکی وێڵی دوای هێلانە دێتە پێش چاو، لە دروستکردنی ئەو یۆتۆپیایەدا چیتر بێ هێلانە نابێت و وێڵی دوای دۆزینەوە و بەدەست هێنانەوەی نابێت.

واتە لەم دەقە شیعریەدا حەسیب قەرەداخی وێنەی ئێمە وەکو نەتەوە بەرجەستە دەکات، لە ساتەوەختی تێکشکاندنەوە کە ئەمەیان ڕووداوێکی واقیعیە لە بوونی کۆمەلایەتی و سیاسی و مێژوویی ئێمەدا بۆ ساتەوەختی خۆ دروستکردنەوە و خۆ

بنیادنانەوە و سەربەخۆ بوون کە ئەمەیان خەونێکە شاعیر لە سنووری یۆتۆپیایەکدا وێنەی دەکێشێت و دەشێ هەر لە ڕێگای خەیاڵی مەودا فراوانیەوە لە سنووری ئەو یۆتۆپیایەدا هەست بە بوون و سەربەخۆیی و ئازادی بکات. کەواتە ئەو جیهانبینییەی لە پشتی ئەم دەقەوەیە دارشتنی دووانەیە کە لە نێوان ڕوانینی ڕیالیستانە و یۆتۆپیای شیعریدا، لە یەکەمیاندا منی بکەری شیعرەکە لانەواز و وێڵی دوای جێگای ئارامگرتن و حەوانەوەیە یان وێڵی دوای گەیشتنە بە ماناکانی نیشتمان بە مەبەستی خۆسەلماندن، لە دووەمیشیاندا بانگەشەی ئەو بوون و خۆ سەلماندنەی دەکات واتە لە دووەمیاندا دەگاتەوە بە شوێنی حەوانەوە و ئارامگرتنی کاتێ بانگەشە بۆ گەورەبوونی خۆی دەکات.

بەڵام لە کۆتایی شیعرەکەدا دیسان جارێکی تر هەمان دوو دێڕی یەکەم دووبارە دەبێتەوە، واتە جارێکی تر ئەو یۆتۆپیایەی دروستی کرد هەرەس دێنێت و ئەو گەورەبوونەی کە بانگەوازی بۆ دەکرد بچوك دەبێتەوە، خۆسەلماندن و گەیشتن بە بوونی سنووری خەیاڵ و نەست و یۆتۆپیا پوچ دەبێتەوە و ڕاستەوخۆ منی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی شکست و لانەوازی و بێهێلانەیی. لە سنووری ئەم دەقەدا شاعیر لە ساتەوەختی شکستدا یان هەستکردن بە وێرانبووندا لە ڕێگای خەون بینینەوە دەگات بە ئاستی بوون، بەڵام ئەو خەونە درێژە ناکێشێت و لەگەڵ کۆتایی خەونەکەدا جارێکی دی دێتەوە سەر هەمان حاڵەتی لانەوازی و وێڵ و سەوداسەری دوای هێلانە. ئەگەر ئەم حاڵەتە یەك بە دوای یەکە کە لە واقیعی شکستەوە دەست پێدەکات و بە خۆ دروستکردنەوە لە سنووری خەیاڵدا و لەنێو قوڵایی ئەو خەیاڵەشەوە دێتەوە بۆ هەمان سەرەتای شکست، ئەوا وێنەیەکی بەرجەستەکراوی خەیاڵی کوردی دەبینین، ئەو خەیاڵەی کە سەرجەم پانتایی کۆنەستی کۆمەڵایەتی ئێمەی داگیرکردووە و لە حاڵەتی شکستماندا هەمیشە لە سنووری ئەو ئازادییەدا ژیاوین کە بە خەیاڵ دروستمان کردووە، ئەو خەیاڵەش یەکێکە لەو بنەمایانەی کە پارێزگاری لە بوونمان کردووە سەرباری فشارە بەهێزەکانی تێکشکاندن و سڕینەوە. هەر لێرەوە دەتوانین ئەم شیعرە وەکو یۆتۆپیای ڕزگاربوون ناوببەین کە شاعیر لە ترسناکترین چرکەساتی شکستی ئێمەدا بەرهەمی هێناوە.

# لە ئەزموونی مانەووەوە بۆ ئەزموونی شکست
# لە قەسیدەی
# ( پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی ) شێرکۆ بێکەسدا

-١-

(پـەریزادە و گوڵەکـەی دوژمنـی) یەکێکـە لـە قەسـیدە دیارەکـانی شـاعیری ناسـراوی کورد شێرکۆ بێکەس کە لە ژمارە دووی گۆڤاری کاروانی خولی ڕاپەڕیندا بڵاوکراوەتەوە، ئـەم شـیعرە سـەرەتای ئـەزموونێکی نـوێ لـە ژیـانی شـیعری شـێرکۆدا نیشـان دەدات کـە دەکرێت بڵێین هەردوو لایەنی شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعریش دەگرێتەوە.

ئەزموونی شیعری شێرکۆ هەر لە سەرەتاوە هەتا ساتەوەختی نووسینی ئەم شیعرە جگـە لـە چـەند ئاماژەیـەك تێکـڕا بەرهەمـەکانی بریتـی بـوون لـە بنیادنـان و زیـاتر دەوڵەمـەندکردنی گوتـاری مانـەوە، گوتـاری مانـەوەش بریتیـیە لـە هـەوڵدان بـۆ هێشتنەوەی کەسێتی نەتەوەیی و کورد و هەر هیچ نـەبێت ڕێگاگرتن لـەوەی کـە کورد لەو بارە ناهەموارەی کە تیایدایە بەرەو خراپتر نـەڕوات و دووچـاری شکسـتی یـەکجاری نەبێت و ماك و بنەما نەتەوەییەکانی لەدەست نەچێت. ئەزموونی نووسـینی (ئـەدەب) بۆ نەتەوەیەك کە مەترسی لەنێوچوونی لەسەر بێت بێگومـان بـەرگری کـردن دەبێـت، دیارە مەبەست لە بەرگریکردن ئەو دروشمانە نییە کە بەشێك لە ئـەدەبی کورد تـێی گەیشتوون بە ئەدەبی بەرگری ناوی دەبەن بەڵکو بەرگری پرۆژەیەکە بـۆ ڕێگـاگرتن لـە لـەناوچوون. بەوپێیـەش کـردەی نووسـین بـە زمـانی نەتەوایـەتی بەشـێك لـەو ئەرکـە جێبـەجێ دەکـات، هـەروەك جـۆری جیـهانبینی بەرهـەمی نووسـراویش زیـاتر سـیما و خەسـڵەتەکانی گوتـاری ئـەدەبی بەرجەسـتە دەکـات. هـەر ئـەم حاڵەتـەش لـە ژیـانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی نەتەوەیەکدا کە مەترسی لەنێوچوونی لەسەرە وا لە ئەدەبەکـەی دەکـات کـە ببێتـە ئـەدەبێکی مێژوویـی- سیاسـی- کۆمەڵایـەتی کـە ئەمـەش خەسـڵەتی دیـاری ئـەزموونی بەشـی هـەرە زۆری شـیعری کوردییـە هـەر لـە سـەرەتای دروست بوونی هەستی نەتەوەیی کوردییەوە تاکو ساتەوەختی ئێستەشی لەگـەڵدا بێت.

بـە واتایـەکی تـر دەتوانـین بلێـین لـەژێر کاریگـەری فاکتــەری سیاســی و کۆمەڵایــەتیدا ئەدەب لە بواری مێژوودا کاری کردووە. ئەم حاڵەتەش لای شێرکۆ لە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کورد زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە هـەوڵی داوە لـە مێـژوو شـیعرییەت بەرهـەم بهێنێ.

قەسیدەی (پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی) دەکرێـت وەکـو سـەرەتای قۆنـاغێکی نـوێ لە شیعری شێرکۆدا دابـنرێت، گـەرچی پێشـتر ئامـاژەی هـەمان دیـاردە لـە شـیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون بە تایبەتی لە قەسـیدەی (کۆچ)دا. شـێرکۆ لـە قەسـیدەی (پـەریزادە و گوڵەکـەی دوژمنـی)دا پەنجـە دەخاتــە سـەر شکسـتەکانی ئێمـە لـە مێــژوودا و چیــتر پاڵـەوانمان بـۆ دروسـت ناکـات و لـە دوای دروسـت کردنـی بـاوکێکی وەهمیـش ناگـەڕێت بۆمـان بـەڵکو بـە شـێوەیەکی ڕیالیسـتیانە پاڵـەوانی ئیفلیجی کـوردی دەباتــە مــەیدانی جەنگەوە کە ئەویش جەنگی خۆسەلماندنە. جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ نەتـەوە جیاوازەکان، لەگەڵ شارستانی و کەلتوورە جیاوازەکان، بەڵام لەو مەیدانەدا کورد دەستە و سان و بێ توانا تەنـها هـەر گوێگـر دەبێت و بـەس. شـێرکۆ لـەم قەسـیدەیەدا وێنـەی تراژیدیای هەرەسهێنانی پاڵەوانی کوردیمان لە جەنگی خۆسەلماندندا نیشـان دەدات بـەو هیوایـەی لـە ئـەنجامی خوێندنەوەیـەکی دروسـتی خۆمـاندا دەستنیشـانی شکســتەکان و هۆیەکانی بکەین، بە واتە برینەکانمان دەکولێنێتەوە بەو مەبەستەی چیـتر بـە وەهمـی ڕۆژهەڵاتیانە و خێڵەکیانەی خۆمان وەکو پاڵەوان خۆمان دەرنەخەین. بەڵکو دەیـەوێت پێمان بڵێت ئێمە ئەو پاڵەوانە دۆڕاوەیـن کـە مێـژوو لـە پەراوێزەکانیشـیدا بـە ئاسـتەم ناومان تۆمار ناکات. چیبکەین بۆ خۆ دروستکردنەوە؟

ئـەم تێڕوانینـە لـە جیـهانبینی شـیعری شـێرکۆدا نوێیـە و پێشـتر ئێمـە بـە گوتـاری شکست دەستنیشانمان کرد. هەر ئەم گۆڕانکارییەی کە لە جیـهانبینی شـیعری شـێرکۆدا دەرکـەوتووە کاریگــەری لەســەر شـێوازی شـیعری شـێرکۆ هەیـە و دەبینـین شـێوازی نووسـینی ئـەم قەسـیدەیە و ئەوانـەی دواتریشـی تـا سـنووری جیـاوازن لـە شـێوازی نووسینی پێشتری. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە سـەرباری ئیشـکردن لـە بـواری مێژوودا، شێرکۆ ئەو شاعیرە ئەزموونگەرەیە کە هەوڵدەدات لـە ئـەزموونی بـەردەوامدا

بێـت. پێشـتر هـەوڵی دەدا ڕۆحـی شکسـت لـە ڕێگـای دروسـتکردنی پاڵەوانـە نموونەییەکانیەوە زیندوو بکاتەوە و گیانی ڕابوون و بەرخودان دروست بکات و وێنـەی باڵای پیێشمەرگە و ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی دەکردە مۆتیڤی خۆڕاگرتن و وەسـتان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەرەس. بەڵام ئێستا شکستەکانمان پێشکەش دەکات و پێمان دەڵێت ئەمە ئێمەین، جەستەمان هەزاران برینـی تێدایـە و هەرەسـیش هەڕەشـەمان لێدەکات. تـازە ڕۆحـی نەبـەزیوی ئەوسای پێشـمەرگە و ڕۆحـی بـەرزەفڕی شـەهیدانیش نـاتوانن بمانپـارێزن چونکـە ئێسـتە ململانـێ، ململانـێی ئامادەبوونـە لـە بـواری بەرهەمـهێنانی شارستانیدا، ئامادەبوون پەیوەندی بە عەقڵ و فیکر و داهێنان و مێژووەوە هەیە.

-٢-

سەرەتا قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی) بـە تراژیدیایـەك دەسـت پێدەکات کـە ناسـنامەی مێژوویـەکی پـڕ کارەسات نیشـان دەدات. مێژوویـەك کـە هـەموو شـتێك تیایدا دزێو و ناشیرینە، جوانیەکان تیایدا لـە دەسـت چـوون، ژیـان و زیندەگـانی تیـایدا هیچ بەهایەکیان نییە. ئەو مێژووەش بریتیە لە ساتەوەختی ئێستا و ئەو قۆناغەی کە ئێمەی تیا دەژین. ئەوەتا دەڵێت:

ئەمە بۆرە تارێکی شوومە و سەرەتای شەوێکی ئاوس بە قات و قڕی.

بۆرەتارێکی ژان گرتوو بە: بەچکە شەیتان و بەچکە سیاسی و بەچکە بازرگانەوە.

ئەمە شەوێکی چالاکی ڕەقەڵەی بەدبینە و بێ بەزەیی.

چاوەکانی گۆڕیچەی ئەستێرانن و پەناگەی جادووگەران.

ئەم شەوە قەڵای مێردان نییە، قەڵای دزانە،

قەڵای کاسە سەرم و قەڵای جەستەی ڕووخاوم و قەڵای خۆڵەمێشی ئارەزووەکانمـە و هەوێزی تاوان).

شـاعیر هـەر لـە سـەرەتای قەسـیدەکەدا (کـات) دەناسـێنێت و پێمـان دەڵێـت، ڕووناکی ڕوو لە شاردنەوەیە و تاریکی خەریکە هەموو شوێنێ دەپۆشێت. لێرەدا ئێمـە لـە بەرامبـەر پرسـیارێکدا ڕادەمێـنین. داخـۆ شـاعیر لـە چ سـاتەوەختێکی مێژوویيدا ئەم بانگەوازە دەکات؟ داخۆ پێش ئەم (بۆرەتار)ە ڕووناکی بووە؟ ئایا

لە ڕووی مێژووییەوە تا چەندێ ئەوە دەسەلمێنرێت کە ڕابردوو بارێکی پەسەند تر بووە و شاعیر لە ساتەوەختی ئێستادا هەست بە تاریکی دەکات؟ داخۆ ئەم تێڕوانینە حاڵەتێکی نوێ نییە لای شێرکۆ و بۆیە (ئێستە) بە تاریك دەیبینێت چونکە لە ساتەوەختی ئێستەدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی درك کردن و پەی بردن بە ڕاستی مێژووی ئێمە و ئاستی ئامادەبوونمان؟ پێشتر مێژووی ئێمەی پێ پیرۆز و مەزن بوو، ئەو حاڵەتە ئێستەش لە نەستیدا دەژی و وای بۆ دەچێت شکست و نائامادەبوونی ئێمە لەم ئێوارەیەوە دەست پێ دەکات، ئەمەش خاڵێکە دەشێ لێرەدا بە لاوازی توانای ناسینی ڕابردووی ئێمە ناوبرێت. چونکە لە ڕاستیدا (بۆرەتار) لە ساتەوەختی نووسینی شیعرەکەوە دەست پێ ناکات بەڵکو هەموو مێژووی ئێمە لە پێش نووسینی ئەم قەسیدەیەدا نەك بۆرەتار بەڵکو بەشی هەرە زۆری تاریکستانە.

زەمەن لە قەسیدەکەدا زوو خۆی پێشکەش دەکات و دەبێت بە سێ ئاست یان سێ مێژوو. مێژووی پێش ئەو ئێوارەیەی کە قەسیدەکە لێیەوە دەست پێدەکات کە ئەویش لە تێڕوانینی شاعیرەوە وا دەردەکەوێت کە مێژوویەکی گەشە، ئەم هەڵوێستەش بەرامبەر بە ڕابردوو ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە شاعیر لە ڕابردوودا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەی پێبردن کە بە تەواوی مێژووی خۆی وەکو ئەوەی هەبووە بناسێت.

ساتەوەختی ئێستە شاعیر دەست دەکات بە نووسینی قەسیدەکەی کە ساتەوەختی ناسینی مێژووی ئێمەیە، یان شاعیر لەو کاتەوە دەگاتە قۆناغی ناسینی مێژووی ئێمە، بەڵام هێشتا ناتوانێت ئێستە ببەستێتەوە بە ڕابردووەوە، بەڵکو پێی وایە ڕابردوو گەش و ڕووناك بووە و (بۆرەتار) لە ئێستەوە دەست پێدەکات. قۆناغی سێیەمی کات لەم قەسیدەیەدا، لە ساتەوەختی نووسینی شیعرەکە لە ڕێگای دەربڕینی زمانەوە نیشان دەدرێت و شیعرەکە لە ڕێگای دەربڕینی زمانەوە نیشان دەدرێت و "ئێستا" دەکاتە سەرەتا بۆ ئەو شەوە قات و قڕییە. واتە شاعیر داهاتوو وەکو شەوێکی تاریك و بێ بەرهەم دەبینێ کە ناشێت هیچ پراکتیکێکی خودی ئێمەی

تیا بە ئەنجام بگات. بە واتایەکی تر شاعیر بە جۆرێك داهاتوومان نیشان دەدات کە ئومێدی زیندووبوونەوە و ڕابوونەوەمان نەبێت تیایدا. ئێستە ئەگەر سەرنجی هەرسێ تافەکەی کات بدەین بەو پێیەی شاعیر وەسفیان دەکات ئەوە بۆمان دەردەکەوێت. ڕابردوو زەمەنی بوون و پراکتیك کردن بووە، ئێستە زەمەنی قەلەقە و شاعیر لە پراکتیکی نووسیندا نائامادەبوونی خۆی کە نوێنەری ئێمەیە دەنووسێتەوە، زەمەنی داهاتووش وەکو زەمەنی هەرەسی بێ ئومێدی و تاریکستان پێشکەش دەکات.

| ڕابردوو | ئێستا | داهاتوو |
|---|---|---|
| ئامادەبوون | ساتەوەختی قەلەق و پەی پێبردن | نائامادەبوون |
| پراکتیك کردن | پراکتیکی نووسین | ونبوون |

داهاتوو لە دیدو بۆچوونی شاعیرەوە قات و قڕی لە هەناویدا هەڵگرتووە. ئەوەش ساتەوەختی ناسینی دا هاتووە کە ئومێدی ئەوەمان پێی نەبێت هیچ شتێکی ئەوتۆی تیا فەراهەم ببێت، واتە داهاتوو ئەو زەمەنە نییە کە پراکتیکی تێدا بکرێت و ڕووداو دروست بکرێت، ئەگەر ڕووداویش دروست نەکرێت ئەوا مانای وایە هیچ جووڵەیەك بۆ خود سەلماندن لە ئارادا نابێت. ئەوەش بەرزترین ئاستی بێ ئومێدییە کە مرۆڤ هەموو داهاتووی لەبەرچاو وێرانە بێت، هەر ئەم هۆکارەشە پاڵ بە پاڵەوانی شیعرەکە یان دەتوانین بڵێین بکەری شیعرەکەوە دەنێت کە لە دوای ترووسکەیەك بگەڕێت هەتا لەو تاریکستانەی داهاتوودا ببێتە ڕێ نیشاندەری و ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

شاعیر لە کاتێکدا هەست بە شکستی تەواوەتی و نائامادەبوون دەکات، ناتوانێ تەنها لە حاڵەتی تێڕاماندا بمێنێتەوە لە ناخی خۆیدا خودی نائامادەی خۆی و شکستەکانی خۆی لە مێژوودا هەڵسەنگێنێ، هەربۆیە لە دوای دۆزینەوەی حاڵەتێك دەگەڕێت هەتا بتوانێت بیکاتە ناوەندێك بۆ جێگاکردنەوەی خەمەکانی. لەم ئاقارەشدا پەنا دەباتە بەر (پەریزادە) هەتا وەکو کەسی دووەم لە شیعرەکەدا ئامادەبوونی هەبێت و

دەیهێنێتە نێو پرۆسەی ڕووداوەکان. پەریزادە لە حاڵەتی یەکەمدا کەسێکی ئاساییە و شاعیر بەو مەبەستە هاوردویەتی هەتا دەربارەی ئێستە و داهاتوو بگرە ڕابردووشی بۆی بدوێ. شاعیر دوای ناساندنێکی (کات) و ماهیەتی (کات) کە تەنها جێگای هاتنی بەچکە شەیتان و بەچکە سیاسی و بەچکە بازرگانە دەیەوێ درێژەی بەسەرهاتی خۆی بۆ پەریزادە بگێڕێتەوە.

مەبەستیشی لەم کارە ئەوەیە کە جۆرێك لە پرۆسەی پاکژبوونەوە بە ئاکام بگەیەنێت، کە ئەویش لەو ڕوانگەیەوە شاعیر دەیەوێت کەسێکی دی ئاگاداری گرفتەکانی بێت، ئەوەش لە ڕووی مەعنەوییەوە دەبێتە هۆی سووك کردنی باری شانی. ئەوەتا دەڵێ:

(لەم شەوەدا، پەریزادەکەم! کاتی ئەوە هاتووە، نۆرمە
منیش چیرۆکی بە نەعلەت کراوی خۆمت بۆ بگێڕمەوە
حیکایەتی مردنم و گۆڕەوشاردانی هەزار جارەم)

ئێستە کات بۆتە شەو، واتە بۆرەتار بۆتە تاریکی. پاڵەوانی (بکەر) شیعرەکە ئێستە لە ساتەوەختی شەودا دەیەوێت چیرۆکی خۆی بۆ پەریزادە بگێڕێتەوە. دیارە ئاشکرایە کە شەو ساتەوەختی شاردنەوەی هەموو نهێنیەکانە، یان کاتی ئەنجامدانی هەموو کارێکی نهێنییە. داخۆ دەشێ چیرۆکی بکەری شیعرەکە نهێنی بێت و نەیەوێت لە ڕۆژدا لە بارەیەوە بدوێت. چیرۆکەکەش چیرۆکێکی ئاسایی نییە بەڵکو چیرۆکێکی بە نەفرەت کراوە، یان بەسەرهاتی مردنی بکەر خۆی و گۆڕەوشاردانی هەزار جارەیەتی بکەری شیعرەکە پێشتر مردووە و گۆڕەوشاریش دراوە. کەواتە لێرەدا مێژوویەکی ڕاستەقینە یان یۆتۆپیایەکمان پێشکەش دەکات. لە باری یەکەمدا ئەگەر ئەوەی بۆمان دەگێڕێتەوە لە ڕوانگەی مێژووی بکەری شیعرەکەوە بۆی بڕوانین و ئەو بکەرەش بریتی بێ لە کەسیەتی نەتەوەیی کورد ئەوا چیتر پێویست ناکات بە دوای نهێنیدا بگەڕێین چونکە بکەری شیعرەکە کەسێتی کوردییە کە چۆن مێژوویەکی ڕەش و پڕ لە شکستی هەیە و هەر ڕۆژێکی چوون مردنێکە، حاڵەتی نائامادەبوونیش وەهای لێکردووە کە بە حەسرەتەوە لە مردنی خۆی و ئازارەکانی پاش مردنیشی بدوێ. ئەم

پێشتر ئامادەبوونی نەبووە بەو پێیەش بوونی نەبووە، بەڵام وەکو ئەفرێندراوێکی ناکردە بە دوای ژیاندا کێش بووە، تا ساتەوەختی نووسینی ئەم قەسیدەیە ئیتر مەرگی خۆی ئاشکرا دەکات، دەشێ سەختترین مەرگ ئەو مەرگە بێت کە پێش هاتنی هەستی پێ بکرێت بکەری شیعرەکە کە بە ناوی ئێمەوە قسە دەکات و بریتییە لە کەسیەتی نەتەوەیی ئێمە هەست بە مردن و گۆڕەوشاردانی چەندین جارەشی دەکات، بە واتا بکەر دەگاتە ئاستی ناسینی خۆی و ڕووداوەکانیش، ئەوەش بە گوێرەی کەسێتی ئێمە قۆناغێکی گرنگە چونکە پێشتر ئێمە بەردەوام لە ترسناکترین چرکەکانی هەرەسیشدا لە سیمای پاڵەوانێکی نەبەزیوودا خۆمان نیشان داوە، ئەو هەڵوێستەش وەهای لێکردووین هەمیشە بە وەهم بژین و برینە جگەربڕەکان پشت گوێ بخەین چونکە لە چرکەی دان پیانان ترساوین، ئەوەش بارێکی ئاساییە کەسێتی لاواز نایەوێت لە کەموکوڕیەکانی خۆی بدوێت چونکە برینەکانی دەکولێتەوە. ئەم خۆ دوورخستنەوەیەش لە درکاندنی ڕاستیەکان لە ئەزموونی شیعری کوردیدا هەر پەیوەستی هەست کردن بووە بە نائامادەبوون. بەڵام بکەری قەسیدەی (پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی) ئەو یاسا باوە دەشکێنێ و لە هەڵوێستی وەسفکردنی خۆی و گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیدا پرۆسەی ئاشکراکردن ئەنجام دەدات و پەردە لەسەر ڕاستیە شاراوەکانی خۆی لادەبات. بە دەرەوەی خۆی دەڵێت من چیتر خۆم بە پاڵەوان نیشان نادەم. ئەمە منم کە بەسەرهاتی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە. بە واتایەکی دی لەم قەسیدەیەدا بکەر بێ پەیڕەوکردنی هیچ سانسۆرێك خۆی نمایش دەکات.

-٣-

هەر لە سەرەتاوە قسەکەر کە خودی شاعیرە لە قەسیدەکەدا، سەرەتای ساتێکی مێژوویی پێشکەش دەکات کە ئەویش (ئێستایە) بەڵام (ئێستا) سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی پڕ لە کارەسات و بەدبەختییە. مێژوویەك کە هەموو شتێك تیایدا دزێو و ناشیرینە و مێژوویەك کە ئاوسە بە نەهاتی و قات و قڕی. واتە لێرەوە ناسنامەی ئایندە لە تێڕوانینی بکەری شیعرەکەوە ئاشکرا دەبێت، کە مێژوویەکە بۆ کارکردنی جادووگەران و بەچکە شەیتان و بەچکە بازرگان. ئەوانەی بێ باکانە

مامەڵە و پراکتیکی تایبەتی خۆیان دەکەن. پراکتیکێك کە زۆربەی کات دژی ئاراستەی هەر جووڵەیەکی پۆزەتیفە پەیوەست بە ئاراستە جووڵەی ئەو پرۆژەی کە خودی بکەری قەسیدەکە لە کۆتاییدا داوا لە (پەریزادە) دەکات هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی بدات کە ئەویش پرۆژەی زیندووکردنەوە و خوڵقاندنی مێژوویەکی نوێیە.

ڕاستەوخۆ دوای پێشکەش کردنی ڕووی دزێوی ئەو مێژووە بکەری شیعرەکە دێتە ناوەوە و خۆی دەبێتە ئەو پنتە کە ڕووداوەکان لە دەوری کۆدەبنەوە، ئەگەرچی ئەم خۆی بکەرێکی ڕووداو دروستکەر نییە بەڵکو تەنها ئەرکی گێڕانەوەو وەسفکردنی حاڵەتەکان لە ئەستۆ دەگرێ بەڵام هێشتا ئامادەبوونی لەنێو پانتایی دەقەکەدا پێویستە بۆ دروست کردنی جووڵەی بەردەوام (با جووڵەیەکی لاوازیش بێت) بۆ هەڵڕشتنی ڕاستیەکانی مێژووی ئێمە. ناکردەیی بکەر و نەگەیشتنی بە ئاستی بکەرێك کە توانای د روست کردنی ڕووداوی هەبێت، بەرجەستەکردنی ڕیالیستیانەی کەسێتی ئێمەیە کە چۆن بە درێژایی مێژوو نەمانتوانیوە ببینە بکەری سەر جوگرافیای خۆمان.

ئەگەرچی بکەر لە پانتایی جوگرافیای دەقەکەدا تاکە و لە شێوەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکدا دەردەکەوێت بەڵام ماهییەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و پەیوەست بە پانتایی سیۆسیۆلۆژی و مێژوویی ئێمە دەبێتە کەسێتی نەتەوە. بە واتا هەر کارێکی سادە کە بکەری شیعرەکە ئەنجامی دەدات یان ئەو وەسفانەی کە دەیکات یان هەر کارێك کە بێ توانایی خۆیی لە بەرامبەردا نیشان دەدات دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی و ناکردەیی (ئێمە) وەکو نەتەوە. لێرەوە زەمەنی درك پێکردن و زەمەنی دان پیانان لای بکەری شیعرەکە ئاشکرا دەبێ. زەمەن (شەوە) شەویش دەلالەتی مێژوویەکی تاریك هەڵدەگرێت. مێژوویەك کە یان نەنووسراوەتەوە یان هەر لە بنەڕەتەوە مێژوویەکی وێرانە و هیچ ئامادەبوونێکی نەبووە. (شەو) ئەوە نیشان دەدات کە زەمەن زەمەنێکی تاریکە، زەمەنێك لە لایەك تروسکەی تیادا نییە بۆ ناسینەوەی شتەکان، لە لایەکی ترەوە نەبوونی ئەو تروسکەیە دەلالەتی بێ ئومێدبوون بەرهەم دێنێت. لە لایەکی ترەوە بکەری شیعرەکە ئەو مانا مەئلوفەی (شەو) ڕەت دەکاتەوە کە لە کەلتووری

کوردی‌یـەوە وەرگـیراوە و گوایـە (شـەو قـەڵای مێردانـە)، واتـە شـەو زەمــەنی پراکتیـك کردنە. بەڵکو پێی وایە (شەو) زەمەنێکە دەلالەتی شاردنەوەی کەسێتی ئێمەی تێدا بە ئاکام گەیشـتووە. بـە ئەندازەیـەك کـە وای لێکـردووە کـە نـەتوانێت بـە چاکی پـەی بـە گەوهەری مەسەلەکان ببات و نەیانناسێتەوە، بە واتا (شەو) ئەو زەمەنەیـە کـە هـەموو شتێك تیایدا دەمامك دەپۆشێت و ناسینەوە تیایدا کارێکی ئاسان نی‌یە. (شەو) زەمـەنی هەرەسی خودی بکەری شیعرەکەیە بە هـەموو پێکهاتـە فـیزیکی و مەعنەوییەکانیـەوە. بگرە (شـەو) ئـەو تاریکستانەیە کـە لـە دوای کوژاندنـەوەی ئومێدەکـانی بکـەر دروست بووە، ئەمەش ئــەوە دەگەیـەنێت (شـەو) بریتی‌یـە لـەو زەمەنـەی کـە بکـەری شـیعرەکە تێیدا لە هەموو هیوایەکی ڕابوونەوە و بەرخودان بێ ئومێد بـووە و چـاوەڕوانی هیـچ هەنگاوێکی پۆزەتیفی بەرەو ئاینده ناکات، چونکە لە تاریکی شەودا نـاتوانرێت مـەودای ئاینده ببینرێت.

پێشتر ئاماژەمان بـۆ ئـەوە کـرد کـە بکـەری شـیعرەکە کـاتێ هەسـت بـە تێکشکاندن دەکات و بە گومانەوە لە مانەوەی خودی خۆی دەڕوانێت، چیتر توانای ئەوەی نـامێنێت ڕاسـتەوخۆ خـۆی مێـژوو بدوێنـێ. کەسـی دووەم واتــە (پـەریزادە) دەهێنێتــە نێــو جوگرافیـای دەقەکـەوە و کارەسـاتەکان بـۆ ئـەو دەگێڕێتــەوە. (پــەریزادە) گــەرچی لــە ڕووکەشدا ناوێکی ئاسایی‌یە بەڵام دوو دەلالەت هەڵدەگرێت، یەکەمیان دەشێت سـیفاتی ڕەگەزی بەرامبەر بکەری هەبێت، واتــە ئـافرەتێك بێـت و بکـەر بـۆ سـوك کردنـی بـاری شـانی خـۆی و خـاڵی کردنـەوەی ئازارەکـانی نـاخی ڕووداوەکـانی بـۆ بگێڕێتــەوە و لــەم حاڵەتەشدا بکەر ڕاستگۆیانە و بێ ترس حەقیقەتی بوونی خۆی ئاشکرا دەکـات. لێرەدا بکـەر دەیـەوێت کەسـێك پـەیدا بکات کـە ببێتــە هاوکـاری لــە شـاندانەبەر کاریگــەری خەمەکانی (تێکشکاندن). بۆ ئەو مەبەستەش ڕووداوەکان بۆ پەریزادە دەگێڕێتەوە واتە لێرەدا پەریزادە دەوری ڕزگار کـەر دەبینێت، لـە بـاری دووەمـدا دەشـێ پـەریزادە وەکـو هێما بۆ ڕۆحی ڕابوونەوەی ئێمە بەکار هاتبێت، واتە بکەری شیعرەکە بە هوشـیارییەوە کارەسـاتەکان بـۆ ڕۆحی ئێمـە دەگێڕێتـەوەو پـێی دەڵێت ئەمـە مێـژووی ئێمەیـە، بـەو مەبەستەی ڕۆحی سەرکوتکراومان جوڵەی بەرەو زیندووبوونەوە و ڕابوونەوە بە خـۆی

بـدات و کولاندنــەوەی برینــەکانی ببێتــە مۆتیڤــی تێرامــان و بەخۆداچوونـــەوە بـــە مەبەستی ڕابوونەوە و خۆ دروست کردن.

بکەری شیعرەکە بێ گوێدان بە هیچ سانسۆرێك دەربـارەی کەسـیەتی خـۆی و نائامـادە بوونی دەدوێت کە ئەوەش لە ڕاستیدا گوزارشت کردنــە لـە کەسـیەتی نەتـەوە و ئـەو بـارە شکستەی کە نەتەوە تیایدا دەژی، لەم حاڵەتەشدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بکەری شیعرەکە هەر لە سەرەتاوە ناپیرۆزێتی و کەم نموودی خۆی ئاشکرا دەکات، تـا دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە دەگاتـە پـەردەلادان لەسـەر مێـژووی خـۆی کـە پـێی وایـە مێژوویـەکی گەوجـە، بـەڵام هێشتا لـە تـێڕوانینی خۆیـــەوە مێژوویـــەکی خۆشەویســـتە ئەمـــەش ئـــەوە نیشـــان دەدات گەرچی بکەری شیعرەکە بـە تونـدی ڕەخنـە لـە ئێسـتا و ڕابـردووی خـۆی دەگرێـت بـەڵام هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کە چ ئێستا و چ ڕابردوو بەشێکن لـە بوونـی ئـەم و نـاتوانێت ڕەفزیـان بکـات، هەڵوێسـتی ڕەخنـەگرتن لـە لایـەن بکـەری شـیعرەکەوە بـە مەبەسـتی کولاندنەوەی برینەکان و بە خۆداچوونەوە و دروستکردنی ڕۆحی ڕابوونەوەدا. ئەوەتا بی دەربەستانە دەربارەی خۆی و مێژووی خۆی دەدوێت و دەڵێت:

(تۆ بڕوانە هەڵمی ڕۆحم

تۆ بڕوانە حیکایەتی ژیانە کەڕو کوێرەکەم

تۆ بڕوانە پرشنگی زیندە بە چاڵ کراوم

حیکایەتی مێژووە گەوجە خۆشەویستەکەم)

بکەر ماهییەتی مێژووی خۆی ئاشکرا دەکات کە مێژوویەکی گەوجـە، ئەمـەش ئـەو دەلالەتـە هـەڵدەگرێت کـە لـە تـێڕوانینی بکـەری شـیعرەکەوە ئـەم لـە ڕابـــردوودا هیـــچ پراکتیکێکی ئەوتۆی نەکردووە کە مێژوو دروست بکات، بەڵکو مێژووەکـەی پانتاییـەکی زەمەنی بۆشە وەکو مێشـکی گەوجەیـەك چۆن هیچی ئـەوتۆی تیـادا نیـیە کـە شـایانی باس بێت. ئەمی خاوەنی ئەو ڕابردووە هێشتا وەکو زەمـەنێك کـە بەسـەری بـردووە و کاریگەریشی لەسەر ئێسـتای دیـار و ئاشـکرایە نـاتوانێت نکوڵی ئـەو ڕابـردووە بکات بـا هیچ کارێکی پۆزەتیفیشی تێدا ئـەنجام نـەدابێت. هـەرچۆن بـاوکێك منداڵەکـەی خـۆیی خۆش دەوێت با گەوجەو گەمژەش بێت.

-٤-

بكەری شیعرەكە لە قسەكانیدا بەرامبەر بە (پەریزاد) تا سنووری ناسنامەی ئاشكرا دەكات كاتێ پێی دەڵێت:

(پەریزادەكەم ئەی پەریزادەی بێ دایك و باوك

پەریزادەی لە كونە دیوار بووی بێ كۆشك و بێ كەنیزەك!

ئەی پەریزادی لە خێڵی پەرییان یاخی و بە خێڵی ڕافزی ئاشنا)

لێرەوە دەردەكەوێت كە پەریزاد نە سەرچاوەیەك نە ئەسڵێكی هەیە هەتا بۆی بگەڕێتەوە، ئەمەش دەلالەتی بێ بنەمایی و بێ ڕەگ و ڕیشەیی ئەو بەرهەم دەهێنێت، ئەگەر پەریزاد وەكو هەر هێمایەكیش بەكارهاتبێت ئەوا ڕاستەوخۆ هاوشێوەی كەسیەتی نەتەوەی كوردە، سەرباری ئەوەی كە لە ڕووی مێژووییەوە دەزانین كورد لە كوێوە هاتووە و سەر بە چ ڕەگەز و نەژادێكە بەڵام هێشتا هەروەكو ئەوە وەهایە لە كونی دیوارەوە هاتبێ چونكە هەر هاونەژادەكانی خۆی بەشێكی زۆری مێژووەكەی ئەمیان وێران كردووە.

لە لایەكی ترەوە پەریزاد لە ڕەمز و بەها پیرۆزەكانی بێزارە و نایەوێت خۆییان لێ نزیك بكاتەوە. (خێڵی پەرییان) هێمایە بۆ سەرجەم بەها پیرۆزەكان، بەڵام ئەم لێیان یاخی بووە و پشتی تێكردوون، بە پێچەوانەوە ئەم ئێستا بە خێڵی ڕافزی ئاشنایە. كەواتە لێرەدا دووانەیەك دروست دەبێت كە بریتی‌یە لە دووانەی (فریشتە/ شەیتان) یان (خێر/ شە ڕ) پەریزاد لەنێو ئەم دووانەیەدا جەمسەری خراپ هەڵدەبژێرێت. بەڵام خراپ لە ڕوانگەی عەقڵ و كەلتووری باوەوە، واتە بە پێی تێڕوانینی ئێمە ئەوەی پەسەندە ئەو ڕەفزی دەكات و ئەوەی ناپەسەندە ئەو دەیكاتە نموونەی باڵای خۆی و دەچێتە ژێر سایەی عەساكەیەوە.

لێرەدا ئەو دەلالەتە لە ئاستێكی قوڵتردا دەردەكەوێت كە لە ڕوانگەی تێڕوانینی پەریزادەوە (كە دەتوانین بڵێین ڕۆحی ڕابوونەوە یان تەنانەت خودی شاعیریشە) بكوژی ڕۆحی ئێمەیە لە ڕابردوودا، ئەو هێزە بووە كە كەلتووری پەرییان بەرهەمی هێناوە، ئێستەش بكەری شیعرەكە لە ئەنجامی كاریگەری ترسناكی تێكشكاندنیدا گەیشتۆتە ئاستێك لە بیركردنەوە و هۆكاری تێكشكاندنی خۆیی ناسیووە، (پەریزاد)

لێرەدا ڕۆحی ڕابوونەوەی بکەری شیعرەکە و ئێمەیە بۆیە ئێستە پشت لە خێڵی پەرییان دەکات و دەبێتە دۆست و موریدی خێڵی ڕافزییان. دیسان کەلتووری پەرییان دەشێ ئەو کەلتوورە بێت کە لە ڕابردوودا کەلتووری ڕەسەنی بکەری شیعرەکەی تێکشکاندبێت و بەو پێیەش ڕۆحی بکەر خۆیشی هەرەس پێ هێنابێت. هەروەها کەلتووری پەرییان کە هاتووە بۆ ئەوەی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆی خۆش بکات کەلتو وری پێشتری بکەری شیعرەکەی بە کەلتووری ڕافزی یان بێ بڕوایان ناودێر کردووە.

گەڕانەوەی پەریزاد بۆ ئاشنابوونەوە بە کەلتووری ڕافزی مانای سەرەتای هەست کردنی بکەری شیعرەکەیە بە پێویست بوون بە گەڕانەوە بۆ یادەوەری یەکەمین کە بە گوێرەی ئەوی بکەر کە نوێنەری نەتەوەیە گەڕانەوەیە بۆ ژێر سایەی کەلتووری زەردەشتی کە لێرەدا بە (ڕافزی) ناودەبرێت. ڕافزی بوون لە ڕوانگەی بەراوردکردن بە کەلتووری هاتوو کە نوێترە و ئەوی یەکەمی ڕەفز کردووە دروست بووە، ئەگینا لە ساتەوەختی پێش هاتنی کەلتووری پەرییاندا کەلتووری یەکەم کە ئێستا پەریزاد پێی ئاشنا دەبێتەوە ڕافزی نەبووە.

پەریزاد لە شتە پیرۆزەکان (خێڵی پەرییان) یاخی بووە و لەگەڵ شتە دزێوەکان تەماهی دەکاتەوە واتە (خێڵی ڕافزی)، ئەمەش سەرەتای یاخی بوونە، یاخی بوونێك کە دەشیا دەلالەتی هاوشانی لە پانتایی مێژووی ئێمەدا هەبوایە، ڕافزی بوون و ئاشنابوونەوە پێی دەلالەتێکی کەلتووری و مێژوویی قوڵتری هەیە و گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری خۆمان، یادەوەری کوردانە کە لە گەوهەری ئاینی دێرینەی کورد تەقالیدی کۆنی نەتەوایەتی ئێمەدا ئامادەبوونی هەیە.

لێرەوە دوودڵی و گومان لای بکەری شیعرەکە دەردەکەوێت، کە ئەویش دوودڵی و گومانە بەرامبەر بە (ڕابردوو، ئێستا، بەرامبەر بە خێڵی پەرییان و خێڵی ڕافزی). ئەمەش قۆناغێکی نوێیە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا چونکە لە ئەزموونی پێشتریدا گومان جێگای نەدەبۆوە بەڵکو بەردەوام یەقینی ئامادە خۆی پێشکەش دەکرد کە ئەویش لە شێوەی پێشمەرگە یان حزب یان سەرکردەدا بووە. بەڵام لێرەدا بە جۆرێکی

تـر دەڕوانێـت و لـە بەرامبـەر ڕوانینـە ڕابـردوو، ئێسـتا و داهـاتوودا بیردەکاتـەوە و ڕادەمێنـێ. هـۆی گەیشـتنیش بـە حاڵـەتی تێڕامـانی بیرکردنـەوە پـەی بردنـە بـە نائامادەبوونی (خود) کە لێرەدا بکەری شیعرەکە نوێنـەرێتی و گوزارشت لـە حاڵـەتی نائامادەبوون و ناکردەیی ئێمە دەکات. دەرکەوتنی گومان و دوودڵی و بە دوای ئەوەشـدا دروستبوونی حاڵەتی تێڕامان لە کەسیەتی بکەری شیعرەکەدا سـەرەتای ئـەم ئەزموونـە نوێیە خاڵرێژ دەکات لە ژیانی شیعری شێرکۆدا.

بکەری شیعرەکە دەیەوێت ڕۆحی زیندووبوونەوە (پەریزاد) بە هـەموو لایـەن و بـە هـەموو گۆشـەیەکی پانتـایی مێـژووی نەتـەوە ئاشـنا بکـات بـەو مەبەسـتەی پـەریزاد ناسنامەی تێکشکاوی ئەو مێژووە بناسێت و لەسەر ئەو بنەمایە بۆ بـە ئاکام گـەیاندنی پرۆسـەی بنیادنانـەوە ئاراسـتەی بکات، یـان لـە بـارێکی تـردا بکـەری شیعرەکە داوا لـە پەریزاد بکات ببێتە بکەری ڕووداو دروستکەری نێو مێـژووی تێکشـکاوی ئێمـە. بکـەری شیعرەکە (پەریزاد) بەنێو مێژوودا دەگێڕێت و سەرجەم شکست و هەرەسەکانی نیشان دەدات. پانتـایی ئـەو جوگرافیایـەی نیشـان دەدات کـە تراژیدیاکـانی هەرەسـی ئـەوی بکەریان تیا قەوماوە، تا دەیگەیەنێتە شاری چوارمێخە کێشراوەی ویژدانی خۆی:

(ئەی پەریزادی لە خێڵی پەرییان یاخی و بە خێڵی ڕافزی ئاشنا
نۆرەمە منیش بتخەمە ناو کەشتی گومان و دوودڵی خۆمەوە
کەشتی ڕاڕایی و بەدمەستی و گوناهی خۆمەوە بە جۆگەی شەراب و
ڕووباری ژەهر و بە کاوی تاواندا بتسوڕێنمەوە
بە شاری چوارمێخە کێشراوەی ویژدانی خۆمدا بتگەڕێنم).

بکەری شیعرەکە باری دەروونی خۆی ئاشکرا دەکات کە لە گومان و دوودڵیـدا دەژی، بەڵام گومان و دوودڵی بۆچی و لـەژێر چ کاریگەرییـەکدا؟ هـەر بـە دوای ئـەوەدا بکـەر باس لە گونـاهی خـۆی دەکات، بۆیـە لێرەدا ئـەو پرسـیارە سـەرهەڵدەدات بۆچی بکـەر گوناهبارە؟ ئەوەشی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە خۆی باس لە گوناهباری خۆی دەکات. بۆیە لێرەوە دەلالەتێکی قوڵ لـە پشتی ئـەم دەربڕینـەوە دەردەکـەوێت کـە دان پیانـانی خودی بکـەر ئاشـکرای دەکات. بکـەر دان بـەوەدا دەنێـت کـە خـۆی گوناهبـارە. تاکـە

لێکدانەوەیەکیش کە بۆ ئەم قسەیە بدۆزرێتەوە ئەوەیە کە بکەر بە ناوی نەتەوەوە دەدوێت و گوناهەکەشی ئەوەیە کە لە ڕابردوودا نەیتوانیوە خۆی بسەلمێنێت و ئامادەبوونی خۆی نیشان بدات، واتە گوناهی بکەر گوناهێکی ئەنتۆلۆژییە و ئێستا کاریگەرییەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتیشی هەیە کە ئەو کاریگەرییەش لە ڕوانگەی ڕوانینە ئامادەبوونی خودی بکەرەوە لە ئێستادا حاڵەتێکی سلبییە و جێکەوتێکی خراپی هەیە.

بکەر داوا لە پەریزاد دەکات بە شاری چوارمێخە کێشراوی ویژدانی خۆیدا بگێڕێت. لێرەدا مۆتیڤێك لە ئەفسانەی چوارمێخە کێشانەوەی مەسیح وەرگیراوە، بەڵام لە بری چوارمێخە کێشانەوەی خودی بکەر شاری ویژدانی چوارمێخە دەکێشرێتەوە. لێرەدا ویژدان دەلالەتی ماهییەتی ڕۆحی نەتەوایەتی ئێمە هەڵدەگرێت، شاریش ناوەندێتی یان پنتی فۆرمەلە بوونی ئەو ڕۆحەیە بە مەبەستی بڵندبوونی و کۆنترۆڵ کردنی بوونی ئێمە. شاری چوارمێخە کێشراوە جوگرافیای دابەشکراوی ئێمەیە. بکەر بە مەبەستی ڕێگا نیشاندان و شارەزاکردنی پەریزاد (کە وەك گوتمان هێمایە بۆ ڕۆحی زیندووبوونەوە) دەیە وێت نەخشەی ڕابردوو و ئێستای ئێمەی بخاتە بەردەم و سەرجەم درێژەی ڕووداوەکانی بۆ باس بکات هەتا ئاگاداریان بێت و لێیان تێبگات و لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە کاربکات. بکەر ڕاستەوخۆ دوای پێشکەشکردنی زنجیرەیەك لە ئەنجامەکانی شکستی خۆی لە مێژوودا، ئەو شکستانەی کە کردوویەتیە خودێکی نائامادە، خودێك کە لەنێو مۆزەخانەکاندا مۆمیا کراوە و هیچ ئامادەبوونێکی نیە لە ڕووی پراکتیکەوە دەیەوێت بە پەریزادە بڵێت ئەمە ئێمەین. ئێمەی فڕێدراو بۆ پەراوێزی مێژوو. بکەری شیعرەکە وای دەبینێ هەموو مێژووی ئەم زەمەنێکە پراکتیکی خۆسەلماندن و شارستانی بنیادنانی تێدا ئەنجام نەدراوە، جەستەی خەڵتانی خوێنە و خەونەکانی تەنها شوێنەواریان ماوەتەوە. هەر لێرەوە بە تەواوی هاوشانی بکەری شیعرەکە و کەسێتی نەتەوەیی ئێمە دەردەکەوێت. خەون و هیواکانی بکەر بە ئەنجام نەگەیشتوون و تەنها شوێنەواریان لە لاوەعیدا ماوەتەوە. بە هەمان شێوە پرۆسەی تێکشکاندنیش خەون و هیواکانی نەتەوەیان هەرەس پێ هێناوە و تەنها

شوێنەواریان لە لاوەعی کۆمەڵایەتیدا ماوەتەوە. دەشێ ئێستە بکەری شیعرەکە لە ساتەوەختی تێڕامانیدا بگەڕێتەوە بۆ پانتایی یادەوەری خۆی و لەوێدا خەون و هیواکانی کە خەون و هیوای ئەنتۆلۆژیانەن زیندوو ببنەوە، بە هەمان شێوە نەتەوەش لە ساتەوەختی ڕامانیدا لە بەرامبەر واقعیەتی نائامادەبوونیدا دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری ڕابردووی، بۆ ئەو سەردەمانەی کە کورد تیایدا ئامادەبوونی هەبووە و خاوەنی کەسێتی مەعنەوی خۆی بووە، دەخوازێ ئەو کەسیەتییە دروست بکاتەوە، هەر ئەم ئارەزووی گەڕانەوەیە (پەریزادە) کە هێمای ڕابوونەوەیە بە خێڵی ڕافزی ئاشنا دەکاتەوە. ئەو خێڵەی کە یادەوەری ڕابردوو و هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی ئەو یادەوەریانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ڕافزی ناودێر بکرێ. دیسان بکەر دەیەوێت بیبلۆگرافیای خۆی پێشکەشی پەریزادە بکات و نهێنییەك نەهێڵێتەوە لە بەردەمیدا چونکە وا تێدەگات ئێمە تاکو ئێستا لە ئەنجامی شاردنەوەی ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆماندا لە بارێکی وەهادا ماوینەتەوە کە نەتوانین دەستنیشانی شکستەکانمان بکەین. ئەوەتا دەڵێت:

(پەریزادەکەم ئەی پەریزادەی بێ دایك و باوك

نۆرەمە بە شاری چۆڵ و هۆڵی زراو تۆقیوی هاوارەکانی کۆن و نوێمدا

بتبەم و سەرە بڕڕاوەکانی خۆمت نیشان بدەم)

بکەر دەیەوێت پەریزادە بە هەموو نهێنییەکانی خۆی ئاشنا بکات، دەیەوێت پەریزادە بزانێت کە ئەم چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا هاوارەکانی نابن بە دەنگ، توانای خۆ دەربڕینیان نییە. بەڵکو ترساون، ترساندنێکی خنکێنەر، کە تاکو ئێستەش پڕکێشی خۆدروست کردنەوە ناکات.

بکەری شیعرەکە دەگاتە ئاستی خۆناسین و تێ دەگات کە ئەم هیچ ئامادەبوونێکی نیە نە لە ڕووی بنیادنانی شارستانی و نە لە ڕووی مێژووییەوە، بە واتایەکی دی تێدەگات کە ئەم لە ئاستی ئەوانی تردا لە پەراوێزدایە، هەموو کەوتنە پەراوێزێکیش لە ئەنجامی ناکردەییەوە دروست دەبێت. بکەری شیعرەکەش پەی بەو ڕاستییە دەبات و کە خۆی لە کوێدایە، دەشیەوێت ماهییەت و ئامادەبوونی خۆی بە تەواوی بۆ پەریزادە ئاشکرا بکات ئەوەتا دەڵێ:

(نۆرەمە، پەریزادەکەم! نۆرەمە، منیش پێت بڵێم
هێندە لە تەنکاودا ژیاوم، بووم بە ماسییەکی گەمژەی ئاوی دنیا
ئەوەتا نە زەریاکان پێناسەم ئەدەنێ و نە ئۆقیانووسەکان بڕوام پێ ئەکەن
هێندە لە گوێ ئاگردانی ورێنەکردنی باپیراندا دانیشتم و
ئەژنۆم دایە بەر چەناگەم و گوێم لە شڵپ و هۆڕی درۆیان گرت
ئێستا وەك سێبەرێکی کرێی خەواڵووی مێش لێنیشتووم لێ هاتووە).

بکەری شیعرەکە ئێستا سنوورەکانی درك نەکردنی بەجێ هێشتووە و بە پیرۆز و مەزن لە خۆی ناڕوانێت، مێژووی خۆی و کارکردنی لەو مێژووەدا بە ساکاری دەبینێ و ژیانی بێ پراکتیکیش لەو مێژووەدا ناسنامەی گەمژەێتی بەم بەخشیووە، ئەو گەمژەێتییەی کە فڕێی داوەتە پەراوێزەوە ڕەنگە هەر ئەوەش ڕێگای تێکشکاندنی خۆش کردبێ. ئێستا گەر بکەری شیعرەکە ماسییەك بێت ئەوا زەریاکان ناسنامەی چوونە ناوەوەی نادەنێ و بڕوای پێ ناکەن کە ماسییەکە شایەنی مەلەکردنی نێو قوڵایی دەریایە. لێرەدا ئەگەر بکەری شیعرەکە بریتی بێت لە کەسیەتی نەتەوەیی کورد ئەوا (زەریاکان) بریتین لە شارستانی مرۆڤایەتی، لە ململانێی نێوان شارستانیەتەکاندا تەنها ئەوانە دەتوانن بوونی خۆیان بنوێنن کە لە بەرهەم هێنانی خودی ئەو شارستانیەتیانەدا جێگای دیاریان هەبووە. ئەوانەشی کە نەیانتوانیوە شارستانی بەرهەم بهێنن ناتوانن لە ململانێی نێوان شارستانیەتیەکاندا هیچ جێگایەك بە دەست بگرن. دەلالەتی ئاشکرای ئەم وێنەیە پەیوەست بە خودی نەتەوەیی ئێمە سەد دەرسەدە، ژیانی پەراوێزی و پەرت و بڵاوی خێڵایەتی ئێمەی لە مێژوو فڕێدایە دەرەوە و هیچ بوارێکی ئامادەبوون و خود سەلماندنی بۆ نەهێشتینەوە. ئێستاش بەو ماهییەتەوە مێژوو دەروازەکانی خۆیمان بۆ کۆناکاتەوە هەتا بێینە ناوەوە و ئامادەبوونی خۆمان بسەلمێنین. بکەری شیعرەکە هۆی بە پەراوێزبوونی خۆی نیشان دەدات و ئەوەش ئەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەست بوونی بە سەرجەم بەهاو تەقالیدەکانی ڕابردووەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەم بە خامۆشی لە سێبەری باپیراندا شانی داداوە و هەموو کار و کردەوەکانی بەلاوە پەسەند بووە. بەڵام ئەوەش ئاشکرا دەکات کە باپیران

تەنها وڕێنەیان کردووە نەیانتوانیوە پراکتیك بکەن، ئەمیش بەردەوام گوێڕایەڵی ئەو وڕێنانە بووەو لە کاتی گوێ گرتنیشدا نەیتوانیوە هیچ پراکتیکێك بکات. بەڵام هەر خودی بکەر ئەوەش ئاشکرا دەکات کە وڕێنەکانی باپیران درۆ بوون، ئەمەش لە لایەك درك کردنی بکەر ئاشکرا دەکات، لە لایەکی ترەوە پوچی و بێگەوهەری ئەو کەلتوورە نیشان دەکات کە ئێمە لە باپیرانەوە بۆمان جێماوە. کەواتە لێرەدا ئەو دەلالەتەی ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کە لە تێڕوانینی بکەری شیعرەکەوە ڕابردوو پانتایەکی بۆش و دزێوە و جگە لە کاریگەری سلبی هیچ شتێکی تری لەسەر بوونی ئێمە لە ئێستادا نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو ڕابردووە لە کۆنەستی ئێمەدا بارێکی خراپی دروست کردووە کە ئەویش بەردەوام بوونی مانەوەی ئێمەیە لە حاڵەتی هەست کردن بە نائامادەبوون و هەست کردن بە گرێی هەست بە کەموکورتی کردن. بکەری شیعرەکە کە ئەو کەلتوورە قەیراناوییە لە دوایەوەیە بۆیە ناتوانێت ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر. ئەمەش دیسان هاوشێوەی کەسێتی نەتەوەی کوردە لە پانتایی مێژوودا، کە چۆن نائامادەبوونی ڕابردوو ڕێگای لە بەردەم ئامادەبوونی ئێستاشیدا داخستووە.

بکەری شیعرەکە بە تەواوی بیروڕای خۆی لەسەر کەسێتی خۆی بۆ پەریزادە بەیان دەکات کە دان پێدانانێکی بێ پەردەیە و مەگەر تەنها لە ساتەوەختی بە موگناتیس نواندندا مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستەی دان پێدانان و دەرهاویشتنی ئەوەی لە نەستیدا کەڵەکە بووە، ئەوەتا دەڵێت:

(ئۆها! من چ عیبرەتێکم بۆ مەرگی هەرزان
ئۆها! من چ عیبرەتێکم بۆ ئاخر زەمان!)

لێرەدا بە تەواوی دەردەکەوێت کە بکەری شیعرەکە خۆی وەکو خاڵێکی دزێو و ناشیرین دەبینێ و وای بۆ دەچێت شایانی ژیان نیە چونکە ئامادەبوونی نییە. بە هەمان شێوە بکەری شیعرەکە وای بۆ دەچێت کە ئەم شایانی ئەوەش نییە ئامادەبوونی خۆیشی بسەلمێنێت چونکە زۆر بە گومانەوە سەیری ئایندەی خۆی دەکات، وای دەبینێ ئەم لە داهاتووشدا ناتوانێت ببێتە بکەرێکی خاوەن پراکتیك و ڕووداو دروست بکات. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت مادەم

بکەری شیعرەکە لە ڕابردوودا ئامادەبوونی نەبووە و نەیتوانیووە بەشداریی پرۆسەی بنیادنانی شارستانی بکات و ئێستاش پەیوەستە بەو ڕابردووە ئەوە مانای وایە ناتوانێت لە ئێستە و داهاتووشدا هیچ شتێکی ئەوتۆ بنیاد بنێ. بگرە وایشی بۆ دەچێت کە ئەم خۆی بە ڕوخسار و سیمای ئایندەی مرۆڤایەتی‌یەوە خاڵێکی ڕەش و بێ گەوهەرە.

جارێکی دی بکەری شیعرەکە (پەریزادە) دەدوێنێ و داوای گوێگرتنی لێ دەکات و ئاگاداریشی دەکات کە ئەم دەگەڕێتەوە نێو دەنگی (ئاناباز) و بە سواری ئەسپەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو پانتایی مێژووی تەمومژاوی، بۆ نێو مێژوویەك کە دوو ڕووی هەیە، یەکەمیان هاتنی (زەینەفون) کە ساتەوەختی هەرەس و تێکشکاندنە بۆ بکەری شیعرەکە چونکە بکەرێکی دەرەکی لەسەر جوگرافیای ئەم، ڕووداو دروست دەکات. زەینەفون بە خۆی و لەشکرەکەیەوە کە بە دە هەزار کەس دانراوە و بریتین لەو جەنگاوەرانەی کە هاتوونەتە یارمەتی (کۆرش) لە ساڵی (٤٠١)ی پێش زایندا و بەو مەبەستەی یارمەتی (کۆرش بدەن تا کورسی فەرمانڕەوایی لە (ئەردەشیر)ی برای داگیر بکا. ئەم سوپایە کە (کریسۆفۆس و زەینەفون) سەرکردایەتییان کردووە لە گەڕانەوەدا بە کوردستاندا تێپەڕیووە و لەگەڵ کوردەکاندا داویانە بەیەکدا.

لایەنی دووەمی لێکدانەوەی گەڕانەوەی بکەری شیعرەکە بۆ نێو دەنگی (ئاناباز) واتە بۆ نێو ئەو کتێبەی کە زەینەفون لە بارەی ئەو ڕێکردنەوە بە کوردستاندا دایناوە ئەوەیە کە کورد لەو مێژووەدا ڕۆحی بەرەنگاری بەهێز بووە و ڕێگای نەداوە هەرکەسێ هات و بە ئارەزووی خۆی بە وڵاتەکەیدا بێت و بچێت. بکەری شیعرەکە لەم ڕوانگەیەوە وەکو مێژوویەکی پیرۆز لەو ڕابردووە دەڕوانێت و ئاواتەخوازی ئەوەیە کە ئێستا بیتوانیایە هەمان شێوە لە ڕووی داگیرکەرانی کوردستاندا بوەستایە.

هاتنی زەینەفون و سوپاکەی بێترس دەلالەتی نائامادەیی ئێمە لەو مێژووەدا هەڵدەگرێت بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگە پێگرتنی کوردەکان دەلالەتی حسی خودپاراستن هەڵدەگرێت. دیارە حسی خودپاراستن جیاوازە لە هەستی نەتەوایەتی و پارێزگاری

کردن لە جوگرافیای نەتـەوە و ناسـنامەی نەتـەوەیی کـە بـۆ ئـەو قۆناغـە مێژووییـەش ناشێت باسی هەست و هوشیاری نەتەوەیی بکەین.

کاتێ زەینەفون بێ هیچ دوودڵی و گومـانێك، بـێ ئـەوەی گوێ بـەوە بـدات کـە ئـەو پانتاییـە جوگرافییـە خـاوەنی خـۆی هەیـە دێتـە نـاوی و پێیـدا تێپـەڕ دەبـێ، بـە واتـا زەینەفون و لەشکرەکەی هیچ نرخێك بۆ کورد و دوای ئەویش بۆ ئەرمەن دانـانێت کـە بـێ گـوێ پێـدان بـە وڵاتـەکانیاندا تێدەپـەڕن. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە لـە ڕووی تێڕوانینی زەینەفونەوە ئێمە هیچ ئامادەبوونێکمان نەبووە.

زەینـەفون هـەڵگری خوێـن و هـەرەس و تراژیدیایـە، تراژیدیایـەك کـە مـەیدانی پیادەکردنی پانتـایی جوگرافیـای بکـەری شـیعرەکەیە. لـە لایـەکی تـرەوە زەینـەفون شارستانێتی‌یەك لە پشتیەوەیە کە لە بەرهەمهێنانی (هزر و بازو و خوێن و دووکـەڵدا) داهێنەر بووە.

لـێرەدا حاڵـەتێکی جووت جەمسـەری بـۆ خـودی زەینـەفون بەرجەسـتە دەبێـت کـە جەمسەری یەکەم (هزر= فیکر) پێناسەی دەکات و جەمسەری دووەمیش (بازو و خوێـن و دووکـەڵ) واتـە وێرانکاری و شـەڕ و ڕووخـاندن و لـەنێوبردن بەرامبـەر بـە فیکـر و عەقڵ لە کەسێتی زەینەفون دا ئامادەبوونیان هەیە. کەسێتی زەینەفون بەرهەمی فیکر و شارسـتانی گریکـە. کـە فیکـری هەیـە بـۆ لێکدانـەوەی شـتەکان و بازووشـی هەیـە بـۆ پاراستنیان. ئەوەتا دەڵێت:

(جارێکی دی ئەچمەوە ناو دەنگی –ئاناباز- و ئەسپەکەی
جڵەو ئەکەمەوە سەر ئەکەمەوە بە مێژووە خۆڵاوییەکەی داو توێژ
بە توێژی زەمان هەڵ ئەدەمەوە، دیسانەوە ئەبمەوە بە کالانی ئەوسا.
لە دەمادەمێکی ژەنگاویدا لە کازیوەیەکی حەپەساودا
-گەزنەفون-ی خواوەندی زرێ پۆشانی گریك
سەرکردەی هزر و بازووی جیهانی خوێن و دووکەڵ،
کوڕی پەرستگا ڕووناکەکانی –ئەثیناو-
ئەسپی ئاوی و شێری جنگ بە مەشخەڵانی باکۆدانی زەمین

لە دوای زەمین گەزنەفونی وەچەی –ئافیل- بە خۆی و دە هەزار سواری
تۆز لێ نیشتووی بیابانێکی دوورەوە، ڕەو، ڕەو، دەستە، دەستە
لە دوای شەڕێکی دیکەی سوور هەڵگەڕاو
ڕوویان کردە ئەم وڵاتی دێو و درنجە..)

لە پانتایی جوگرافیای شیعرەکەدا هەر لە سەرەتاوە تاکو گەیشتن و تێپەڕبوونی سوپاکەی زەینەفون بە کوردستان بکەری شیعرەکە بە ناوی کەسی یەکەمی تاکەوە دەدوێت کەچی لەگەڵ گەیشتنی سوپاکەی زەینەفوندا بکەر چیتر بە ناوی کەسی یەکەمی تاکەوە نادوێت بەڵکو بە ناوی کەسی یەکەمی کۆوە دەدوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بکەر ناتوانێت لە حاڵەتی تاکێتی خۆیدا بمێنێتەوە هەر بۆیە لەگەڵ کۆدا تەماهی دەکات و یەك دەگرێتەوە و بە پێی یاسا و سیستەمی عەقڵی دەستەجەمی دەجوڵێت. بکەری شیعرەکە دەزانێت بە تەنها ناتوانێت نە لە ڕووی سوپاکەی زەینەفون دا بووەستێت نە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات بۆیە خۆی لە بۆتەیەکی گەورەتردا نیشان دەدات بەو هیوایەی کە لە لایەك پارێزراو بێت و لە لایەکی تریشەوە بەرگری بکات.

بکەری شیعرەکە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێوان ئێمە و لەشکری زەینەفون دا گەلێك بەڵگەی شکست و بێ توانایی ئێمە نیشان دەدات، پەنا دەباتە بەر توخمە غەیبانیەکانی نێو پانتایی سیۆسیۆلۆژی ئێمە و بە هیوایە لەوێڕا تروسکەی سەرکەوتن بدۆزێتەوە، ئەمەش لە بنەڕەتەوە نائامادەیی عەقڵ و مەعریفەت دەردەخات. تا ئەو ئاستەی کە بکەر بەراوردی ئێمە و بەرانە کێوییەکان لە ڕووی عەقڵەوە دەکات و ئەنجام ئێمەی مرۆڤ کە لێرەدا مەبەست ئێمەی کوردە لەگەڵ ئەوانی ئاژەڵدا هیچ جیاوازییەکمان نابێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە نییە کە بەرانە کێوییەکان گەشەیان کردبێت بۆ ئاستی ئێمەی مرۆڤ بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە کە عەقڵی ئێمە ئەوەندە گەشەی نەکردووە لەو مێژووەدا ببێتە هۆی جیاکردنەوەمان لە بەرانە کێوییەکان. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئێمە لە ڕابردوودا هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆمان نەبووە بۆیە نەمانتوانیوە شارستانی بەرهەم بهێنین و سەرباری ئەوەش بە ئاسانی

تێکشکێنراوین چونکە نەگەیشتووینەتە قۆناغێکی گەشەکردنی ئەوتۆ کە ئێمە و بەرانە کێوییەکان لە یەکتر جیابکرێنەوە، بە واتە لە ڕووی عەقڵی و فیکرییەوە هیچ ئامادەبوونێکمان نەبووە، ئەوەتا دەڵێت:

ئێمەش لەبەر باهۆزێکی ڕەشدا بەرەو ژوور هەڵنەهاتین
بانگی خواوەندە بەردینەکانمان ئەکرد.
پەنامان ئەبردە بەر مانگەشەوی تۆقیو،
پەنامان ئەبردە بەر بروسکە و چەخماخەی نیشتمانی هەورە کۆیلەکان،
داوێنی جادووگەرە ترساوە ڕیش درێژەکانی خۆمانمان ئەگرت.
عەقڵی ئێمە و بەرانە کێوییەکان لە یەکتر جودا نەدەکرانەوە،
چاوی ئێمە و چاوی گاشە بەردەکان هەریەك چاو بوون،
دەروونی ئێمە و دەروونی ئەشکەوتە نسرمەکان هەریەك شت بوون)

بکەری شیعرەکە پرۆسەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ کە پرۆسە جوڵەیەکی پێچەوانەی گۆڕانی دایەلێکتیکی مێژووە بەرجەستە دەکات. کە مرۆڤ جیاوازی نەبێت لە بەرانی کێوی، چاوی مرۆڤ و چاوی گاشە بەردەکان و دەروونی مرۆڤ و دەروونی ئەشکەوتە نسرمەکان یەك شت بن واتە پرۆسەی (بەشتکردنی- التشیء) مرۆڤ ئەنجام دەدات. ئەمەش ڕۆحی ئەو گوتارە نوێیەیە کە شێرکۆ دوای گوتاری مانەوە بونیادی دەنێت.

لە کاتێکدا بکەری شیعرەکە ئێمە دەخاتە ئاستی بەرانە کێوییەکان، واتە وەستانی ئێمە لە ڕو وی سوپاکەی زەینەفون دا تەنها بە غەریزەی خودپاراستن بووە هەر چۆن هەموو زیندەوەرێك ئەو غەریزەیەی هەیە. هەرچۆن بەرانە کێوییەکان بە کۆمەڵ دەژین هەتا پارێزگاری لە خۆیان بکەن، هەر هەمان شێوەش غەریزەی کۆمەڵایەتی بوون و غەریزەی پاراستن لەو قۆناغەدا دژی سوپاکەی زەینەفون خێڵە کوردەکانی کۆکردۆتەوە.

بکەری شیعرەکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئێمە چۆن لە بەردەم شەپۆلی هۆردووی زەینەفون دا ترس دایگرتووین و پەنامان بۆ خواوەندە بەردینەکانمان

بـردووە و داوێنـی جادووگـەرانمان گرتـووە هـەتا ڕێگـای پاراسـتن و قوتاربوونمـان بـۆ بدۆزێتەوە. بەڵام ئەنجام ترسی لەناوچوون لە ڕووی سوپاکەی زەینەفون دا وەستانینی. گـەرچی ئێمـە ناخمـان لـە ترسـاندا سـەهۆڵبەندان و عەقڵیشـمان لـە ئاسـتی بەرانـە کێوییەکاندا بوو. هەموو ئەمانەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرن کە ئێمە لە ڕابردوودا هیـچ ئامادەبوونێکمان نەبو وە. لە هەمان کاتدا شاعیر لە پێناوی خستنەڕووی بـاری نالـەباری ئێسـتاماندا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو مێـژووە دێرینـە و لـە ڕووی یادەوەرییـەوە زەنگێکـی ترسێنەرمان بۆ لێدەدات و دەڵێت ئێمە هەر لە جێگـەی خۆمـانداین. بکـەری شـیعرەکە حاڵەتە یەك لە دوای یەکەکانی شکستی ئێمـە دەگێڕێتـەوە و پێمـان دەڵێـت زەینـەفون دوو برای گرتووە:

(لە بۆسەی باپێچپێکدا دوو برایان دەستگیرکردم
گەزنەفۆن برا بچکۆلەکەمانی لە بەردەم ناوەنجیەکەدا
لە هەڵەموتێکەوە هەڵداشتە خوارێ.
ئیتر ناوەنجیەکەمان کەوتە پێش ڕمەکان
کەوتە پێش مەرگی زرێ پۆش، کەوتە پێش تۆفان و بوومەلەرزە
ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەو برایەم، برای نەوجەوانی نەعلەتیم
بوو بە دیرۆکی چارەنووسی بەردەوامی تا ئەمڕۆم)

ئێستە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات بۆچی زەینەفون برا بچکۆلەکە بە بەرچاوی بـرا ناوەنجیەکەوە فڕی دەداتە خوارەوە؟ ئاشکرایە بـە مەبەسـتی ترسـاندنی بـرای نـاوەنجی ئەو کارە دەکات. دەشێ لێرەدا (برا) مەبەست لەو نەتەوانە بێت کـە لـە نـەژاددا نزیکـن لە کورد. زەینەفون برا بچکۆلەکەیان لە بەرزاییەوە فڕێ دەداتە خوارەوە هەتا هەرەسی مەعنـەوی بـە بـرای نـاوەنجی بـهێنێت و خـۆی بداتـە دەسـتی ڕمـەکان. دەلالـەتی ئـەو دەستگیرکردنە لـەنێو پانتـایی مێـژووی ئێمـەدا بەرهـەم دێـت و ئـەوی بـیرکراو دەبێتـە ڕۆحی زیندووبوونەوە. کە تاکو ساتەوەختی ئێستا پراکتیکی تەواوی نەکراوە. بەڵکو لە بۆتەیەکی داخراودا ماوەتەوە (دۆڵێك با نایگرێتەوە) ئەمەش لە ئەنجامی ناکاریگەری و نەتوانینی کا رکردنی بکەر واتا نەتەوەدا بووە بە درێژایی ئەو مێژووە کە لێرەدا بکەری

شیعرەکە لە کەسێتی برا ناوەنجیەکەماندا کە هەر لەو ساتەوە لـە ڕووی مەعنەوی‌یـەوە هەرەسی هێناوە ڕاستییەکی تاڵی مێژوویی- کۆمەڵایـەتی بـە گوێـرەی ئێمـە دەخاتـەڕوو ئەویش ئەوەیە کە حاڵەتی بەزین و هەست بـە کـەمی کردنـی ئێمـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئەو ڕەگ و ڕیشە مێژووییـە بـە واتـە بکـەری شـیعرەکە پێمـان دەڵێ حاڵـەتی بـەزین و (دونیەت) لە کۆنەستی ئێمەدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە.

بکەری شیعرەکە لـە خۆبەدەسـتەوەدان و ملکـەچ کردنـی بـرای نـاوەنجی لـە بـەردەم ڕمەکانی دوژمندا بە هۆی سەرەکی هەموو هەرەسی ئێمە لە مێـژوودا دادەنێـت چونکـە بـۆ یەکـەمجار ڕۆحـی هـەرەس و خۆبەدەسـتەوەدان لـەوەوە دەسـتی پێکـرد، ئـەو ڕۆحـە نەفرەتیەی بەزینیش تاکو ئەم ساتەوەختە لـە نـاخی ئێمـەدا زینـدووە و چارەنووسـمان لەژێر کاریگەری ئەودا بەردەوام هەتك دەکرێت.

ئەگەر سەرنجی زەمەن بدەین لەو ساتەوەختەوە کە برای ناوەنجیمان کەوتـە پێشـی ڕمـەکانی دوژمـن و بـوو بـە هێمـای هـەرەس و خۆبەدەسـتەوەدانی هەمیشـەیی تـاکو ساتەوەختی ئێستا ئـەوا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە لـە ڕووی پراکتیکـەوە هیـچ گۆڕانێکـی ئەوتۆ ڕووی نەداوە، تـاکو ئێسـتەش ئـەو ڕۆحـی خۆبەدەسـتەوەدانە زینـدووە و ئێمـەی کورد بێ جیاوازی ئامادەبوونی کەوتنە پێش ڕمی ئەو زەینەفونانەمان تێدایە کـە وڵات دەخەنـە ژێـر پـێی خۆیـان و داگیری دەکـەن. کەواتـە ئەگـەر لـە ڕووی کرۆنۆلۆژیـەوە سەیری بکەری شیعرەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە حاڵەتێکی جێگیردایەو ناتوانێ ڕووداو دروست بکـات کـە لـێرەدا مەبەسـتمان ڕووداوی پۆزەتیفـە چونکـە لـە دروسـت کردنی ڕووداوی پۆزەتیفدا بە گوێرەی ئێمە بکەرێتی دروست دەبێـت، پێچەوانـەی ئـەم هەڵوێستەش ئەوەیە کە بەردەوام ئێمە لە حاڵـەتی بـەرکارێتیدا بـووین واتـە لـە پێشـی ڕمەکانەوەین هەتا ڕۆحی خۆمان وێران بکەین.

بکەری شیعرەکە دوای گێڕانەوەی چەندین حاڵەت کـە سـەرجەم دەلالـەتی شکسـتی خۆی بەرهەم دەهێنن، سێگۆشەیەکی پەیوەندی فۆرمەلە دەکات لە نێوان خودی بکـەر (مـن) و پـەریزادە واتـە (تـۆ) کـە کەسـێتی نەتـەوە و ڕۆحـی زیندوبوونەوەیـە لەگـەڵ (مەرگ)دا، کە سێ جەمسەری لێك نەپچڕاون، ئەگەر (من) کەسـێتی نەتـەوە بێـت و لـە

حاڵەتی تێکشکاندنی ئێستادا (مەرگ) ئەنجامی پرۆسەی بەردەوامی ئەو تێکشکاندنەیە هەتا هۆکارەکانی دروست کردنی ئەو پرۆسەیە پوچ نەکرێتەوە، مەرگ حاڵەتێکی ئامادە دەبێت، کاتێ (تۆ) ڕۆح و هێمای زیندووبوونەوەیە ئەوا پووچکردنەوەی هۆکارەکانی تێکشکاندن بواری پیادەکردنی زیندوبوونەوە دەکاتەوە و ڕێگای بۆ خۆش دەکات. بە واتا لە ڕووی ڕاستییەوە زیندووبوونەوە و شکست دوو حاڵەتی دژ بە یەکن، ئامادەبوونی یەکێکیان مانای نائامادەبوونی ئەوی تریان، بەڵام کاتێ خودی بکەر فۆرمەلەی سێ گۆشە پەیوەندی لە نێوان دوو دژی (تێکشکاندن و زیندووبوونەوە)دا دەکات، حاڵەتەکە لەسەر ئەو زەمینەیە جێگا دەگرێت کە (من) وەکو کەسێتی نەتەوە لە ساتەوەختی یەکەم تێکشکاندنەوە تاکو ساتەوەختی لە دایك بوونی دەقەکە چەندین حاڵەتی بەرەو زیندووبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام هیچ کام لەو حاڵەتانە نەبۆتە پرۆژەیەکی تەواوی زیندووبوونەوە. لەم بارەشدا لە دوای هەریەکە لەو حاڵەتانەی بەرەو زیندووبوونەوە کە ئاکامی تەواویان نەبووە خودێکی لاواز بەجێماوە، خودێك کە تا سنوورێ لەچاو حاڵەتی تەواوی تێکشکاندندا ئەم زیندووە، بەڵام زیندوویەکی، پراکتیك لاواز وەکو ئێستا بە ئاشکرا لە پانتایی جوگرافیای کوردستاندا دەبینرێت، کەواتە ئێستا پەیوەست بە خودی بکەری شیعرەکە کە نوێنەری نەتەوەیە، نە ئەوەتا پرۆژەیەکی زیندووبوونەوەی ئەوتۆ لە ئارادا بووبێت بە تەواوی خۆی دروست کردبێتەوە و توانای پراکتیکی تەواوی پێ دابێت، نە ئەوەتا بە تەواوی هەرەسی هێنابێت و (مەرگ) بە ئەنجام گەیشتبێت و ئەو خودە لاوازە لەناوچووبێت، بەم پێیە ئێستا خودی (من) خودێکی نیمچە مردوو یان نیمچە زیندووە بۆیە هەردوو حاڵەتی (مەرگ و زیندووبوونەوە)ی لە یەك کاتدا تیا ئامادەیە. ئەمەش لەگەڵ باری نەتەوەیی کورددا هاوشێوەیە. نە ئەوەتا تێکشکاندن بە تەواوی لە ناوی بردبێت نە ئەوەتا ڕۆحی نەتەوەیی بە شێوەیەك زیندووبووبێتەوە کە پاشماوەو جێکەوتی پرۆسەی تێکشکاندنی سڕیبێتەوە. هەر بۆیە مەرگ و زیندووبوونەوە لە یەك کاتدا لە کەسیەتی بکەری شیعرەکەدا پێکەوە دەژین و ئەو باری پێکهاتنی سێگۆشە پەیوەندییەیان فۆرمەلە کردووە.

-٤-

ئـاواتی زیندووبوونـەوە لـەم شـیعرەدا تەنـها وەکـو خواسـتن و ئـارەزوو یـان وەکـو هێمایەکی بێ پراکتیك دەمێنێتەوە و بگرە ئاسۆ و ئایندەی بکەر لە بەرامبەریدا مەرگ ڕاوەستاوە. فرمانی دەقەکەش بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتـە دەورێکـی دیـاری هەیـە چونکـە لـە ڕووی تافـەوە بەشـی زۆری فرمـان لـە (پـەریزادە و گوڵەکـەی دوژمنـی)دا ڕابـردوون یـان ڕابـردووی بـەردەوامن بـەڵام لـە ڕووی سـیمانتیکەوە ئامـاژەی بـەرەو ئایندەش هەڵدەگرن ئەمـە سـەرباری بوونـی ڕێژەیـەك لـە فرمـانی ڕانـەبردوو شـان بـە شانی ئاوەڵفرمانی کاتیش کە بەشـێکیان درێـژ دەبنـەوە بـۆ داهـاتوو، ئەمـەش دەلالـەتی درێژبوونەوە و بەردەوامی کاریگەری تێکشکاندن بۆ داهاتووی بکەری شیعرەکە بەرهـەم دەهێنێت. پێشتر شێرکۆ وێنەی (باوك، حیزب، سەرکردە، ڕابەر)ی دەکردە ئەڵتەرناتیف و وێنەی شکست و واقیعی شکستی پێ دەشاردەوە. بـەڵام لـەم شـیعرەدا وێنـەی شکست زیـاتر زەق دەکاتـەوە و سـەرباری ئاماژەیـەك بـۆ ڕۆحـی زیندووبوونـەوە بـەڵام لـە بەرامبـەریان لـە جیاتی وێنـەی حیـزب و سـەرکردە و ڕابـەر لـەم شـیعرەدا (مـەرگ) دادەنێت و دەیەوێت پێمان بڵێت مادام عەقڵی ئێمـە و بەرانـە کێوییـەکانی جیاوازییـان نەبووە ناشێ ئێمە زینـدوو ببینـەوە و ئامادەبوونمـان بسـەلمێنین. دیـارە ئامـادەبوونیش لەسەر بنەمای بەرهەم هێنانی شارستانی دەبێت.

لـێرەوە بـە ئاشـکرا خەسـڵەتەکانی ئـەزموون و گوتـاری شکسـت لای شـێرکۆ دەردەکـەوێت و بەرجەسـتە دەبێت. بنیـادی ڕسـتەی تێکشـکاوو دێـڕی ناهاوسـەنگ و نایەکسان لە ڕووی بڕگە و ئیقاعی ناوەوە و وێنـە بـە دوای وێنـەدا و دەلالـەت بـە دوای دەلالەت دا بۆ بەرجەسـتەکردنی هـەمان مەبەسـت و فڕێدانـی ژمارەیـەکی نائاسـایی لـە ئاوەڵنـاوی کاریگـەر نێگـەتیف سـەرجەم ناسـەقامگیری بـاری دەرونـی و فیکـری بکـەری شیعرەکە و بەوپێیەش شاعیر نیشان دەدەن و زیاتر خوڵقێنەری دەقەکە وەکـو خـالقێك نیشان دەدەن کە لە حاڵەتی شیزۆفرینیدا بێت بەرامبەر بە (ڕابردوو/ ئێستا)، (مەرگ/ زیند ووبوونەوە) و (ئەزموونی کۆن/ ئەزموونی نوێ) و (پاڵەوانی ئامـادە/ تێکشـکاندن) ئەمەش بنەماکانی ئەزموونی شکست کە ئەزموونی دان پیانانە لای شێرکۆ دەردەخەن.

شاعیر له ڕیزکردنی وێنەی بەدوایەکدا هاتوو کە سەرجەم  حاڵەتێك لـە ئـەزموونی تێکشکاندن بەرجەستە دەکەن،  یـان دەلالـەتی ئـەو شکسـتە بەرهـەم دەهێنـن دەکەوێتـە وێنـەی فڕێدانـی عەفەوییانـە، ئەمـەش ڕاسـتەوخۆ بـە کاریگـەری مۆتیڤـیٚ کـە پـەنگ خواردنەوەی کاریگەری پرۆسەی تێکشکاندنە لە  دنیـای نـاوەوەی (نەسـت) بکـەردا. لـەم بارەشدا کۆمەڵێك ئاوەڵناوی نێگەتیڤ دەخاتە پاڵ تۆخمە کراوەکان:

(هەمیشەو هەمیشە و هەمیشە تەڕو پاراوە مەراقم
هەمیشە و هەمیشە هەمیشە وشك و برنگە ئارامم و
هەمیشە و هەمیشە و هەمیشە تینووە ئاوم
ئاگرم ساردو، سەرمایەتی و هەڵ ئەلەرزێ هەتاوم!)

بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوانە لەگەڵ ئەم ناوە  وەسـف کراوانـەدا یـان ڕاسـتەوخۆ مانایـەکی نێگەتیف دەدەن یان لە بارێکی قوڵـتردا ئـەو دەلالەتـە هـەڵدەگرن کـە تێکـڕا ڕووی نێگـەتیفی تۆخمە وەسف کراوەکان  نیشـان دەدەن بـە مەبەسـتی زیـاتر چڕکردنـەوەی بـاری نـاکردەیی و نائامادەبوونی من واتە بکەری شیعرەکە (کە ئەویش نوێنەری نەتەوەیە) بەکارهێنراون.

بکەری شیعرەکە وا خۆی پێشکەش دەکات کە لە بنەڕەتەوە  (ئـەم) وا دروسـت بـووە کە گاڵتە بە مردن واتــە (پرۆسـەی تێکشـکاندن) بکـات بـەڵام داخـۆ لـەژێر کاریگـەری چ مۆتیڤێکدا ئەم حاڵەتە دروست دەبێت؟

ئەوەتا دەڵێت:

(پەریزادەکەم! ئەز بۆ ئەوە زاوم قەبرم لە گوێ سەر بلەرزێ!
چ سەرێکی نەفرەتییە سەری من
ئەز بۆ ئەوە زاوم هەر ڕاکەم و هەر ڕاکەم و نەیشگەمێ
تراویلکەی کام قاقڕ و خۆڵستانە ئاواتم؟)

شاعیر ئەو  گوتـە مەئلووفـەی لـە کـەلتووری کوردیـدا بـاوەو بـۆ کەسـێك دەگوترێـت لەسەر لێواری مردن بێت پێچەوانــە دەکاتــەوە و پێـی وایـە قـەبر لـە گوێـی سـەری ئـەم دەلەرزێ بە واتا بکەری شیعرەکە سیفەتی موتڵەقبوون دەدات بە خۆی کە لـە پشـتیەوە دەلالەتی هیوا و ئارەزووی نەمری وەستاوە و قەبر نــەفی ئـەکات. بـەڵام کاتـێ پرۆسـەی

تێکشکاندن هەموو قەوارەی خودی بکەری شیعرەکە دەگرێتەوە، ئەوا پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی بکەر بەرجەستە دەبێ. دواجار بە دوای سەری خۆیدا ڕادەکات. (سەر) دەلالەتی ناسنامە هەڵدەگرێت. بکەر بەردەوام لە دوای گەیشتن بە سەری خۆیدا دەگەڕێت بەڵام نایگاتێ. لێرەدا سەر دەبێتە ناسنامەی نەتەوە بە پشت بەستن بە جیهانبینی گشتی شیعرەکە بەڵام تاکو ساتەوەختی ئێستای لە دایك بوونی دەقەکە بە دەست هێنانی ئەو ناسنامەیە بە دەست نەهاتووە، دەلالەتی دووەمی گەڕان بە دوای سەردا بریتییە لە گەڕان بە دوای (فیکر و عەقڵ و مەعریفەت)دا کە ڕاستەوخۆ ئەمانەش یەکەمین هۆکاری سەلماندنی (بوون) و پێ بەخشینی ناسنامەن پێی چونکە ئەگەر فیکر و عەقڵ و مەعریفەت هەبوون ئەوا بکەری شیعرەکە ئامادەبوونی دەبێت و دەشێ ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر.

بکەری شیعرەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو کارەساتی لەناوچوونی ئەسپەکەی لە ئێستادا نیشان دەداتەوە. واتە ڕابردوو لە ئێستادا ئامادە دەکاتەوە بەو هیوایەی بوونی خۆی بسەلمێنێت یان ئامادەبوونی لاوازی ڕابردوو بۆ شاردنەوەی شکستی دەقی ئێستا دەردەخاتەوە.

دوای تێکشکاندنی ئەسپەکەی (ئاناباز) بکەری شیعرەکە دەیەوێت ئەڵتەرناتیفی تر بدۆزێتەوە، جڵەوی چەندین ئەسپی تر دەگرێت، بەڵام هیچ ئەسپێك نایگەیەنێتە مەنزڵ. ئەوەتا دەڵێت:

(لە دوای کۆچی ئەسپەکەی ئانابازیشەوە

هەر جڵەوی ترە ئەیگرم و هەر سوارم و هەر غارێکی وەستاوم!

چەندین سەدە لە دوای گەزنەفۆنیشەوە

ئەو گاشە بەردەم بێوچان لە تل بوونەوەدام)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بکەری شیعرەکە واتە (ئێمە) هیچ جووڵەیەکی بەرەو پێشەوەی نەبوو کە بیگەیەنێتە سنووری پراکتیك و بیکاتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر. ئەمە لە ساتەوەختی پێکدادانیدا لەگەڵ سوپاکەی زەینەفون دا. دوای زەینەفونیش تاکو ساتەوەختی پێکدادانیدا لەگەڵ سوپاکەی زەینەفون دا. دوای زەینەفونیش تاکو ساتەوەختی ئێستا گاشە بەردێکە بەردەوام لە تل بوونەوەدایە.

(گاشەبەرد) یەکێك لەو چەکانە بوو کە کوردەکـان لـە بەرزاییەکانـەوە تلیـان دەکـردەوە بـۆ لـەنێوبردنی سـوپاکەی زەینــەفون. کەواتــە لـێرەوە گاشــەبەرد چــەند دەلالــەتێك هەڵدەگرێت. یەکەمیان بکەری شیعرەکە خۆی بۆتە گاشەبەرد و تل دەکرێتەوە، بە واتـا بکەرێك لە پشتیەوە ڕاوەستاوە و ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئـەمی (بکـەر)، هـەمان شـێوەی گاشـەبەردەکانی بـەکاردەهێنێت بـۆ دژایـەتی کردنـی کەسـانی تـر، ئەمــەش تـا سنووری دەلالـەتێکی مێژوویـی هـەڵدەگرێت لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا و مەبەسـتێتی بڵێـت ئێمــەی کـورد وەك ئـەو گاشــەبەردەین کـە کـاتی خـۆی خێڵـە کوردەکـان بـۆ لـەنێوبردنی زەینـەفون و سـوپاکەی بـەکاریان هێنـا. لـە لایـەکی تـرەوە (گاشــەبەرد) دەلالەتی مردوویی و بێگیانی و بێ جوڵەیی بەرهەم دەهێنێت، کـاتێ بکـەری شـیعرەکە دەبێتە گاشەبەرد بە واتا لە حاڵەتی مرۆڤیەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی نامرۆڤی (شـتێتی) کە ئەمەش گەوهەری تێکشکاندنەو پرۆسەی بە نامرۆڤیکردنی مرۆڤە.

(تل بوونەوە) پرۆسە جوڵەیەکە دەبێ هێزێکی دەرەکی (بکـەری دەرەکـی) ئـەنجامی بدات، ئەمەش بـە پـێی کەسـێتی نەتـەوەیی ئێمـە دەلالـەتێکی ئاشـکرای هەیـە و ڕۆڵـی فاکتەرە دەرەکیەکان لە بەکارهێنانی ئێمــەدا بەرجەسـتە دەکـات. لێرەدا ئامـاژەکردنێك بۆ داهاتووش هەیە کە ئەو حاڵەتی وەستاندن و تل بوونەوەیە بەردەوام دەبێت ئەویش فرمـانی ڕانـەبردووی بـەردەوام نیشـانی دەدات لـە (غــارێکی وەســتاوم، بـێ وچـان تـل دەبێتەوە)، هەر لێرەوە بکەر هەست بە شکستی خـۆی دەکـات. دیسـان فرێدانـی هـەندێ ئاوەڵناو کە وەسفی بکەر یان کردار و ئامادەبوونی دەکەن، سەرجەم لاوازی و نـاکردەیی بکەر نیشان دەدەن و هەمان شێوەی کە لە سـەرەوە باسمـان لێـوە کـرد ئامـاژەی ئـەوەش دەکەن کە حاڵەتی لاوازی و ناکردەیی بکەر بۆ داهاتووش بەردەوام دەبێت واتە حاڵـەتی ناکردەیی بۆتە بەشێك لە مێژووی بکەر لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و بۆ داهـاتووش درێـژ دەبێتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

(جوانـترین مێژووی وەرینـم
خێراترین تیشکی تەمەڵیم
قۆزترین سواری چەقینـم)

هەرسێ ئاوەڵناوی (جوانترین، خێراترین، قۆزترین) کە ئاوەڵناوی پلەی باڵان لەگەڵ کۆمەڵە ناوێك دانراون کە لە ڕوانینە پێکهاتەی لۆژیکانەی زمانەوە نابێ ئەو ئاوەڵناوە پۆزەتیفانە لەگەڵ ئەو ناوە نێگەتیفانە بەکاربهێنرێن. بەڵام دیارە زمانی شیعر پەیڕەوی پرنسیپی لۆژیکانەی بەکارهێنانی توخمەکانی زمان بە پێی سیستەمی ڕێکخستنی سینتاکسی ناکات، لێرەدا بەکارهێنانی ئەو ئاوەڵناوە پۆزەتیفانە لەگەڵ ناوی نێگەتیفدا حاڵەتی (دژە شوێنی) پێك دەهێنن. ئەوەش یان بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستێکە یان نیشاندانی حاڵەتی شکستە کە چۆن پێکهاتەی زمانیش تێك دەشکێنێ، حاڵەتی تێکشکاندنی زمانیش زیاتر لەم شێوانەدا و لەژێر کاریگەری ئەم حاڵەتانەدا ڕوودەدات نەك ئەو شێوازەی ونبوونی زمان کە ئێستا هەندێ کەس پێوەی خەریکن لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا.

-٥-

بکەری شیعرەکە دووانەی (ئێرە/ ئەوێ) یان (ڕۆژهەڵات/ ڕۆژئاوا) دروست دەکات و لەوێشەوە بەراوردی نێوانیان دەکات، ڕۆژئاوای ئامادە و خاوەن ناسنامە و پراکتیك و ئێرەی نائامادە و ون و بێ ناسنامە. بە هۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێ سیفەتی گەشەوە ئامادەبوونی شارستانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر نائامادەبوونی ئێمەدا نیشان دەدات، بکەری شیعرەکە لە شاری (ڤینسیا) خۆی پێشکەش دەکات، زەمەن بریتییە لە ڕابردوو، بکەر لەنێو جوگرافیای ئەو شارەدا کە عیشقی (مانگە شەوو ئاوە) بە پێدانی کۆمەڵێ سیفاتی پۆزەتیف بۆ (ڤینسیا) واتە شارستانی ڕۆژئاوا مەزنی و زیندوویی و ئامادەبوونی (ئەوێ) دەسەلمێنێت، (مانگە شەو، ئاو) دەلالەتی زەمەنێکی ناسراو و ئاشکرا و زیندووبوونەوە و خاوێن بوونەوە هەڵدەگرن. لێرەشەوە (ڤینسیا) لە دوو ڕووەوە گرنگێتی خۆی دەسەلمێنێت یەکەمیان (ڤینسیا) دەبێتە زەمینەی ئامادەکردنی شارستانێتییەکی زیندوو، دووەم (زەمینەفون) لە چەقی ئەو جوگرافیاوە هاتووە کە ئەو شارستانێتی‌یەی تیا لە دایك بووە لە ێرە کەسێتی (بکەر- نەتەوەیی ئێمە)ی تێکشکاندووە، لە هەردوو بارەکەدا دەلالەتی ئامادەبوون و پراکتیکی (ئەوێ) لەگەڵ نائامادەبوون و ناکردەیی (ئێرە) دەردەکەوێت. ئەوەتا دەڵێ:

(لەوێ، لە "ڤینسیا" لە ڤینسیای عاشقی مانگەشەو و ئاودا
لە شاری سیحردا، لە شەوێکی زیویندا،
لەنێو -بارِ-ی بەلەمێکی پەمەییدا،
چرِو چاوی خۆم نا، شیعرەکانم کچێکیان کردە هاورِێم
ئەم کچە فریشتەی ئاویی بوو، لە دوورگەی خەون و خەیاڵەوە هاتبوو،
نیوەی لەشی ماسی و نیوەکەی تری ئادەمی بوو، ئەبریسکایەوە
ئاوازێکی ئارِووشەی داگیرساو بوو،
نەورِەسێکی مێینە بوو، ناوی ئەلیزابێس بوو
کە لێم پرسی تۆ خەڵکی کوێی؟
پرشنگی دایەوە و وتی- من خەڵکی نیشتمانی هونەرم
باوکم ناوی شیعرە و دایکم ناوی مۆسیقایە و
هەر ئەوەندە لە رِەچەڵەکی خۆم ئەزانم!)

شاعیر لەوێ لە رِۆژئاوا بە کاریگەری شیعرەکانی کچێك دەبێتە هاورِێی. لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین شێرکۆ توانیویەتی ئامادەبوونی خۆی لەوێ بسەلمێنێت ئەویش بە هۆی شیعرەکانیەوە، واتە شێرکۆ بە هۆی داهێنانەکەیەوە دەتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی بکات و لە ئاستی ئەواندا ئامادەبوونی خۆی نیشان بدات.

هەر ئەو ئامادەبوونەش کە ئەنجامی پراکتیك کردنەکەیە دەیگەیەنێتە ئاستی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ (ئەو واتە کچەی ڤینیسی) لە پانتایی مێژوو و شارستانی رِۆژاوادا کە مێژوو و شارستانێتیەکی خاوەن ناسنامەیە فەردی رِۆژهەڵاتی بە ئاسانی ناتوانێت جێگای خۆیی تێدا بکاتەوە. ئەمەش ئەوە بەرجەستە دەکات کە خودی شێرکۆ وەك فەرد (تاکی خاوەن پراکتیك) کە فەردێکی داهێنەرە توانیویەتی لە پانتایی ئەو مێژوو و شارستانێتییەدا هاورِێ و هاوشان بدۆزێتەوە. بە واتا شێرکۆ وەکو فەردێکی داهێنەر بە ناسنامەی داهێنانەوە دەتوانێ لە پانتایی ئەو شارستانێتییەدا ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت.

بكەری شیعرەكە كە لەم حاڵەتەدا نوێنەری شاعیرە پرسیارێكی نەتەوەیی یان نەژادی لە كچەی ڤینیسی دەكات (تۆ خەڵكی كوێی؟) كچە وەكو فەردێك وەڵامی ناداتەوە، بەڵكو قەوارەیەكی گەورەتر لە خودی خۆی لە بەرامبەر بكەردا ئامادە دەكات كە ئەویش قەوارەی ناسنامە و شارستانیەتەكەیەتی. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت كاتێ كچە خاوەنی ئامادەبوونی نەتەوەیی و مێژوویی و شارستانی و عەقڵ و فیكری بەرهەم هێناوە پێویستی بە ناسنامەی تایبەتی خۆی نییە چونكە ئامادەبوونی ئەم لە ئامادەبوونی ئەو قەوارە و ناسنامەیەدایە ئەوەتا هونەر دەكاتە ناسنامە بۆ نیشتمانەكەی و باوكی بە شیعر و دایكی بە مۆسیقا ناودەبات. ئەمەش جۆرێك لە شانازی كردن و هەست بە ئامادەبوون نیشان دەدات كە ئەوەش سیفەتی ئینسانی ڕۆژئاواییە.

دوای ئەوە بكەری شیعرەكە و كچەی ڤینسی پێكەوە سەفەری ئاسودەیی دەكەن و عاشقنامە دەخوێننەوە تا ئەنجام پێكەوە فاڵ دەگرنەوە و سەرنجی جۆراوجۆر دەدەن، لە یەك ساتەوەختدا سێ مێژوو، سێ زەمینە لە ڕووی بەرهەمی عەقڵی و فیكری ئەو سێ پانتاییەوە دەهێننە پێشێ كە ئەمەش دەلالەتی بەراوردكردنی لە ڕووی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونەوە هەڵدەگرێ.

(لای فالگرەوەیەكی قەموری دەموچاو كوتراو
دوو فاڵمان گرتەوەو لە دواییدا قاقا پێكەنین
لەبەر جامخانەی كتێبخانەیەكی خەواڵوودا وەستاین و
لە یەك كاتدا تەماشای كتێبەكانی ماوو قەزافی و جان جاك
ڕ ۆسۆمان ئەكرد ئۆ پەریزادەكەم ئەو ساتانەیش بەختیاریم هەر شپرزە بوو
ئەوساتانەیش هەر گوێم لە ترپەی پێی مەرگ بوو)

لە یەك ساتەوەختدا تەماشاكردنی كتێبەكانی ماو و قەزافی و ڕۆسۆ مانای پێكەوە گرێدانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، وڵاتانی پێشكەوتو و دواكەوتو و یان بە دابەشكردنێكی تر (ناوەند و كەنار)، ئەوروپای (ناوەند) شارستانی و كەناری پەراوێز و دواكەوتو و نائامادە. لەوێ لە ناوەند عەقڵ و فیكر و شارستانی لە دایك دەبێت كە ڕۆسۆی

ڕیفۆرمیستی کۆمەڵایەتی نوێنەرێتی، بەڵام لێرەی (کەنار) کۆیلایەتی لە دایک دەبێ و لە بری ڕۆسۆکانی ئەوێ لێرە دیکتاتۆر دروست دەبێت کە قەزافی و ماو نموونەیانن، بکەری شیعرەکە تەنانەت لەو ساتەوەختەشدا کە توانیوویەتی ببێتە هاوڕێی کچە ڤینسییەکە واتا دوای سەلماندنی خود و خۆهاوشانکردنی بکەر لەگەڵ کچەدا کەچی هێشتا هەر ئاسودە نەبووە. بەڵکو مەرگ وەکو مۆتەکە خۆیداوەتە سەریدا، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە بکەر لە نەستیدا پرۆسەی تێکشکاندن و کاریگەرییەکانی جێگیر بووە و هەموو ساتێ بە ئاگای دێنێتەوە و پێی دەڵێت:

(تۆ قەوارەیەکی تێکشکاوی، مێژووت لە پشتەوە نییە، خاوەنی شارستانی نیت، فیکرت بەرهەم نەهێناوە، ئیتر چۆن ئامادەبوونت دەبێت؟) بۆیە لەو ساتانەشدا دەگەڕێتەوە سەر ئاستی سروشتی خۆیی و هێڵی تەماهی کردنی لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا دەبڕێت و پێی وایە مادەم ئەم لە بنەڕەتەوە خاوەنی مەرجەکانی خودسەلماندن نییە و ناتوانێت خۆی نمایش بکات بۆ دەرەوەی خۆی، ئەگەر لە دەروازەیەکی ترەوە (بە هۆی داهێنانەوە) توانی خودی خۆی بسەلمێنێت ناشێ ئەو خود سەلماندنە لە پانتایی ئەوێدا بۆ هەتا هەتایە بمێنێتەوە.

ئەوەتا دەڵێت: (ئەو کاتانەش لە بەلەمێکی سەرنخوون ئەچووم).

بەڵام ئەلیزابیث واتە (ئەوێ) دەستبەرداری نابێت و لە پرۆسە جوڵەیەکدا شوێنێکی بۆ ئامادە دەکات و هەر لەوێشدا بکەری شیعرەکە کە لە کۆڕی داهێنەرانی دنیادا ئامادە دەکات. ئەوەتا دەڵێت:

(لەسەر مێزێکی ئەبەنووسی خڕ گوڵدانێکی پڕ لە گەڵا زەیتوون دانرابوو
چەند کەسێکیش دەوریان دابوو،
کە بەرچاوم ڕۆشن بووەوە ناسیمنەوە،
دانتی و کەپووە کەوانیەکەی، بتهۆڤن و قژە بژەکەی،
ڤان کوخ و گوێچکە بڕاوەکەی،
دستۆڤسکی و ڕوومەتە تێك قوپاوەکانی،
لۆرکا و پەڵە خوێنەکەی سەرسنگی

وەك مەلێكی ترساو لەسەر كورسییەك هەڵكورمام
پەریزادەكەم: من هەر گوێگر بووم گوێگر
گوڵدانەكە چەند دووا منیش هەر ئەوەندە
لەو شەوەوە زانیم من هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم
شیعرم ئازارداوە، تەنكاوم خوێندۆتەوە،
ڕوانینم هەر ئەوەندەی چۆلەكەیەكی تەڕ فڕیووە،
ئۆ! پەریزادەكەم!
ئەم كارەساتی عەقڵەیە چەند گەورەیە!)

بكەری شیعرەكە واتە شێركۆ بە هۆی داهێنانەكەیەوە ناسنامەی ئامادەبوونی كە كۆڕی داهێنەرانی وەكو دانتی و بتهۆڤن و ڤان كوخ و دستۆفسكی و لۆركا وەردەگرێ بەڵام هێشتا لە بەردەمی ئەواندا بێدەنگ دەبێ، ئەوەش دوو دەلالەتی هەیە یان ئەوەتا شاعیرەكەی ئێمە لە ئاستی ئەو داهێنەرانەدا خۆی بە كەم دەزانێ، یان هەمان شێوەی ئەوان داهێنەرە (كە لە ڕاستیشدا هەر وایە) بەڵام كاریگەری شكست و جێگیربوونی جێكەوتی شكست لە نەستی بكەری شیعرەكەدا واتە شاعیر كە ئەویش بە هۆی نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوو و شارستانێتییەكی دیارەوەیە لای ئێمە وا دەكات كە شێركۆ لە ئاستی ئەواندا خۆیی پێ بچووك بێت، بەڵام دەشی لە ڕاستیدا وای بۆ بچین كە بە گشتی كەلتووری ڕۆژهەڵاتی لە مێژووی نوێدا ناتوانێت لە ڕووی كەلتوری ڕۆژئاوادا بوونی خۆی بسەلمێنێت.

ئەم كۆبوونەوەیە داهێنەرانی چەند مێژوویەكی جیاواز پێكەوە دەلالەتێكی گرنگی هەیە ئەویش ئەوەیە كە داهێنان پەیوەندی بە كاتەوە نییە و پەیوەستی ڕەوتی كرۆنۆلۆژیكانەی مێژوو نییە، بەڵكو پرۆسەی داهێنان لە هەموو ساتەوەختێكداو لەگەڵ هەر نەتەوەیەكدا بەراورد بكرێت ئەو ئامادەبوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەشێ لە یەك كاتدا پێكەوە مامەڵە لەگەڵ داهێنەرانی مێژووە جیاوازەكاندا بكرێت.

لە لایەكی ترەوە بكەری شیعرەكە خاسیەتی بە شتبوون (التشیء) دەداتە خۆیی و خۆی لەتەك (گوڵدانێكدا) هاوشان دەكات و سیفەتەكانی گوڵدانەكە كە لە باری

یەکەمدا جێگیری و نەدواندنە دەداتە خۆی. لێرەدا بکەری شیعرەکە هەست بە نائامادەبوونی خۆی دەکات و تێدەگات لە ڕووی ئەواندا هەر دەبێ گوێگر بێت چونکە شکاندنی سنوورەکانی بێدەنگی لە ئەنجامی ئامادەبوونی عەقڵ و فیکر و مەعریفەوە بەرجەستە دەبێت. بە واتایەکی دی (بکەر) کاتێ دەتوانێ بدوێ کە توانای دروستکردنی پرسیاری لە سنووری ئەو بازنەیەدا هەبێت کە بازنەی داهێنانە و عەقڵ و فیکر و مەعریفە فاکتەری خوڵقاندنین. بکەری شیعرەکە سەرباری توانای داهێنانی ئەو بنەمایانە لە پشتیەوە ڕانەوەستاون کەواتە ئەو چەکەی کە پێویستە بۆ ئەو جەنگەی داهێنەران لەو کۆبوونەوەیەدا بەکاری دەهێنن ئەمی بکەر (شاعیر) پێی نییە، واتە لەو کۆڕەدا توانای ئاخاوتنی نییە بۆیە دەڵێت:

(زانیم هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم

شیعرم ئازارداوە، تەنکاوم خوێندۆتەوە

ڕوانینم هەر ئەوەندەی چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیووە)

ئێستا بکەری شیعرەکە دەرك بەوە دەکات کە شیعر یەك ڕوانین، یەك ئاڕاستە، یەك دیدو بۆچوون، یەك گوتار نییە، ئەو پانتاییەی شیعری ئەم کاری تێدا کردووە پانتاییەکی تەسك و ڕووکەشە واتە (تەنکاوە). کە لە ئەزموونی شێرکۆدا بریتییە لە ئیشکردن لە پانتایی مێژوودا و بە گوێرەی جیهانبینی شیعری ئەم بوارە تەسکە و تاك ڕەهەندی و تاك بینینی تێدا بەرجەستە دەبێت و بەرهەم هێنانی شیعریەتیش تیایدا ئاسان نییە چونکە زیاتر وەڵامی ئامادە لە پانتایی مێژوودا هەیە. بەڵام شێرکۆ خۆی هەست بە مەترسی ئیشکردن لەو پانتاییەدا دەکات، هەر ئەو ترساندنەش وای لە شێرکۆ کردووە بە وریاییەوە کاربکات و بە سەرکەوتووییش شیعریەت بەرهەم بهێنێت گەرچی مەودای ئیشکردن لەو بوارەدا تەسکە و لە مێژووش هیچ فێر نابین بەڵام شێرکۆ ئەو شاعیرەیە کە لە مێژوو داهێنانی مەزن دروست دەکات. گەرچی خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ڕوانینی بە قەدەر چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیووە بەڵام لە ڕاستیدا ئەم خۆپیشاندانەی شاعیر جۆرێك لە بچووك کردنەوەی ئاستی داهێنانی خۆیی تێدایە ئەمەش دیسان دەلالەتی هەست بە کەمی کردن لە ڕووی داهێنەرانی ڕۆژئاوادا

بەرجەستە دەکات. ئەمەش دەروازەی کردنەوەیە بە ڕووی ئەزموونی شکستدا، ئەزموونێ کە تیایدا هەست بە ئامادەیی و ناکردەیی و خود دەکرێت. لێرەوە شێرکۆ سنوورەکانی ئەزموون و گوتاری مانەوە بەجێ دەهێڵێ و لە سنووری یەقینی ئامادە (کە پانتایی سیاسەت بێ دروستبوونی پرسیار تیایدا پێشکەشی دەکات) دەچێتە دەرەوە. ئێستا دەرك بە شکستی نەتەوە دەکات و لە ڕوانین و ڕامان لەو شکستەی تراژیدیای درێژخایەنی تێکشکاندنی کەسێتی ئێمەیە هێلێ و ئاڕاستەیەکی نوێ بۆ خولقاندنی ئەزمونێکی نوێ دەدۆزێتەوە.

هەستکردن بە نائامادە بوون و ناکردەیی بکەر دەگەڕێنێتەوە بۆ تێڕامان لە ماهیەت کەینوونەی عەقڵ و پێی وایە کارەساتی عەقڵ گەلێك گەورەیە و ئەوەی ڕێگای نادات بسرەوێت عەقڵە، لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە شاعیر گەیشتۆتە ئاستی پەیبردن بە ماهیەتی شتەکان. دیسان ئەم بۆچوونەی شێرکۆ نزیك دەبێتەوە لە دێڕە شیعرێکی گۆران لە هەڵبەستی (تاوێ نەگەڕا)دا کە دەڵێت: (زیاتر سەبەبی عەقڵ و شعورە خەفەتی من) هەروەك نزیکیش دەبێتەوە لە دێڕە بەناوبانگەکەی ت. س ئیلیەت کە دەڵێت: (چی بکەم لەگەڵ ئەم هەموو مەعریفەیە). لێرەوە دەردەکەوێت کە بکەری شیعرەکە وای بۆ دەچێت کە (بوون/ نەبوون، ئامادەبوون/ ئامادەنەبوون، کردار دروستکردن/ ناکردەیی..) پەیوەستی عەقڵ و ئیشکردنی عەقڵ و فیکرن. بەڵام (یەك ڕوانگەیی و تاك ڕەهەندی و مەلەکردن لە تەنکاوداو بوون بە گوێگر) دەلالەتی نائامادەبوونی بکەری شیعرەکەن لە ڕووی عەقڵیەتەوە، لێرەدا مەبەست لە عەقڵ بە مانا بایۆلۆجیەکەی نییە بەڵکو عەقڵ بە مانای عەقلانیەت و بەرهەم هێنەری فیکر و مەعریفە و تیرۆزەکردنی ئەو عەقلانیەتە و پەڕینەوەیە لە سنووری غەیبانیەت.

کاتێ بکەری شیعرەکە دووچاری کارەساتی عەقڵ دەبێت، بەرەو خوردبوونەوەو تێڕامان دەچێت و لە ئەنجامدا هەست بە کەم نموودی و نائامادەبوون و شکست دەکات و لەسەر ئەو بنەمایەش وای بۆ دەچێت کە بەرهەمی کارکردنی ئەو کە داهێنانی شیعرە دەمرێت. ئەم کارەساتەش وەهای لێ دەکات نەك هەر شکست و نائامادەبوونی خۆی بە ئاسەواری کارەساتی نەبوونی عەقڵ بزانێت، بەڵکو وا خۆی پێشکەش دەکات کە (ئەم) لە ئەنجامی پرۆسەی

کارەسات دروستکەرەوە خوڵقاوە واتە خوڵقێنەر لـێرەدا خـودی (کارەسـاتە)کانـە. کارەسـاتیش لە ئەنجامی (بیری زرو نەزۆك)ی بکەردا دروست بووە، کەواتـە ئێسـتا دەتوانـین بڵێـین کاتـێ خودی بکەر لە ئەنجامی کارەساتدا تێکشـکاوە چیـتر نـەیتوانیووە ببێتـە خـاوەنی (هزرێـك)ی زینـدوو بەرهـەم هێـن، یـان بـە شـێوەیەکی دی کاتـێ بکـەر خـاوەنی هزرێکی نــەزۆك بـووە، نەیتوانیووە بەرەنگاری خاوەنی هزرێکـی نـەزۆك بـووە، نـەیتوانیووە بـەرەنگاری ڕووداوەکـان بکات و ڕێگا لە تێکشکاندنی خۆی بگرێت. ئەوەتا دەڵێ:

(چیرۆك لە دوای چیرۆکم ئەمرن و شیعر لە دوای شیعرم ڕەق ئەبنەوە

من کوڕی کار ەساتم و کارەساتیش کوڕی ئەم هزرە زرو نەزۆکەم)

ئەم حاڵەتە جووت جەمسەرییەش لـە سـنووری جوگرافیـای مێـژووی ئێمـەدا بۆتـە حاڵـەتێکی هەمیشـە ئامـادە و خـودی بکـەر کـە بریتـیـە لـە نەتـەوە تـاکو سـاتەوەختی ئێستا توانای لێ دەربازبوونی نەبووە.

-٦-

بکـەری شـیعرەکە ئـەلیزابیث دەخاتـە حاڵـەتی نادیـارەوەو، جـارێکی دی (پـەریزاد) دەهێنێتـەوە نێـو پرۆسـەی گفتوگۆکـردن، هـەمان شـێوەی پێشـتر وێنـەکانی (شکسـت) بەرجەستە دەکاتەوە کە سـەرجەم نـاکردەیی و نـەتوانینی خودسـەلماندنە لـە بەرامبـەر (دەرەوەدا- ئەوانی تر)دا دەنوێنێ. تا ئەو ساتەی کە دەڵێ:

(من پەیامبەری ئازادی ژێر کەوتووی تۆم و

قەڵغانی مێژووی لە دەست پەڕیو و شمشێری نوشتاوەت

من بکوژی هەموو ئەو ڕووبارانەم

کە لە سەرچاوەی خوێنی تۆوە هەڵقوڵین

بکوژی هەتاوی ڕوخسارت..)

لـێرەدا بکـەری شـیعرەکە دەبێتـە بکـەرێکی ڕووداو دروسـتکەر، بـەڵام ڕووداوی نێگـەتیف دروسـت دەکـات دەرهـەق بـە ماهیـەتی پـەریزادە کـە پێشـتر وەکـو هێمـای زیندووبوونـەوە لێی دوایـن و بـە درێـژی شـیعرەکە وەکـو (بـۆ گـێڕەوە یـان گوێگـر) دەردەکەوێت. لێرەشدا ماهیەتی پەریزادە ئاشکراتر دەبێت کە ڕۆحی زیندووبوونەوەیە

بەڵام بکەری شیعرەکە دەیەوێت ئەو ڕۆحە بکوژێت یان بکوژی ئەو ڕۆحە بووە هەر لە دێر زەمانەوە.. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرجەستە دەکات کە ئێمە وەکو خودی خۆمان نەك هەر نەمانتوانیووە (ڕابوونەوە) بکەینە پراکتیك بەڵکو لە بارێکی تردا ئەگەر بە (ئاگاوە) بووبێت یان (نائاگایی) ئەوا بە ئاڕاستە جووڵەی ئەو پراکتیك کردنە هەنگاومان نەناوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە بکەری شیعرەکە واتە نەتەوە لە پرۆسە خۆکوشتنێکی بەردەوامدا بووە.

دوای ئەوەی کە بکەری شیعرەکە تاوانی کوشتنی ڕۆحی زیندووبوونەوەو هەرەس پێهێنانی دەخاتە ئەستۆی خۆی، بە ڕەهایی ئەو مافە دەدات بە پەریزادە کە سزای شایەن بەو تاوانەی بدات و بە سزای خۆیی بگەیەنێت. دیارە پەریزادە بە گومان و دوودڵییەوە لە ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە دەڕوانێت بۆیە بکەری شیعرەکە داوای لێدەکات بڕیاری خۆی بدات و ئەمی عاشقی گوڵەگەنمی پەنجەکانی و بارانی سەوز و سوری و بەخت و لەشێتی پێویستە بێ دوودڵی بڕیاری لەنێوبردنی ئەم عاشقەی بدات، لێرەوە دەلالەتێك لە پشتی ئەم هەڵوێستەی بکەری شیعرەکەوە دەردەکەوێت کە ئەم هەڵوێستە نوێیەش دیدی خودی شاعیرە لەوەیدا کە پێمان دەڵێت تاکو ئێستە بزووتنەوەی کورد گەرچی خۆی بە عاشقی ئازادی و زیندووبوونەوە زانیووە کە پەریزادە هێمای ئەو زیندووبوونەوەیە، ئێستا بکەر گەیشتۆتە ئەو بۆچوونەی کە ئەم ڕۆحی زیندووبوونەوەی فریوداوەو ناشێت هیچ بە دەست بهێنێت بۆیە داوای لێدەکات کە ئەمی فریودەر بە سزای خۆی بگەیەنێت و چیتر ئومێدی ئەوەی پێ نەبێت کە ئەو ڕۆحە بەرزدەکاتەوە بۆ لوتکەی سەروەرێتی و خودسەلماندن و بوون.

بکەری شیعرەکە کە دوای پەیبردن بە ماهیەتی خۆیی و هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕۆحی ڕابوونەوە، داوا لە پەریزادە دەکات کە ئەم بە سزای خۆی بگەیەنێ و لەبری ئەم ئەڵتەرناتیفی نوێ بدۆزێتەوە. ئەوەتا دەڵێ:

(پەریزادەکەم دە ئیتر بۆ دوودڵی و بۆ داماوی؟

لەم شەوە شوومەدا، لەم شەوە بەدبینەدا وەختێتی ڕابە و

عاشقە بکوژەکەت، دڵدارە چەقۆکەت، بارانە ژەهراویەکەت

گوڵە دوژمنەکەت کە منم من..

بە سزای ئەبەدی خۆشەویستی بگەیەنە و

عاشقی نویٚ و مێژووی نویٚ و گوڵی نویٚ بخولقێنە!)

لێرەوە دەردەکەوێت کە بکەری شیعرەکە ڕابردووی خۆی ڕەت دەکاتەوە ئەمەش دوو لێکدانەوەی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە خودی (بکەر) کە دەبێتە نەتەوە و تاکو ساتەوەختی ئێستاش ئەنجامی کردەکانی هەرەس و شکست بووە، بۆیە بەو ئەنجامە ڕازی نیە و داوای سەرزەنشتی خۆیشی دەکات و بگرە سزاش بۆ خۆی پێشنیار دەکات، لە باری دووەمیشدا پەیوەست بە خودی شاعیر ساتیٚ لەنێو کۆڕی داهێنەرانی زەمینەی شارستانی ڕۆژئاوادا دادەنیشێت هەست بە لاوازی و نائامادەبوونی مەعنەوی خۆی دەکات ئەزموونی خۆیی پیٚ کەم بەهایە و دەخوازیٚ مادەم ئەم تەنها (شیعری ئازار داوە و لە تەنکاودا مەلەی کردووە) کەواتە شایانی ئەوەیە بە سزای (عیشقی) ئەبەدی بگەیەندرێت کە عیشق بوون دەلالەتی سپاردن بە یەقینی موتڵەق هەڵدەگرێت لە حاڵەتێکی وەهاشدا گیانی ئەزموونگەری دەمرێت، ئەمەش لە ڕوانین بۆ خودی شێرکۆ وەکو شاعیرێکی داهێنەر و تا ڕادەیەکی باشیش ئەزموونگەر حاڵەتێکی ڕەتکراوەیە، بۆیە دەخوازیٚ ڕۆحی ڕابوونەوە بکەوێتە بزاوت و ئەزموونی نویٚ، مێژووی نویٚ، گوڵی نویٚ بخولقێنێت و سنووری ئەزموونی ئێستای بەجیٚ بهێڵێت.

-٧-

لە قەسیدەی (پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی)دا شێرکۆ لە دەرگای ئەزموونی شکست دەدات، ئەزموونێك کە یەقینی ئامادە کە پێشتر خەسڵەتی جیهانبینی شیعر (ئەو) بووە تا ڕادەیەك بەجیٚ دەهێڵێت، یەقین و دڵنیابوون بەرامبەر بە خودی خۆیی و ئاستی داهێنان و مێژوو و ناسنامەی خۆیی و نەتەوایەتی هەرەس دەهێنێت و دوودڵی و گومان و پاشان تێڕامان بەرامبەر مێژوو و کەسێتی نەتەوە و کەسێتی خۆی وەکو شاعیرێکی داهێنەر جێگای دەگرێتەوە، تێڕامانیش مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی نرخاندن و هەڵسەنگاندن. هەر لەم ڕوانگەیەوە بکەری شیعرەکە تا ئەندازەیەك لە حەقیقەتی ئەو مەسەلانە تیٚدەگات کە پێشتر بە لایەوە پیرۆز بوون و شایانی ڕەخنە لێگرتن

نەبوون. ئێستا بە چاوێکی تر لێیان دەڕوانێت و لە ئەنجامیشدا سەرجەم بە کەم بەهاو نـزم و نائامـادە دەیـانبینێت و چیـتر ئـەو ڕاسـتیەش ناشـارێتەوە، بـەڵکو بانگـەوازی ئاشـکرای خـۆی بەرامبـەر بـە بچووکی و ناپـیرۆزی ئـەو بابەتانـە دەکات کـە پێشـتر بـە لایەوە پڕ بەهاو پیرۆز بوون، لەم حاڵەتەشدا شاعیر شکستەکانی خۆمانمان نیشان دەدات و دەیەوێت برینەکانمان بکولێنێتـەوە بـەو مەبەسـتەی ئـەوەی بـاوە نـەفی بکـەین و لـە دوای عەشقی نوێ و مێژووی نوێ و گوڵی نـوێ بگـەڕێین، هـەموو ئەمانـەش دەلالـەتی جۆرێك لـە ئـایندەخوازی هـەڵدەگرن کـە ئـەوەش گەوهـەری جیـهانبینی (پـەریزادە و گوڵەکـەی دوژمنـی). واتـە ڕەتکردنـەوەی ئێسـتا و واقیعـی بـاو و گـەڕان بـە دوای ئایندەیـەکی نـوێدا کـە بکـەری شـیعرەکە تیـایدا بگاتـە ئاسـتی داهێنـەرانی دنیـا و لـە حاڵـەتی (گوێگرێتـی) دەربچێت و بگاتـە ئاسـتی قسـەکەر واتـە ببێتـە بکـەرێکی ڕووداو دروستکەر.

سلێمانی